# دیاردەگەرایی تاراوگە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دیاردەگەرایی تاراوگە

**ڕێبوار سیوەیلی**



**پێشکەشە:**

*بەو مرۆڤانەی لە دۆزەخی تاراوگەیان، بەهەشتی داهێنان و*
*سەربەرزی سازدەکەن.*
*بە پەنابەرە جوانەکانی وەک خۆم.*
*بە جەبار جەمال غەریب کە نیشتیمانی پێ بەخشیمەوە.*

ناوی کتێب: دیاردەگەرایی تاراوگە
دانانی: ڕێبوار سیوەیلی
بڵاوکراوەی ئاراس - ژمارە: ١٣٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ڕێبوار سیوەیلی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + مراد حەکیم
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
تابلۆی بەرگ: یۆهانز هۆلبێک. ناوی تابلۆ «بە بەردبوون ١٨٩٤»
تیرێژ: ٨٠٠ دانە
چاپی یەکەم - دەزگای بڵاوکردنەوەی باران - ستۆکهۆڵم ١٩٩٥
چاپی دووەم - دەزگای ئاراس - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٤١)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................ 7

بەشی یەکەم – ئەزموونەکان ........................................ 17

ئەفسانەکان ........................................ 19

پۆلیس: باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی ........................................ 41

دەقی پۆلیسی ........................................ 55

ڕوخسار و سیما : وەک هۆیەکی ئاڵوگۆڕکردن ........................................ 65

خواردن: لە ئاڵوگۆڕەوە بۆ گۆشەگیری ........................................ 79

لە تاکەوە بۆ جووت ........................................ 93

بەهەشت لە ئانابێل نییە ........................................ 109

بەشی دووهەم – خوێندنەوەکان ........................................ 121

هەندێ خەتی پێچاوپێچی ڕەش و سپی ........................................ 123

«تۆ تەنیا نیت!» ........................................ 151

وەرزی گەڕانەوە ........................................ 165

یاداشت و سەرچاوەکان ........................................ 173

فەرهەنگۆکی زاراوە بەکارهێنراوەکان ........................................ 175

# پێشەکی

## ڕوونکردنەوەی چەمک و زاراوە

**کتێبی** «دیاردەگەرایی تاراوگە» هەوڵدانێکی تایبەتی و تاکەکەسییە بۆ نووسینەوەی شێوازێکی ژیان، کە دەکرێ ناوی بنێین: «سیستەمی ژیانی پەنابەران». کە دەڵێم ئەم بەرهەمە هەوڵدانێکی تایبەتییە، مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، کە دیدی ڕوانین و شیکردنەوە، دیدێکی سۆبژەکتیڤی و تایبەتە. بەدەربڕینێکی دی، زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا لەبارەیانەوە نووسراوە، ئەو بابەتانەن کە من بۆ خۆم تیایاندا ژیاوم و ئەزموونم کردوون؛ کەواتە ئەم بەرهەمە ئەوەندەی کە وەڕووخستنی کۆمەڵێ ئەزموونی شەخسییە لەبەردەم ڕای گشتیدا، (ئەویش بەهۆی فێڵی نووسینەوە) ئەوەندە بەرهەمێک نییە بۆ ئەوە نووسرابێت کە ببێتە قسەکەری ڕەسمیی گشت پەنابەران.

هەرچەندێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە «ئەزموونی تایبەتی سەرچاوەی باسەکانی ئەم بەرهەمەیە»، هێشتا ناتوانم ئەو فێڵە داپۆشم، کە لەگەڵ چاپکردن و بەکتێبکردنی بەرهەمەکەدا لە دایک دەبێت! هەموو «تایبەتییەک» کاتێ دەخرێتە ڕوو و بڵاو دەکرێتەوە و چاپ دەکرێت، ئیدی تایبەتمەندییەتی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ئەو «تایبەتییانەی» کە لە خۆی دەچن و، دەکەوێتە نێوەندێکی گفتوگۆ و دیالۆگەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو «تایبەتییانەی» دی کە هێشتا نەخراونەتە ڕوو، قسەیان لەبارەوە نەکراوە و هتد.. ئاشکرا بکات. ئەمەش بەمانای ئەوەی چ پەسەندکردن و بەشانوباڵ هەڵدانی ئەم کتێبە ( لە لایەن خوێنەرەکانیەوە) و چ ڕەتکردنەوەی و ڕەخنەلێگرتنی لە خزمەتی ئامانجی



مندان: بەقسەهێنانی بێدەنگییەکان، گفتوگۆ لەسەر نەگوتراوەکان و دواجار ئاشکراکردنی شاراوەکان.

هەروەکو گوتم چوارچێوەی بنەڕەتیی باسەکان لە ئەزموونی تایبەتییەوە ئاو دەخۆنەوە. بەڵام من نەمویستووە ئەزموونی (یەک کەس، یان یەک پەنابەر) بنووسمەوە. بەڵکو لەو مانا و نادیار و نەبینراوانە دەگەڕێم کە شێوازی ژیانی پەنابەران دەبێتە هۆی سەرهەڵدانیان. بەزمانێکی دی، دەکرێ بڵێم: ئەگەرچی ئەم کتێبە لە دوا شیکردنەوەدا وەڕووخستنی ئەزموونەکانی تاکەکەسییە، بەڵام ئەزموون و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی ئەو کەسە هەڵقەیەک دروست دەکات، کە ئەو هەڵقەیە هەرگیز ناتوانێ بە«تەنیا» و گۆشەگیرانە بەردەوام بێ. (نەمگوت بەتەنیا بوونی هەبێ، چونکە ئەگەر هەبوونێکی ئەوتۆش لە ئارادا بێت، ئەوە بێگومان بوونێکی ناچالاکە)، ئەو هەڵقەیەش کە ناتوانێ گۆشەگیرانە بەردەوام بێ، ئەوە بەشدارە لە پێکەوە گرێدانی هەڵقەکانی تری چواردەوری خۆی. ئەمەش زنجیرەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆ پێکدێنێ، کە من ناوی دەنێم «دیاردەگەرایی تاراوگە».

***

پەنابەر لە ژیانی تاراوگەیی خۆیدا ڕووبەڕووی چەندین دیاردەی جۆربەجۆر دەبێتەوە کە دواجار دیاردەکان دەبنە چوارچێوەیەک بۆ شێوازی ئەو ژیانە. لێرەوە، من پاشگری «گەرایی» کە لە زمانی فارسییەوە وەرمگرتووە و لە کوردیدا بەرامبەرێکی ئەوتۆی نییە، بەو مانایە بەکار دەبەم، واتە پەنابەر لە دەرەوەی دیاردەکان ناژی، بەڵکو دیاردەکان شێوازی ژیانی بۆ دەستنیشان دەکەن و دەیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەو ڕێگەیەشەوە دەیکەنە «دیاردەگەرا» و ملکەچی یاساکانی خۆیانی دەکەن. بەکارهێنانی چەمکی «دیاردەگەرایی» دەبێ ئەو هێزە یاخود دیاردە نامۆ دەرەکییە پێشان بدا، کە نەک بەخواستی پەنابەر خۆی، بەڵکو بەزۆر شێواز ژیانی داگیر دەکات و بەتایبەتمەندییەکانی خۆی موبتەلای دەکات. کەواتە

ئەم کتێبە باس لە (دیاردەناسی) ناکا و ناکرێ بڵێین هەوڵدانێکی دیاردەناسانەیە. کردەی «ناسین» کردەیەکە لە دەرەوەی دیاردەکان دەمانهێڵێتەوە، لە کاتێکدا من لەناو دیاردەکانەوە قسان دەکەم.

***

هیچ پەنابەرێک بەبێ پەنابەرێکی دی مانای نییە، ئەمە حوکمێکە دەشێ بۆ کەسێ کە لە تاراوگەدا نەژیابێت، هەروا بەئاسانی پەسەند نەکرێ، بەڵام ئەم حوکمە بنەمایەکی شیکاریی هەیە: پەنابەران هەریەکەیان، بەش و هەڵقەکانی ئەو زنجیرەیە پێکدێنن کە لەناو سیستەمی ژیان و هەڵسوکەوتیاندا مانا و نرخ دەدات بەناوەڕۆکی پەنابەربوونەکەیان. لێرەوە، هەر پەنابەرێک هێمایە بۆ گشت پەنابەرانی دیکە، هەروەک چۆن دەشێت هەڵقەیەکی تایبەتیش بێ لە هەڵقەکانی بازنەی «دیاردەگەرایی تاراوگە»دا.

تاراوگە چیدی وەک سەردەمەکانی ڕابردوو، بارودۆخی تاکەکەسێک نییە کە دوور لە نیشتمان و زێد و کولتووری خۆی دەژیا و بەهۆی چەمکی وەک: «شاعیری ئاوارە» و «سیاسی دوورخراوە» و «دیپلۆماتی هەڵاتوو»ەوە دەناسرایەوە. لە ژیانی هاوچەرخدا، تاراوگە دیاردەیەکە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی قووڵی خۆیەتی. ڕەهەندی دەروونی و کاراکتەری تایبەت و، دەتوانم بڵێم گوتاری تایبەت بەخۆشی هەیە. دیاردەیەکە نەک هەر سنوورە جوگرافییەکانی ژیانی پەنابەر هەڵدەگێڕێتەوە بەڵکو، گۆڕانێکی بنەماییش لە کەسێتییەکەیدا دەکات.

ئەم دیاردەیە هەروەک گشت دیاردەیەکی دیکەی دنیا، ڕێزمان و سیستەمی میتۆلۆژیانەی خۆی هەیە و خاوەنی چەندین نیشانەی تایبەت بەخۆیەتی. دیاردەیەکی نیشانەناسانەیە، بۆیە دەکرێ ئەم کتێبە بەهەوڵدانێکی نیشانەناسانە (Semiologisk) ناوبەرین و بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و کۆدی ئەو ئەفسانانە کار دەکا کە مرۆڤی پەنابەر لە ڕێگەیانەوە و بەهۆیانەوە خۆیمان پێدەناسێنێ.

بەو تێگەیشتنەی کە لە «ڕۆلان بارت»ەوە فێر بووین، ئەفسانە لەبەر



ئەوە شوێن گرنگی نییە کە «پەیامێکە لەسەر بابەتێک»، بەڵکو گرنگییەکەی لەوە دایە کە «ئەو پەیامە چۆن دەگات؟»

ئەفسانەکانی نێو ژیانی پەنابەران هەر تەنیا ئەوانە نین کە لە ڕێگەی زمانی قسەکردنەوە خۆیان دەردەبڕن، بەڵکو لە ژیانی پەنابەردا هەموو شتێ بۆی هەیە ببێتە ئەفسانە: هەر لە نیگارێکی فۆتۆگرافییەوە تا ڕازاندنەوەی نێوماڵ، جلوبەرگ پۆشین، خواردن دروستکردن، سەفەر و ژنهێنان و هتد...

ئەرکی ئەم بەرهەمە ئەوەیە لە هەندێ لەو لایەنانەی ژیانی پەنابەران بکۆڵێتەوە کە دواجار وەک «ماناو ناوەڕۆک»ی ئەفسانەکانی ژیانیان دەردەکەون، بەبێ ئەوەی سەلتەتێکی پەیوەندییان لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەیاندا هەبێت. تێگەیشتن لە مانای ئەفسانەیی ئەو شێوازە ژیانەیش تەنیا ئەو کاتە ئەنجامێکی دەبێ کە وەک سیستەمێکی سەربەخۆ تەماشای بکەین. سیستەمێک کە حەقیقەت و زمان و شێواز (Stil)ی خۆی هەیە. بەڵام کێشەی هەرە گەورە ئا لێرەدا بریتییە لەوەی، کە حەقیقەت و زمان و شێوازی نێو ئەو سیستەمە هەرگیز بەشێوەیەکی ڕەوان و ڕاستەوخۆ، دەربڕی خۆی نییە، هەرگیز مانای ئەو ڕستە و دەستەواژانەی لە سیستەمی ناوبراودا ڕەواجیان هەیە تاک ڕەهەند نین، لە بنەمادا ئەرکی زمان لە جیهانی پەنابەردا گۆڕانێکی گرنگی بەسەردا دێت، گۆڕانێک لە بەکارهێنانی «پەند» و «حیکمەت» و «قسەی نەستەق»ەوە بۆ پەنابردنە بەر «بەڵگەی لۆژیکی» و «دەستنیشان کردنی کۆنکرێتی» و هتد... بەو جۆرەیش ژیانی پەنابەر و ئەفسانەکانی ناوی دەبنە دەمامکێکی گەورەی پڕ لە نهێنی و تەمومژاوی و نادیار.

من هەوڵمداوە بەپشت بەستن بەئەزموونی خودیی و لە دیدێکی سۆبژەکتیڤانەوە هەنگاوێ بەرەو نووسینەوەی ڕووی، یاخود ڕووەکانی ژێرەوەی ئەو دەمامکە گەورەیە بنێم، ئەم کارەش تەنیا بەهۆی «خۆکردن بەبابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە» و لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی تاقە میتۆدەوە مەیسەر دەبوو.

میتۆدەکان (بەچاوپۆشین لە ئاستی زانستی و پلەی ئەپیستمۆلۆژی –

معرفی-یان) ئەو چەمکانەمان دەخەنە بەردەست کە دەکرێ بەهۆیانەوە لە دیاردە و بابەتە ئارام و ئۆقرەگرتووەکان بکۆڵینەوە و لێیان تێبگەین، لە کاتێکدا ژیانی پەنابەران و دیاردەکانی تاراوگە، وەک بابەتی ئەم کتێبە؛ بابەتێکی نائارام و ئۆقرە نەگرتووە، بابەتێکە بەردەوام لە گۆڕان و هەڵوەشاندنەوە و دروستبوونەوەی جۆربەجۆردایە. هۆی تێکەڵکردن و کارکردن بەمیتۆدێک زیاتر، جگە لەوەی دیسپلینێکی نیشانەناسانەیە (Semiologisk Disciplin) چونکە نیشانەناسی وەک میتۆدێکی زانستی ئەوەی لەبەرچاوگرتووە، کە خۆی تێکەڵ بکا و سوود وەربگرێ، بەتایبەتیش ئەو باڵەی ئەمڕۆ بە«Psykosemiotik» (نیشانەناسی و دەروونناسی) بەنێوبانگە[1]، بەڵام ئەم تێکەڵکردنە میتۆدییە لەلایەن منەوە بەو مەبەستەیش بووە، کە، هەم دیدی سۆبژەکتیڤانەی کتێبەکە خۆی دەرببڕێ و هەم بۆ ئەوەیش چەمکی «دیاردە» و «تاراوگە» وەک دوو چەمکی ئۆقرەنەگرتوو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

***

نامەوێ ئەمەش بشارمەوە کە وێڕای ئەو لایەنانەی پێشتر هێمام بۆ کردن، لە کاتی نووسینی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا، بەتایبەتی لە باسەکانی بەشی یەکەمدا، هەردەم پرسیارێکم لەخۆم دووبارە کردۆتەوە: کاتێک من وەک پەنابەر هەندێ لایەنی ژیانی کولتووری خۆرئاوا وەردەگرم و دەیانکەم بەبەشێ لە پێکهێنەرەکانی ژیانی خۆم، ئایا دەتوانم بەهۆی هەمان ئەو لایەنانەوە کە لە کولتووری ئێرە وەرمگرتوون، جارێکی دی پەیوەندی بەخۆرئاوا خۆیەوە بکەمەوە؟ ئایا ئێمە دەتوانین بەهۆی ئەو دیاردانەوە کە لە کولتووری ئەورووپیدا بەرهەم هاتوون و باون، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ هەمان کولتووردا دروست بکەین بەبێ ئەوەی وا هەست بکەین ئەو کارەی ئێمە لاساییکردنەوەیەکی ناشیانەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە نەوەی دووەم و سێهەمی پەنابەران بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەو نەوەیەی کە نە ڕیشەیەکی نا ئەورووپی هەیە و، نە بۆشی دەلوێ پەیوەندییەکی هاوسەنگ



بەو کولتوورەوە بکا. من وەڵامێکی ئەوتۆم بۆ ئەم پرسیارە نییە، بەڵام پێموایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەرەو شوێنێکمان دەبا کە جیاوازە لەو ژینگەیەی «سەلمان ڕوشدی» لە نۆڤێلێتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا (١٩٩٤)دا سەبارەت بەگوزەرانی پەنابەران خستوویەتییە ڕوو، ڕەنگە بتوانین ناوی بنێین «بارودۆخی تاراوگە لە سەردەمی پۆست- ڕوشدی»دا و، وەک سەرەتایەک بۆ باسی «توندوتیژی سیمبوولی» بەتێگەیشتنی کۆمەڵناسی بەناوبانگ «پییر بۆردیۆ»، لە جیهانی تاراوگەدا لێی بکۆڵینەوە.

***

## کەموکوڕی

شوێنی هەندێ باس لەناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا نادیارە، بۆ نموونە دەشیا دیاردەی «سەفەرکردنەوە» و «گەڕانەوەی کاتیی بۆ وڵات» لە دوو گۆشەنیگاوە تەماشا کرابا.

١- پەنابەر وەک کێ سەفەر دەکاتەوە؟ وەک هاووڵاتی یاخود وەک گەشتگەر؟

٢- خاڵی هاوبەش چییە لە نێوان پەنابەران و ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی کلاسیکدا؟

ئایا گەڕانەوەی پەنابەر بۆ زێد و نیشتمانی خۆی، چ هاوشێوەیەکی لەگەڵ سەفەری ئەو کۆمەڵناسانەدا هەیە، کە بەنیازی دۆزینەوەی هۆزە دوورەدەستەکان و خێزانە مرۆڤایەتییەکان دەکەوتنە ڕێ و، ئەم پرۆژەیەش دواجار بەجۆرێ لە «کۆلۆنیالیزمی کولتووری» کەوتەوە؟

لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ گرنگە، چونکە لێمان ئاشکرا دەکات، کە تا چ ئاستێک دەتوانین سەفەرکردنەوەی پەنابەران و گوزەراندنی «پشووی هاوینە» لە نیشتمانی خۆیانا، لەبەر تیشکی پرۆژەی کۆمەڵناسیی

کلاسیکدا هەڵسەنگێنین؟ گرنگترین خاڵی هاوبەش بەلای منەوە لە هەردوو پرۆژەکەدا بریتییە لە پرۆسەی «بە دۆکیومەنت کردن» چونکە ئەنجامی هەر یەکێ لەو گەڕانەوانە دواجار لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەدا، بۆ نموونە، وێنە، فیلم، جلوبەرگ و هتد.. کۆ دەبێتەوە، بەکورتی دەتوانین پرسیار بکەین: ئایا تاراوگە توانیویەتی لە «پەنابەر» ئەو جۆرە کۆمەڵناسانە دروست بکا کە ئێمە لە پرۆژەی کۆمەڵناسیی کلاسیکدا وەک دادوەر و پارێزەر (محامی) بەسەر کولتوورە نا ئەوروپییەکانەوە دەیانبینین؟

هەروەها لە جێگەی خۆیدا بوو بەباسێکی تایبەت- ئەگەرچی بەکورتیش بێت، لەمەڕ زانستی سیمیۆلۆژیاوە بنووسرێت، بەڵام من ئەم کارەم نەکردووە، چونکە پێم وایە ئەم کتێبە هێندەی ئەوەی بەکارهێنانی هەندێ چەمک و ئیمکانیاتی ئەوتۆیە کە نیشانەناسی دەیخاتە بەردەستمان، کتێبێک نییە لەمەڕ نیشانەناسییەوە، بۆ کەسێک بیەوێت لەمەڕ تیۆری ئەم زانستەوە زیاتر قووڵ ببێتەوە، پێشنیار دەکەم بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە زۆرانەی لەم بارەوە لەبەر دەستدان.

باسێکی دیکە کە شوێنی لێرەدا نادیارە، بریتییە لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ:

ئەو کەسەی لە پشت دێرەکانی ئەم کتێبەوە وەستاوە کێیە؟ ئایا ئەو کەسە «لێکۆڵەرەوەیە» «رۆشنبیرە» یاخود «پەنابەرێکە؟» ئایا ڕاناوی «من» دەگەڕێتەوە بۆ کێ و بیدەینە پاڵ کام یەک لەو ناوانەی ناوم بردن؟ ئایا ئەو کەسەی دەیەوێت بەهۆی وەڕووخستنی ئەزموونە «شەخسییەکانی» خۆی و دارشتنەوەیان لە ئاستێکی «بابەتیدا» شتێکمان لەمەڕ «دیاردەگەرایی تاراوگە»ەوە پێبڵێت کێیە؟ ئەگەر دیاردەکان شێوازە سەپاوەکانی ژیانی پەنابەر بن، چۆن دڵنیا بین لەوەی نووسەری ئەم کتێبە دەتوانێت لەو دیو دیاردەکانەوە بدوێ؟

ئایا ئەمەش جۆرێکی دی یاخود لایەنێکی دی ژیانی دیاردەگەرایی نییە



کە چەمکی «رۆشنبیری» کردۆتە دەمامکێک بۆ ئەوەی دیسانەوە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆیان لێ بشارێتەوە؟

بەهەر حاڵ ئەم پرسیارانە سەرجەم بەرەو پرسیاری فراوانترمان دەبەن: ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد لە تاراوگەدا: ئایا هوشیاری و بیرکردنەوەی ئەم جۆرە «رۆشنبیرە» لە جۆری کام هۆشیارییە؟ بەرنامەکانی چین؟ چۆن لە تاراوگە و شوێنی خۆی وەک پەنابەرێکی دیاردەگەرا، دەڕوانێت؟ ئایا ئەو دەتوانێت خۆی لەو بارودۆخانە بپارێزێت کە دەیکەنە دیاردەگەرا؟ ئەگەر ناتوانێت بۆ بەخۆی دەڵێ ڕۆشنبیر؟(٢).

## ناوەڕۆک

وتاری (ئەفسانەکان: ئاستی سفری ڕۆشنبیری)، هەم حوکمی نووسینەوەی سەرەتاکانی تاراوگەی لە ئەستۆیە و، هەم سەرەتایەکی گشتیشە بۆ نووسینەوەی ڕێزمانی ئەو سەرەتایە، خاڵی بنەڕەتییە بۆ وەبیرهێنانەوەی گەلێک لایەنی ژیانی پەنابەر، کە لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە ڕەسمییەکان و مشتومڕی سادەی ڕۆژانەدا لە بیر دەکرێت!

لە وتاری «پۆلیس: باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی»دا، هەوڵمداوە لە میکانیزمی ئەو وێنایە بدوێم کە وشەی «پۆلیس» لە بیرەوەری ئێمەدا دروستی دەکات، یاخود زیندووی دەکاتەوە. هەوڵی من بۆ ئەوە بووە، لەو دیو ئەو پێناسە «نەرم و نیان»ەی لە خۆرئاوا بۆ پۆلیس و کۆنترۆڵکردن دەکرێ، ئەو یاسا و ڕەفتار و پرنسیپانە بنووسمەوە کە دواجار پۆلیس دەکەنە «پۆلیس»! وتارەکە سەرەتا وتارێکی سیمیناری بوو، بۆیە وەک دەردەکەوێ لە نووسینەوەیشیدا بەچاکم زانی بەهەمان شێوە دایبڕێژمەوە. وتاری نێوبراو هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ زەینییەتی پۆلیسیدا بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بۆ کەسێک بیەوێت بەشێوەیەکی تایبەتی و کۆنکرێتی لە درێژەی ئەم باسە ئاگادار بێت. ئەوە دەکرێ پاشکۆی «دەقی پۆلیسی» یارمەتیدەر بێت.

لە وتاری «روخسار و سیما..»دا، هەوڵمداوە لە جۆری ئەو سیستەمەی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە (سیستەمی Cummiunication) بدوێم، کە (نیگا) و (تەماشاکردن) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: کاتێ ئێمە بابەتێکین بۆ «تەماشاکردن» و خۆمان دەبینە «تەماشاکەر» چی ڕوودەدات؟ ئەم باسە دەکرێت وەک سەرەتایەکیش بۆ دوان لەسەر دیاردەی «مۆدە» بخوێندرێتەوە، ئەویش لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری کوردی و لەو ئاستەدا کە مۆدە کاریگەری تایبەت دەکاتە سەر ژیانی پەنابەران.

«خواردن: لە کۆبوونەوە بۆ گۆشەگیری»، بەهەمان شێوەی باسی «ڕوخسار و سیما» نووسینەوەی جۆرێکی دیکەی سیستەمی ئاڵوگۆڕ کردنە. لە وتارێکی «ڕۆلاّن بارت»ەوە کە تێیدا چوارچێوەکانی «نیشانەناسیی خواردن» دەستنیشان دەکات دێینە سەری بۆ دەستنیشان کردنی بونیادەکانی سیستەمی خواردنی پەنابەران. خواردن بەتایبەتی «خواردنی خۆماڵی» چ ڕۆڵێک لە ژیانی تاراوگەدا دەگێڕێ؟ ئاگایی بەرامبەر بەخواردن مانای چییە؟ ئایا خواردن تەنیا بابەتێکە بۆ تێربوون، یاخود بابەتێکیشە بۆ چێژ وەرگرتن؟

وتاری «لە تاکەوە بۆ جووت» هەوڵدانێکە بۆ ئاخاوتنی سۆسیۆلۆژیانەی ژیانی جووتەکی: حەزلێکردن و خۆشەویستی. سەرەتا لە ناساندن و شیکردنەوەی هەندێ چەمکەوە دەست پێدەکات کە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەو دوو بابەتەدا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. دوای ئەوەش هەوڵمداوە لە چوارچێوەی ژیانی پەنابەردا بۆ نرخ و شوێنی ئەو چەمکانە بگەڕێم. پرسیاری سەرەکی من بریتییە لەوەی: ئەو هێزە چییە کە پەنابەر ناچار دەکا بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی تا بڕیاری ژیانی خێزانی بدات؟

باسی «بیرەوەری و لەش» گەڕانە بەدوای جۆرێ لە هێزدا کە لەش کۆنترۆڵ دەکا: ئایا بیرەوەری دواجار هێزێکی کۆنترۆڵکەر نییە لە ژێر توێخەکانی لەشدا، لە ژێر پێستماندا کە چاوەڕێی مۆسیقای خۆیەتی؟ چییە ئەو هێزەی کە بەگوێگرتن لە گۆرانییەکی خۆماڵی هەندێ جووڵەی تایبەت بەسەر لەشماندا دەسەپێنێ؟



بەشی دووەمی ئەم کتێبە لە سێ خوێندنەوە پێکهاتووە:

– سێ تابلۆی «ولیەم هاینەسن» شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی «باکوور»ی دنیا. ناوەرۆکی سەفەرنامەیەک پێکدێنن.. سەفەرێک هەم حوکمی ڕۆچوونە بەناخدا و هەم لێوردبوونەوەیەکیشە بەناو مانای کارەکانی هونەرمەنددا.

– هەندێ دەق فیلّی تایبەتیمان لێدەکەن: مرۆڤێک دەیەوێ خۆی بکوژێ، ئێمە دەمانەوێت ڕێی لێبگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵدانەکەی ئەو مرۆڤە جۆرێکە لەسەرگەرم کردنمان: ئایا ئێمە دواجار ئەو مرۆڤە ڕزگار دەکەین، یاخود چێژ لە حاڵەتەکەی وەردەگرین؟ ئەمە ناوەڕۆکی خوێندنەوەی کورتە چیرۆکێک پێکدێنێ.

لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکی زاراوە بەکارهێنراوەکانم ئامادە کردووە، هەوڵمداوە بەنموونەوە ئەو زاراوانە ڕوون بکەمەوە کە بەکارم هێناون و بۆ تێگەیشتن لە باسەکانی ئەم بەرهەمە گرنگیی تایبەتیان هەیە. پێشنیار دەکەم خوێنەر سەرەتا و لە پێش هەموو شتێکدا چاوێ بەو فەرهەنگۆکەدا بگێڕێتەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، ئەم بەرهەمە بەمانا کۆنکرێتییەکەی، بەرهەمێکی زانستیی نییە. بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ چێژوەرگرتن لەو بابەتانەی کە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا وەک بابەتی چێژبەخش تەماشایان نەکراوە. هەر لەبەر ئەوەش نەخوێندراونەتەوە و نەبوونەتە ڕووبەرێ بۆ بزواندنی سەرنجمان.

چاوەڕوانم خوێندنەوە و ڕەخنەی شێلگیرانە، ببنە هۆی پڕکردنەوەی کەموکوڕییە یەکجار زۆرەکانی ئەم کتێبە.

*ڕێبوار سیوەیلی*

*دانمارک RODOVRE ١٩٩٢/١٠/١٠*

بەشی یەکەم

# ئەزموونەکان

# ئەفسانەکان

**پەنابەر** بووێکی ئەفسانەسازە، بەڵام بووێکیشە بەئەفسانە چواردەوری گیراوە: لە باری یەکەمدا توانایەکی لە ڕادەبەدەر بەکار دەبا بۆ ئەفراندنی ئەفسانە لەسەرخۆی، لە باری دووەمیشدا وزەیەکی زۆر بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو ئەفسانانە تەرخان دەکات کە چواردەورەیان گرتووە، ئەوەش لە ژیانی پەنابەراندا چارەنووسێکە نەک هەڵبژاردن!

ساتەوەختی پەنابەربوون، ساتەوەختی بەرگریکردن لە مافێکە مرۆڤ دەیەوێت بەدەستی بهێنێ، مافێک پێویستی بەوە هەیە شەڕی مان و نەمانی لەسەر بکرێت. ئەم شەڕە بۆ زۆربەی پەنابەران لە فرۆکەخانەی پایتەختی وڵاتێکدا، لە یەکێ لە ئێستگەکانی پۆلیسەوە یان لەسەر سنووری نێوان وڵاتان، یاخود لە یەکێک لە کەمپ و ئوردووگاکانەوە دەست پێدەکا. لە یەکێک لەو شوێنانەدا کە ئیدی پەنابەر بۆی نییە بەنهێنی بەردەوامبێت لە ڕۆیشتن، دەبێ دەست بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی، ئەزموونەکانی و ئەفسانەکانی ژیانی خۆی بکا. ئەو دەکرێتە ڕاوی ئەو ڕووداوانەی هەرگیز بەو جۆرە ڕوویان نەداوە کە ڕیوایەتیان دەکا. هەمیشە دەبێ بەجۆرێ بەسەرهاتەکانی، ئەزموونەکانی سەفەر و سەربوردەی خۆی بگێڕێتەوە، کە سوودبەخش بن بۆ داهاتوویی و بواری بەردەوامبوونی بۆ برەخسێنن. چەندە لە بەردەمی پۆلیس و لێپرسراواندا ورد و بەمشوور بێت و ڕووداوەکان لە چینێکی ماجەرائامێزدا بگێڕێتەوە هێندەش داهاتوو دەکاتە ماڵی خۆی. لێرەوە، ئەو ناچارە پەنا بۆ فەنتازیا و خەیاڵی چڕ و بۆ وزەی گێژدان و تێکەوەگلانی گوێکرەکانی ببا. خەیاڵ دەبێتە هێزێ و دەسەڵاتێ بۆ پەنابەر دەگێڕێتەوە تا بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە مافی مانەوە یاخود خۆ گلدانەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکا. ئەو پەنابەرەی لە گێڕانەوەی بەسەرهات و سەربووردەی خۆیدا، لە چنینی ئەفسانەکانیدا خەیاڵی پتەو



بەکار نەهێنێ، نابێ لەوەش دڵنیابێ کە شەڕی مان و نەمان، مانەوە و دێپۆرتکردنەوە، بەندبوون و ئازاد بوون، دەباتەوە. ئەو پەنابەرەی توانای نەبێ لە خەیاڵکردنەوەدا دەسەڵاتێ بهێنێتە بەرهەم تا ڕەوایی بدا بەمانەوەکەی، ئەوە دەسەڵاتی یاسا و پەرەگرافی ئەودیو سنوورەکان هەڕەشەی لێدەکەن.

***

ئەفسانەسازیی من یەکەم خوێندنەوەم بوو بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی ڕابردووم کە بەر لە ئێستا، بەرلەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێ خاوەنیان بووم. لە خەیاڵەوە خۆت دەکەیتەوە بەڕابردوودا، ئەو ڕابردووە بەهێزی خەیاڵ تەرجەمەی لۆژیک و عەقڵ دەکەیت و ماقووڵییەتیان پێدەبەخشیت: ڕۆژ و سەردەمی بەسەرهاتەکانت، مێژووی هاتنە دەرەوەت، ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەت و تەمەن و ڕۆژی لە دایکبوونیان ژمارەی دەرگای ماڵەکەتان و ناوونیشانەکەی و ناوی شەقامەکەتان دەبێ بەدروستی بدەیت. لە هەمان کاتیشدا خەیاڵ و عەقڵ دەکەونە ڕکابەری: عەقڵت پێت دەڵێ ناوونیشانەکەتان بەڕاستی مەنووسە، ڕێگە بەخۆت نادەیت ناوی ڕاستەقینە و تایبەتمەندێتی ئەندامانی خێزانەکەت بنووسیت، ساڵی لە دایکبوونی برا و خوشکەکانت بەڕاستی نازانیت و بەخەیاڵ مێژوویەک بۆ لەدایکبوونیان دروست دەکەیت. بەهەمان شێوەیش ژمارەیەکی خەیاڵی بۆ ماڵەکەتان، ناوونیشانێکی خەیاڵی بۆ شوێنی کارکردنی باوک و برا و کەسی نزیک دروست دەکەیت.(١)

لەم گەڕانەوەیەدا قۆناغەکانی هاتنە دەرەوەت، ئێستگا و مەنزڵەکانی مانەوەت، چۆنێتی هاتنە دەرەوەت و ئەو هۆیانەی لە ڕێگەیانەوە سەفەرت کردووە دەکەونە بەر شالاوی عەقڵ و خەیاڵ، دەکەونە بەر هێزی دابەشکردن، دەستە دەستە کردن و ڕێکخستن دەبێ هەموو شتێ بکەیتە شوێنی بڕوا و بیکەیتە بەڵگە و سەنەد بۆ مانەوەت، بۆ خۆ گلدانەوەت! بۆ ئەوەی بمێنیتەوە، دەبێ پەیڕەوی لە لۆژیکی ڕیوایەت بکەیت. یاخود وەک

«تزفیتان تودوروڤ» دەڵێ دەبێ وەک شەهرەزاد درێژە بەگێڕانەوە و حیکایەتخوانی بدەیت تا شەهریار بڕیاری کوشتنت نەدا.(٢)

لەوەدا کە تۆ ڕیوایەت دەکەیت، لەوەدا کە تۆ جادووی وشە و خەیاڵ دەکەیتە کەشتیی گەڕانەوەت بۆ ڕابردوو، هەروەها لەوەدا کە دەتەوێ ڕەوایەتی بەژیانی «ئێستا»ت بدەیت، ئەوە تۆ ئەفسانەسازیت و لە ژێر هێز و دەسەڵاتی ئەفسانە دایت. بەڵام لەو ئەفسانەیەدا، لەو گەڕانەوەیە بۆ سەرەتا و لەو بەلۆژیککردنی خەیاڵە سەفەرەدا، تۆ هەرگیز یاخود زۆر بەدەگمەن ڕۆڵی قارەمانی بەخۆت ڕەوا دەبینیت. ئەفسانەکەی تۆ لەوەدا شوێنی بڕوایە کە پەیوەندی خۆت بەقارەمانەکانیەوە دەستنیشان بکەیت: واتە باسی ئەو بابەت و کەسانە بکەیت کە جێتهێشتوون، باسی ئەو مەرگەساتانەی تووشیان هاتووی، چۆن ماڵەکەتانیان سووتاند، برای گەورەیان بەباڵبەستوویی برد، کابرای هاوسێیان کوشت و کیژی ئەوبەر ماڵەکەتیان برد.. واتە لە ئەنجامی بەتراژیدیکردنی ئەو ڕابردووەی لێوەی هاتووی، دەتوانی تراژیدیای هەنووکەیی خۆت و پەیوەندی تراژیدیانەی خۆت بەڕابردووەوە دەستنیشان بکەیت. ئەم بارەش تەنیا بەهۆی هاوکاریکردنی خەیاڵ و عەقڵ دێتە بەرهەم: ئەوەی کە بەکەشتی خەیاڵ دەپەڕێتەوە، دەبێ بتوانێ لە بەندەری عەقڵدا دابەزێ و کارێ بکا کە پێشوازی لێبکرێ.. دەنا ئەفسانە دروست نابێ و چارەنووس دەبێتە دۆڕاندن. لێرەوە هەموو ئەو پەنابەرانەی ماونەتەوە و دەمێننەوە خاوەنی ئەفسانەیەکن و هەموو ئەوانەی دیپۆرت دەکرێنەوە، دەبنە قوربانی ناتەبایی نێوان خەیاڵ و عەقڵ!

لە قۆناغی دوای شەڕی نێوان خەیاڵ و عەقڵەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی پەنابەران دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا پەنابەر مرۆڤێکە شەیدای کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی. وزەیەکی ئەوتۆی تێدایە کە بێ ئارام و هەراسانە و داگیر ناکرێ. هەر زوو ناوی خۆی لە ئەنجوومەن و مەڵبەندەکاندا دەنووسێ، لە ئاهەنگی ساڵانەی جەژنی کرێکارانی جیهاندا بەشداری دەکات. بەرگری لە مافی ئافرەتان و منداڵان دەکا و دەبێتە ئەندام و



لایەنگری ئەو گرووپ و پارتانەی لە خواستەکانی ئەوەوە نزیکن. لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایی دەربڕیندا بەدەنگی بەرز درووشم و شیعر و بیرخستنەوەمان پێڕادەگەیەنێ.. خۆی پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکا و پارتی نوێ دەکا. بەکورتییەکەی ژیانی ئەو، ژیانی کۆمەڵە و ئەو دەستە و گرووپەیە کە تیایدا کار دەکا، هاوڕێکانی ئەندامان و هەوادارانی دیکەی هەمان دەستە و گرووپن، وزەیەکی زۆر بۆ هەرچی زیاتر و فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکانی تەرخان دەکا و هەموو پلان و بۆچوون و پرس و ڕاکان لە ڕوانگەی کۆمەڵی و هەرەوەزییەوە گەشە پێدەدا. بوونی لە گەڵ ئەوانیتردا و چالاکبوونی لە فلانە و فیسارە کۆڕ و کۆمەڵدا بۆی دەبێتە شێوازێک بۆ ژیان، دەبێتە جیهانبینی و دواجار بۆی دەبێتە ئەو قەڵا و ئارامگایەی کە دڵنیابوونی پێدەبەخشن. لێرەوە پەنابەر ئیحتیاتێکی زۆر دەکات: لە متبەخەکەیدا هەمیشە خواردن و پێویستی زیاتر بۆ کەسێک زەخیرە دەکا، دەفتەری ناوونیشان و تەلەفۆنەکەی تا دێ پڕ دەبێتەوە لە ناو و ناوونیشان، جلوبەرگ و شوێنی خەوتنی و ژمارەی جووتە پێڵاوەکانی لەوەی کەسێک پێویستیی پێیانە زیاتر دەبن و بەکورتی: هەردەم لە پێویستیی تاقە کەسێک، لە مەسرەفی مرۆڤێک زیاتر سەرف دەکا.

لە پەنای ئەم شێوازەدا بۆ ژیان هەندێ وێنا و بۆچوونیش لەسەر دەوروبەر و کەسانی دەرەوەی خۆی دروستدەکا.. ڕەوشی تاکڕەوی و مرۆی گۆشەگیر بەپووچ و بێ سوود دەزانێ.. ئەندام نەبوونی خەڵکان لە حیزب و گرووپەکەیدا بەخیانەتی ئەوان لە دۆزی گەل و نەتەوە لێکدەداتەوە.. ئەو هەموو ئاوات و مەبەستێکی ئەوەیە قەڵای هەرەوەزیی و پێکەوەیی بکاتە وزەیەکی میتۆلۆژی و، لێرەوە نەست دەکاتە کیسەیەکی پڕ لە خواستی پەستێوراو، ئەو خواستانەی دەیانەوێ لە ئێستا و هەنووکەدا سەوز ببن دەپەستێورێن و فەرامۆش دەکرێن. ئەمەش ئەو پرۆسەیە کە پەنابەران دەکاتە بوونەوەری پڕ مەترسی، دەیانکاتە بۆمبایەکی ئامادە بۆ تەقین!

***

هەر لەو سەردەمەدا کە پەنابەر لە کاری کۆمەڵی و هەرەوەزیدا خۆی دەتوێنێتەوە، خۆیشی دەکاتە خولامی شوێن، شوێن وەک ڕووبەرێک بۆ بوون لە کاتدا. ڕاستە ئەو سوود لە شەقامەکان وەردەگرێ بۆ خۆپیشاندانەکانی و سوود لە مەیدانەکان وەردەگرێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری نامەکانی و بەیاننامەکانی و، سوود لە شەمەندەفەر و پاسەکان وەردەگرێ تا بەشوێنە گشتییەکانی بگەیەنن یاخود بەقوتابخانەکەی، بەڵام ئەو لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ شوێنێکی تایبەت بەخۆیشی هەبێ. شوێنێ بتوانێ تیایدا خۆیی بێت، هیچ دەورێک نەبینێ و لە هیچ شانۆنامە و گۆڕەپانێکدا ڕۆڵ نەگێڕێت، شوێنێ کە بەهۆی پاسێکی تایبەتەوە، لە ڕێگایەکی تایبەتەوە پێی بگات.. شوێنێ کە تیایدا بتوانێت هەڵسوکەوت لەگەڵ توانا غەریزەییەکانی خۆیدا بکا.

***

پێویستیی کردنەوەی «چێشتخانەکان» «چایخانەکان» دوکانەکانی «بەقاڵی» و «سەوزە فرۆشی»، «قەسابخانە»، «مەڵبەندەکانی کولتوور»، «سەروپێخانە»، «سەرتاشخانەکان» و «بەرگدرووەکان» و هتد.. هەموو لەو هەستەوە پەیدا دەبن، کردنەوەی هەر چێشتخانەیەک، ئەگەر وزەیەکی ئەفسانەیی لە پشت نەبێ کە پێمان دەڵێ، بۆ نموونە باشترین خواردنی «کوردی» «تورکی» و «هیندی» دروست دەکەین، ئەوە چێشتخانەیەکی سەرکەوتوو نابێ.. ئەو سەوزە فرۆشەی پێشانی نەدا کە دەتوانێ «سەوزەی تەڕی خۆماڵی»مان بۆ ئامادە بکا. دەبێ زوو دوکانەکەی دابخا. ئەو قەسابەی لەسەر جامخانەکەی بەخەتێکی گەورە نەنووسێ، «قەسابی لەسەر دەستووری ئیسلامی» و «گۆشتی حەلال» هەرگیز ناتوانێ جادوومان لێبکا. ئەو بەقاڵەی بەبۆن و بەرامی داوودەرمانەکانی خۆرهەڵات و هیندستان، کڕیارەکانی مەست نەکا، هەرگیز دەست و پەنجەی بەتۆزی زەردەچەوە زەرد نابێ!

هەموو ئەو شوێنانە ڕێگەمان پێدەدەن کە بەردەوام بین لە



بەئەفسانەکردنی خۆمان و بەردەوامیش بین لە ئامادەکردنی ڕابردوودا. ئەم شوێنە جیاوازانە وەک لە یەکەم جاردا دەردەکەوێ دروستکردنی ناسنامەیەکی نوێ نین، یاخود یارمەتیدەر نین بۆ پاراستنی ناسنامە کۆنەکە. یارمەتیدەرن بۆ سووڕانەوەی وزەمان و فڕینی خەیاڵمان بەدەوری «بازنەی ڕۆژە خۆشەکان»ی ڕابردوودا. ناوی هەموو چێشتخانەکان، ناویشە بۆ مەڵبەندەکانی کولتوور، یاخود نیسبەتێکە بەکولتوور و ژیاری گەلێکەوە، مەڵبەندەکانی کولتوور، قەسابخانەکان، سەوزە فرۆشەکان، ئاژانسەکانی سەفەر، سەماخانەکان.. هەموویان جگە لەوەی دەتوانین خواردنی خۆماڵییان تێدا بخۆین، ئاهەنگەکانیان تێدا ساز دەین، دەستووی پیاز و کوپەی ترشیاتی خۆماڵییان لێ بکڕین، ئۆتۆمبیلەکانمان تیایدا چاک بکەینەوە.. وزەیەکیش دەدەنەوە بەو خەیاڵەی کە بەهۆیەوە ئەفسانەکانمان دەسازێنین. هەریەکێ لەو دامەزراوانە جگە لە وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ئێستامان، ئەرکی بەزیندوویی هێشتنەوەی ڕابردووشمانیان لەسەر شانە.. ئێمە دەمانەوێ شوێنەکان هی خۆمان بن و شایەت و بەڵگەنامە بن لەسەر ڕەگەزی ڕەسەنمان.. هەر بۆیەشە کاتێ بەشەقامەکانی پایتەختی وڵاتانی ئەوروپیدا دەڕۆین ئەم ناوانەمان بەرچاو دەکەون: «کەبابی تورکی» «قەسابخانەی سەندیباد» «چێشتخانەی ماردین» «کوتاڵ فرۆشی پاکستان» و هتد.. کە هەموو ئەمانە لەودیو ئاشکراکردنی جۆری کەلوپەلەکانمانەوە، ڕەگەز و نەتەوەشمان ئاشکرا دەکەن. لە خوێندنەوەی ئەو ڕستانەدا هەردەم بەشی دووەمیان شوێن گرنگی پێدانی ئێمەن، چونکە لە هەمان کاتیشدا جێبەجێکەری ئومێدە بەئاکام نەگەیشتووەکانیشمانن.

***

بەڵام چێشتخانەکان، قەسابخانەکان، سەوزەفرۆشی و بەقاڵیی و چایخانەکان هەر تەنیا شوێنێ نین بۆ خواردن و کڕین و فرۆشتن. بەڵکو ئەو پانتایی و شوێنانەشن کە ئێمە بەدیوارەکانیاندا، لەسەر گۆشە و تاقی

پەنجەرەکانیاندا، ڕەسمی ڕابەر و پێشەوا میللییەکانمان، قارەمانەکانی گەل و هونەرمەندە بەنێوبانگەکانیشمان، کاری میللی کولتوورەکەمان و دیمەنی ڕازاوەی نیشتمانەکەمانیش نومایش دەکەین..

هەر لەو شوێنانەشدا لەشمان و ڕەفتارمان ئازادی خۆیان وەردەگرن، ئەو ڕستە و دەستەواژانەی لە قسەکردندا بەکار دەهێنین کە پێویست بەوەرگێڕان و مانا لێکدانەوەیان ناکات. ناوی ئەو مەڵبەند و قارەمان و نەریتانە دەبەین کە بەلای هەموومانەوە ئەو مانایەیان هەیە کە مەبەستمانە، مانایەک لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری هاوبەشماندا بەرهەم هاتووە.. تەنیا کوردێ بۆی هەیە لە بەردەم کوردێکی دیکەدا بڵێ «داستانی مەم و زین» بەبێ ئەوەی پێویستی بەشیکردنەوەی زیاتر هەبێ تا ئەوەی کە ئەوی دی لە مەبەستی بگا. ئێرانییەک بەبێ ئەوەی مەترسی ئەوەی هەبێ ئێرانییەکەی بەرامبەری بەهەڵە لێی حاڵی ببێ، لە قسەکانیدا شیعری «سەعدی» بەکار دێنێ. پاکستانییەک لەبەردەم پاکستانییەکی دیکەدا پێویستی بەوە نییە بەڵگە بهێنێتەوە کە بۆچی خواردنی تیژ دەخوات؟ بۆچی بەدەست نان دەخوات و هتد.. لە شوێنە سەربەخۆکانماندا هەموو هەڵسوکەوتێکمان خۆبەخۆ دەچێ بەڕێوە و یاسای دێرینەی سەرجەمی ڕۆشنبیرییەکەمان ئامادەیە... بەم پێیە لە تاراوگە ناوچەکانمان، گەڕەکەکانمان، شوێنە گشتییەکان و گۆڕەپانەکانمان دروست دەکەین و ئەم شوێنانەش دەبنە ئەو پانتاییانەی کە بوار دەدەنە بۆچوون و لێکدانەوەکانمان تا لە ژیان بەردەوام بن. چێژ وەرگرتنمان و سەلیقەمان بەشێوەیەکی خۆکار (ئۆتۆماتیکی) بەردەوام بێت.. هەر لەو شوێنانەدا مومارەسەی تووڕەبوون و هەڵبەز و دابەزەکانمان دەکەین و یاخی دەبین و دەرەوەی خۆمان دەخەینە بەر باری سەرنج... لەم شوێنانەدا دەبینرێین، لەو شوێنانەدا دەبینە بابەتێک بۆ دیتن، لەو شوێنانەدا دیوارە ئەفسانەییەکان و قەڵاکانی فەنتازیا بەدەوری خۆماندا دروست دەکەین.. بەڵام لەو دیو هەموو ئەو قەڵا و دیوارانەوە، لەو دیو هەموو ئەو هێزی فەنتازیایانەوە، لەودیو هەموو پانتایی مەڵبەند و



چێشتخانە و سەرتاشخانەیەکەوە، ئەفسانەیەکی گەورەتر دەورەی داوین و بەئەفسانەکانی دی دەورەمان گیراوە!

***

هەموو ئەفسانەسازییەکی پەنابەران، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدانێکی بێ ئاکامە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە یەکدی، هەستکردن بەوەی من لەو باشترم، ئێمە لەوان ئاشتیخوازترین، لەوان پێشکەوتووترین، یاخود لەوان چەوساوەترین، ئەو هەوڵدانانەن کە پەنابەران، یان ڕاستتر بڵێم ئەم دەستەی پەنابەران کە سەر بەو میللەتەن، خۆیانی پێ لەو دەستەیەی پەنابەران جوێ دەکەنەوە کە سەر بەمیللەت و خێزانە کولتوورێکی ترن. پەنابەران وەک کۆمەڵە خەڵکێک کە لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن، دەکەونە ئەو دیوی هەموو سنوورەکانی وڵاتی داڵدەدەرەوە، لێرەوە هەر هەموویان بەیەک چاو تەماشایان دەکرێ و مافی هاوشێوەیان پێڕەوا دەبینرێ، بۆیە هەر هەوڵدانێکیان بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر هەوڵدانێکی پووچە، چونکە ئەو هەوڵدانە دواجار لە زەلکاوی ناسیونالیزمێکی کوێرانەدا، یاخود لە زەلکاوی سەرابی ڕەگەزپەرستییەوە سەردەردێنێ.

***

یەکەمین تایبەتمەندی لە پەنابەردا ئەوەیە کە بوویەکە وەک هەموو دیاردەکانی دی شوێنی پێناسەکردن، دابەشکردن و دەستە دەستە بوونە، بەڵام هەرگیز پەنابەران لەسەر ئەو بنەمایەوە پێناسە، دەستە دەستە و دابەش ناکرێن کە، بۆ نموونە: ئەم گرووپەی پەنابەران کە خەڵکی فلانە وڵاتن و سەر بەفیسارە ڕەگەزن، لەو گرووپەی دیکەیان کە لە فلانە وڵاتەوە هاتوون و سەر بەڕەگەزێکی دیکەن؛ شارستانیترن! ڕەنگە ئەو جۆرە جیاکردنەوە و پێناسەکردنانەش بکرێن، بەڵام لە ئاستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و توێژینەوەی دەروونیدا و لە چوارچێوەی زانکۆکاندا، نەک لەو ئاستە ئەفسانەییەدا کە مەبەستی منە. ئاستی ئەفسانەیی جیاکردنەوە، پێناسەکردن و خانەکردنی پەنابەران، ئەو ئاستەیە کە «عامەی

خەڵک» کاری پێدەکەن و بۆی دەگەڕێنەوە. واتە ئەو پلە ڕۆشنبیرییەی کە دەشێت ناوی بێنین، ئاستی ڕۆشنبیریی سفر، یاخود ئاستی سروشتی و ئاسایی لێکدانەوەی عامە بۆ شتەکان.

ئەم ئاستە ڕۆشنبیرییە خۆی بەوەوە خەریک ناکا، بۆ نموونە: جیاوازی لە نێوان پەنابەرێکی کورد و پەنابەرێکی تامیلدا چییە. سەرووی سوودان و خوارووی سوودان لای ئەو بەمانای ئەوە نییە خوارووی چەوساوە و ژێردەستی سەرووە.. کێشەی ئەو ئەوە نییە بۆچی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە و ئەمەش چۆن ڕوویداوە.. پرسیار لەوە دەکات، بۆچی کورد ناتوانێ لە ناو ئەو وڵاتانەدا ئارام دابنیشێ؟، ئەو خۆی بەم جیاوازی و کێشانەوە خەریک ناکا، هەروەک چۆن لایەنگیری خۆی بۆ منداڵانی فەلەستین دەردەبڕێ ئاوهاش بەرنامەی سەفەری هاوینە بۆ چوونە ئیسرائیل دادەڕێژێ و هتد..

دابەشکردن و جیاکردنەوەکانی ئەو لەسەر ئاستێکی میتۆلۆژی و لە پێناوی مەبەستێکی میتۆلۆژییدا دێنە ئەنجام. پاکییێتی و بێگەردییە سادەکانی ئەویش هەر لەمەدایە.. ڕۆشنبیریی سفر، خۆی لە خۆیدا بێگوناه و بێگەردە، چونکە هیچ مەبەستێکی ڕۆشنبیری تێدا نییە!

***

میتۆلۆژیست لێمان دەپرسێ: تۆ سوننەیت یان شیعە؟ گۆشتی بەراز دەخۆیت یان نا؟ ئەگەر وەڵامەکەت نەرێ بێت، ئەو دەپرسێ بۆچی؟ دەپرسێ شەراب، بیرە و خواردنەوەی تر دەخۆیتەوە؟ ئەگەر وەڵامی ئەرێی بدەیتەوە، ئەو پێت دەڵێ: ئەی تۆ مسوڵمان نیت؟ پرسیار دەکا: ڕاستە «ئێوە» چوار ژن دێنن؟ بەدەست نان دەخۆن؟ بەم جۆرەش ئەو هەرگیز پرسیار لە «تۆ» ناکا. «تۆ» لای ئەو نموونەی ئەوانیت و بەکارهێنانی «ئێوە» لای ئەو بەڵگەی جیانەکردنەوە و ڕەتکردنەوەی «تۆ»یە وەک بوونێکی سەربەخۆ، کاتێکیش «تۆ» بەکار دەهێنێ هەر مەبەستی «ئێوە»یە.

***



ئەو هەمیشە لە نێوان دوو پەیوەندیدا دەخولێتەوە، ئەوەی لەسەر تۆ/ ئێوە فێری بووە و دەیزانێ کە لە شێوەی پرسیارە سادەکانیدا دایدەڕێژێ، هەروەها ئامادەبوونیشی بۆ تووڕدان و وازهێنان لەو زانیاریانە و هەوڵدانی بۆ وەدەستهێنانی زنجیرە زانینێکی دی لەسەر «تۆ، ئێوە»، تا بەو هۆیەوە درێژە بەبەرهەمهێنانەوەی میتۆلۆژییەکانی بدات!

لەوەدا کە تۆ وەڵامی پرسیارەکانی دەدەیتەوە، ئەو هەست بەڕۆشنبوونەوە و ڕۆشنگەری دەکا، لە پەیوەندی لەگەڵ تۆدا، بەڵام لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دی لەگەڵ هەر پەنابەرێکی دیکەدا، ئامادەیە هەمان ئەو پرسیارانە دووبارە کاتەوە، بەو جۆرە بەردەوام دەبێت و لە پرسیارەکانی ناوەستێ، چونکە ئەو هەر لە ڕەچەڵەکەوە، بۆ یەک وەڵام ناگەڕێ و یەک وەڵام بەلای ئەوەوە تەنیا وەڵامی کەسی پرسیار لێکراوە.. ڕاستتر وایە، ئەو لە مانا ناگەڕێ بۆیەشە ناتوانێ دەست لەو پرسیارانە هەڵگرێ کە هەمیشە بەیەک وەڵامی دەگەیەنن و هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەگەڵ پەنابەراندا دەبێتە هۆی تازە بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئاستی پرسیار کردن.

***

ئاستی ڕۆشنبیریی سفر وەک خۆرە لە دەروونی کێشەی پەنابەران دەدات. لە ئاستی هەموو ئەو بەها و مانایانە دەهێنێتە خوارەوە کە پەنابەران لە دامەزراوەکانیاندا بەرهەمیان دێنن. پرسیارەکان و ئەو فەلسەفەیەی پەنابەران بەکێشە گەورەکانەوە دەبەستێتەوە، بیروڕای سیاسی- ئایدۆلۆژی و خواستە هزری و ئایدیالییەکانی تاکی پەنابەر بەلای میتۆلۆژیستەوە شوێن پرسیار نین و ئەوەی کە پەنابەر مەسەلەی گەورەی هەیە و بۆی تێدەکۆشێ، بەلای ئەوەوە سەرنج ڕاکێش نییە. بۆچی؟ چونکە هەموو مەسەلە و فیکر و ئایدیالێکی گەورە بەزمانێک دەردەبڕێن کە لە دەرەوەی زەخیرە زمانییەکەی ئەفسانەسازدان.. لێرەوە ئەگەر مەسەلەیەکی گەورەمان هەبوو (بۆ نموونە کێشەی کورد) و نەمانتوانی بەزمانی میتۆلۆژیست باسی بکەین و لە چوارچێوەی وشەکانی ئەودا بەکورتی دایبڕێژینەوە، ئەوە نابێتە

مەسەلەیەکی گەورەی سەرنج ڕاکێش لەلای ئەوی دی. هەر بۆیەشە پەنابەری کورد هەموو مەسەلەی کوردی لە دێڕێکدا کورت کردۆتەوە، کە ئەمەش نیشانەی سەرنەکەوتنە لە دوان بەزمانی ئەوی دی. ئەو دێڕەش ئەمەیە: «کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتدا: ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا».

***

بەو جۆرە پەنابەر بەرەو ئاستێکی ڕۆشنبیری ڕاپێچ دەبێت کە لە ئاستی ڕۆشنبیریی سفرەوە نزیکە. ئەو دەبێ لە جیاوازییەکانی شیعە و سوننەدا شارەزایی پەیدا بکا. باسی ئەوە بکا بۆچی گۆشتی بەراز دەخوا یان نایخوا؟ باسی خەتەنەکردنەکەی ببەستێ بەلایەنی تەندروستی و عەقڵییەوە، پاساو بۆ باوبوونی چەند ژنی بهێنێتەوە. شەڕی نێوخۆیی بەدەسیسەی دوژمنانی گەلەکەی لە قەڵەمدا و لەکەی ناشیرین لە ڕەگەزی خۆی پاک بکاتەوە. بەکورتییەکەی ئەم ئاستانەی پرسیار وا لە پەنابەران دەکەن هەردەم لە بارودۆخی بەرگریکردن و پینەکردندابن. بەرگریکردنیش لە هرووژمی پرسیارەکانی میتۆلۆژیست و ڕۆشنبیرییە سفرەکەی و تەرخانکردنی وزە بۆ بەرپەرچدانەوەیان، خۆی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی سفر! ئەمەیش گەورەترین و تێکشکێنەرترین میحنەتە لە ژیانی هەر پەنابەرێکدا.. ئەو سیاسییەی (پەنابەران زۆربەیان سیاسیکارن) نەتوانێ بەواژە و زاراوەکانی زمانی ڕۆشنبیریی سفر بدوێت، ئایدۆلۆژیاکەی باس بکات و هتد.. ناشتوانێت لەسەر ئاستی ئایدیاڵ و بیروڕاکانی لەگەڵ میتۆلۆژیستدا ئاڵوگۆڕ دروست بکات. ئەو کەسە لە دۆخی بێزمانیدا دەژی.

ڕۆشنبیریی سفر هێزێکە میتۆلۆژیستەکان بۆ بەسفرکردنی هەموو ئەو چاوەڕوانییانە بەکاری دێنن کە دەشێت پەنابەران لە خۆیان هەیانبن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاستێکی ئاخاوتنە و شێوازێکە بۆ ئاڵوگۆڕ کردن، واتە ئاستی سفری ئاخاوتن و ئاڵوگۆڕی، هەوڵدانێکە بۆ سەرەتاکانی پەیوەندی کردنی ئەویدی بەتۆوە و فرسەتێکە لەبەردەم تۆدا تا لەگەڵ ئەو تێکەڵییەک



دروست بکەیت. هەم ترس و دوودڵی و ڕاڕایی ئەفسانەساز لەناو دەچێ و هەم زمانی ئەفسانە بۆ سازکراویش دەپژێنێ. لە ژیانی پەنابەردا، زۆربەی پێکەوەبوونەکان، دۆستی و خۆشەویستییەکان بەهۆی ئاستی سفری ئاخاوتنەوە دێنە ئەنجام. ئەو پەنابەرەی نەتوانێ لە ئاستی سفری ڕۆشنبیریدا بدوێ ناشتوانێ لە ئاستی سفری ڕۆشنبیری بگات.

***

ئاستی سفری ئاخاوتن، لە باسی ئاووهەواوە سەرهەڵدەدات، «چەندە هەتاوێکی خۆشە.. نا؟» یاخود «لەمێژە باران نەباریوە..» و هەر لە ئاووهەواشدا کۆتایی پێدێت! ئەو کاتەی میتۆلۆژیست پێمان دەڵێ: «هەتاوێکی خۆشە» پێویستە ئێمە ڕستەکەی ئەو بقۆزینەوە و درێژەی پێ بدەین، دەنا ئاستی سفری ئاخاوتن لەبار دەچێت. ئەگەر لە ئێستگای پاسێکدا وەستاوین و میتۆلۆژیست دەیەوێ لە گەڵماندا چەند وشەیەک بگۆڕێتەوە، ئەمە بەمانای ئەوە نییە ئیتر بۆمان هەیە هەموو شتێ بڵێین.. هەموو شت وتن، یاخود دەرچوون لە چوارچێوەی ئەو ئاستی ئاخاوتنەی ڕۆشنبیریی سفر لە وێستگەی پاسێکدا، یان لە ڕاڕەوێکی چاوەڕێکردندا، یاخود لە هەر شوێنێکی تری گشتیدا پێشنیاری دەکا، دەبێتە هۆی سەلماندن و دوورخستنەوەی میتۆلۆژیست. میتۆلۆژیست لە مەرگ نادوێ، لە نوشستی نادوێ و هەردەم وای پێشان دەدا کە دڵخۆش و تەبا و تەندروستە. حەز دەکا باسی ڕەنگەکان بکا، باسی خواردنەکان، پۆشاکەکان، فوتبوولْ و مەلەکردن و بەرنامەکانی سەرگەرمکردنی تەلەفزیۆن و، سەرچاوەی سەرەکی زانینەکانیشی گۆڤار و ڕۆژنامە ڕەنگاوڕەنگەکان و کاناڵەکانی تەلەفزیۆنن، خۆی بەهاوڕێی گیانداران و باڵندان دەزانێ و بەردەوامیش باسی پاراستنی ژینگە سروشتییەکان دەکا. یەکەم هاوەڵی پۆلیسە و ئامادەیە هەموو نهێنییەکانی بۆ پۆلیس باس بکا، هەرگیز لە ترافیکی سوور ناپەڕێتەوە. توانایەکی سەرسوورهێنەریشی هەیە لە بەسێکسیکردنی ژیاندا.

***

بۆیە میتۆلۆژیستێ کە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی سفرەوە دەدوێ، بڕوای بەجیاکردنەوەی ئەم دەستەیەی پەنابەران لەو دەستەیەی تریان نییە، پەنابەری خوێندەوار و نەخوێندەوار، شاریی و لادێیی، مۆدێرن و تەقلیدیی بەلای ئەوەوە مانای نییە. ئەو لای وایە ئەوانی تر هەموو لە جەنگی برسێتی و قەیرانی کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە پەنایان بۆ کۆمەڵگاکەی ئەم هێناوە. هەموویان بەسەر لاشەی کۆمەڵی ئەمەوە دەژین، هەموویان پیاوسالارن یاخود جیهانگەرا و فەندمەنتالیست!

ئەگەرچی بەئاسانی گوێ لە دەردەدڵی و ڕازی پەنابەران لەبارەی وڵاتی خۆیانەوە دەگرێ و گوێ بۆ ئەوە شل دەکا ئاخۆ گرووپە جیاوازەکانی پەنابەران چۆن لەبارەی یەکەوە دئاخڤن، بەڵام هەرگیز خۆی تێکەڵاوی ئەم باسانە ناکا و نایەوێ ببێتە بەشێک لە پێکهاتەیان، وەک دەروونناسێکی پشت تەختی نووستن گوێدەگرێ، بێدەنگ دەبێ و جاروباریش بەهۆی ڕستە و دەربڕینی سۆزاوییەوە بابەتەکان دەگۆڕێ.

***

هۆی ئەوەی کە میتۆلۆژیست پەنابەران وەک گشت و سەرجەمێک دەبینێ ئەوەیە، کە ئەو پەیڕەوی لە سیستەمێکی بیرکردنەوە دەکا، کە پێی دەگوترێ بەگشتیکردن. واتە دیتنی ئەو بۆ پەنابەران دیتنێکە دابەش نابێ بەسەر زۆرلێکراو و زۆر لێکەریاندا. بەسەر ئایینزا و باوەڕیاندا بەسەر ئاژاوەگێڕ و ئاشتیخوازیاندا، بەسەر دز و دەستپاک و یاسا پارێز و یاسا تێکدەریاندا. ئەو پەنابەرەی لە یاسا لابدا، لەبری هەموو پەنابەران لە یاسا لایداوە. ئەوەی دزی بکا، ژنەکەی خۆی بکوژێ یاخود بەسەر کارمەندێکدا هەڵچێ و تووڕە ببێ (زۆربەی پەنابەران بەمافی خۆیان دەزانن بەسەر کارمەنداندا هەڵچن، یاخود لە بەرپرسە کۆمەڵایەتییەکەیان تووڕە بن) لە جیاتی هەموو پەنابەران و بەناوی ئەوانەوە هەستاوە بەئەنجامدانی ئەو شاکارانە.

بەڵام ئەم تەماشاکردنەی «کۆ»یە لە «بەش»دا ئەو بەگشتگیرکردنەی



کاری تاکەکەسییە لایەنێکی پۆزەتیڤیشی هەیە. بۆ نموونە پەنابەران بەگیانی یارمەتیدان بەناوبانگن. ئەگەرچی ئەمە لە زۆر شوێن و بارودۆخدا لە درۆیەک زیاتر نییە. بەڵام چونکە بۆچوونی میتۆلۆژیست بنەمایەکی بەگشتگیرکردنی هەیە، ئەوە هەموو پەنابەران دەگرێتەوە. پەنابەر بەوە بەنێوبانگە لە ژووری منداڵبووندا بەدیار هاوسەرەکەیەوە نامێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هات و پەنابەرێک مایەوە، ئەوە بێگومان زەبینی میتۆلۆژیستی شێواندووە! چونکە پەنابەر کارێک دەکا و ڕەفتارێکی لێدەوەشێتەوە کە بۆچوونەکانی (ئەو) لەسەرخۆی قلپ دەکاتەوە.

بەم جۆرە ڕۆشنبیریی سفر هەڵدەستێ بەبەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئەفسانەکانی و لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی سفرەوە بۆ وەڵامەکانی دەگەڕێ تا بتوانێ کاریان لەسەر بکا، تازەیان بکاتەوە، تووڕیان هەڵدا و سەرلەنوێ بەدەستییان بهێنێتەوە و هتد..

***

بەڵام ڕۆشنبیریی سفر لە چییەوە بەرهەمهاتووە؟ کوڕی کام ڕۆژگارە و دیاردەی چ سەردەمێکە؟ ئایا بوویەکی ساغە یان نەخۆش؟ چالاکە یان خەسیو؟

بەکورتییەکەی ڕۆشنبیریی سفر، ئاستی پەراوێزی ڕۆشنبیرییە. واتە ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە دەکەوێتە ئەودیوی عەقڵەوە، قوربانیی کۆشکی عەقڵانیەتە و ئەو توانایەیە کە لەبەردەم تەماحی عەقڵدا خەسێنراوە، وزەیەکی چەپاوە.. هەموو ئەو پەراوێزانەیە کە کولتووری سەرمایە و بازاڕ بەپاسیڤی ڕایگرتوون. عەقڵێکە نارەسمییە و هیچ دامەزراوێکی بڕیاردەری سەربەخۆی نییە! هیچ ئابوورییەکی نییە بۆ دروستکردنی دامەزراوە و ناوەندەکانی خۆی.

ئەم ئاستەی ڕۆشنبیریی زمانحاڵی ئەو دەستە و گرووپانەی کۆمەڵە، کە ئیمکانیەتی خوێندنی بەرز و پسپۆڕیاتییان نییە، زۆرترین ڕێژەی باجیان

لەسەر دانراوە. لە بڕیارە گرنگەکانی یاسادا هیچ نوێنەرێکیان نییە، لە ناوچە دواکەوتووە چڕەکاندا نیشتەجێ بوون و بەرزترین ژمارەی بێکاری لە ناو ئەماندان. دەبێ بۆ چارەسەرکردن ناوی خۆیان لە لیستی دوورودرێژی نەخۆشخانەکاندا بنووسن. سۆسیۆلۆژەکان بەگرووپی پێنجەمیان ناو دەبەن. تەلەفزیۆن ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بەزەبروزەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئەو گرووپەوە ئامادە دەکا. سایکۆلۆژیست پێمان دەڵێ، گرووپی پێنجەم زەمینەی سەرهەڵدانی زۆر نەخۆشی دەروونییە و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیدا لاوازترین دەستەی کۆمەڵایەتییە، بڕوای وایە لە پەیوەندی خێزانی و پەروەردەکردندا یاسای تۆتالیتاری و زەبروزەنگ پیادە دەکا و، ئەمەش وا دەکا نەوەکانی ئەم گرووپە لە قوتابخانە و ژیانی کارکردندا خۆیان پێنەچێت بەڕێوە. وزەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە بەرەو بزوان و بیناکردن پاڵی پێوە بنێ.. مامۆستا پێمان دەڵێ، منداڵانی سەر بەگرووپی پێنجەم وەک منداڵی سەر بەگرووپەکانی یەک و دوو و سێ گوێڕایەڵ نین، ئەرکەکانی بەنیوەچڵی بەجێدێڵێ و لە زۆر بارودۆخدا یاساکانی دام و دەزگاکان لە بەرچاو ناگرێ، تا قۆناغێکی خوێندن دەخوێنێ و ئیتر دەکشێتەوە. لە ڕووی زەینییەوە ئامادە نییە ئامێرە پێشکەوتووەکان (کۆمپیوتەر) بەکار بێنێ و ئەمەش هەستی خۆ بەکەم زانینی تێدا پتەوتر دەکا. پسپۆڕەکانی بازاڕی کار و خانووبەرە پێمان دەڵێن: پلەی خوێندن و ئاسۆی زەیینی ئەم گرووپە لەگەڵ ئاستی بەرهەمدا ناگونجێ، دەرامەتەکەی لەگەڵ ستانداردی کرێی خانووەکانماندا ڕێک ناکەوێت. پۆلیس ڕای وایە زۆربەی خراپەکاران، ئانارشیستەکان و سەرپێچیکەران لەم گرووپەوە سەرهەڵدەدەن، پزیشک دەڵێ: ڕاپۆرت و شیکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم گرووپە لە هەموو دەستە کۆمەڵایەتییەکانی دی زیاتر پەنا بۆ دەرمان و حەبی هێوربوونەوە دەبا. نەخۆشی «ئایدز» و «دەماغ» بەزۆری ئەم دەستەیە دەگرنەوە. منداڵ لەباربردن و منداڵی نووقسان بەزۆری لێرە لەدایک دەبن.. ئیدی بەم جۆرە



هەر یەک لە بەندئازارەکان، مامۆستاکان، ڕۆژنامەنووسەکان ئەم دەستە کۆمەڵایەتییە بەنموونەی لاوازی گرووپی کۆمەڵ باس دەکەن..

***

بەکورتییەکەی ئەم گرووپە ئەو مرۆڤانە نین کە تەکنەلۆژیایان هێناوەتە بەرهەم، ئەوانەن کە لە سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیاوە بواری بەرهەمهێنانیان سنووردار کراوە. ئەو زمانەشیان لێسەندراوەتەوە کە دەشیا غوربەت و نامۆبوونەکانیان پێنووسابا وە. ئەمە گرووپێکە تەنیا دئاخڤێ و هێشتا بەقۆناغی نووسین نەگەیشتووە. نووسین چییە؟ ئەگەر جۆرێ لە نەرگزیەتی نووسەر نەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شوێن دەستێ جێبهێڵێ؟ ساتەوەختی ئێستا پێویستی بەئاخاوتنە و ئاخاوتن ئەو هۆکارەیە کە بنەمای ئاڵوگۆڕ پێکدێنێ.

ئەم گرووپە هێشتا لەو ئاستەی نەرگزیەتەیا نییە کە هەڵپەی داهاتوویەکی دوور بکا، ئەو بەڕۆشنبیرییە سفرەکەی خۆی دەیەوێ ئاستێکی ئاخاوتن بۆ ئێستای دابین بکا و هەموو خواستەکانی ئایندەشی لە ژێر زەبری چەپاندنا ڕەوانەی تاریکییەکانی نەست دەکا.

***

من وەک پەنابەرێ، کە پەنابەرییەکەم تاکە ڕێگایەکە، یان ئیمکانیەتێکە بۆ ئەوەی بوونی خۆم لە ئێستای کۆمەڵی ئینسانیدا بسەلمێنم، هەردەم ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم: من ئێستا لەگەڵ کێ دەتوانم بدوێم؟ یاخود ڕووی واقیعیتری ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بڵێین کێ لە ئێستادا ویستی ئاخاوتنی لەگەڵ مندا هەیە؟ دیارە وەڵامەکە وەڵامێکی سادەیە: ڕۆشنبیریی سفر.

ئاخاوتنی من لەگەڵ ڕۆشنبیریی سفردا، تەنیا ڕێگایەکە بۆ ئەوەی من لە ئاخاوتن بەردەوام بم و، ڕۆشنبیری سفر تاقە گرووپێکە لە گەڵمدا دئاخڤێ.. ئەمە چوارچێوەیەکی گشتییە لە ژیانی پەنابەردا، واتە

بەرامبەری پەنابەران هەموو ئەوانەن کە خۆیان لە وڵات و کولتووری خۆیاندا مەوقیعی پەنابەرییان هەیە، یاخود بەرامبەریان نییە، ئەوی دی پەنابەران هەموو ئەوانەن کە پێشتر لە دەرەوەی هەموو ئەو ئاستە شیکاریانەن کە دەشێت کولتووری خۆرئاوایان لەسەرەوە پێناسە بکەین. بەزمانێکی دی: هەموو ئەوانەی دەبنە دۆستمان و دەبنە هاودەردمان، دواجار خۆیان بێ دۆست و بێ هاودەمن و لە کۆمەڵگای خۆیان تۆراون. بەم پێیەش خۆدیتنەوەی ئێمە لەبەردەم ئەفسانەکانی ڕۆشنبیریی سفردا، خۆدیتنەوە نییە لە بەردەم ڕوانینی خۆرئاوا بۆ ئێمە، خۆ دیتنەوەیە لەبەردەم هەموو ئەو توانایانەی کە کولتووری سەرمایە و بازاڕی خۆرئاوا دەریهاویشتوون، خەساندوونی و لە شوێنێ لە شوێنەکانی کۆمەڵدا پەراوێزانە نیشتەجێی کردوون. بۆیە من لەناو سەرجەمی خەڵک و ڕۆشنبیری ئەم وڵاتەدا نیم، بەڵکو لەناو ڕۆشنبیریی ئەو دەستە و گرووپانەدام کە لەم وڵاتەدا وەک من هیچ بڕیارێک لە دەستیاندا نییە، لێرەوە ئاستی ژیانی من و بۆچوونم بۆ دنیا بۆچوونێکە ئاستێکی چالاکیی تایبەت و سنوورداری هەیە.

***

ئەم ئاستەی ژیان و ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییە، بۆچوون و جیهانبینی و وێناکانی من دادەڕێژێ، ئیدی نەک هەر هەوڵدەدەم وزەی خۆم بۆ پەرچدانەوەی ئەفسانەکانی ئەوی دی تەرخان بکەم، بەڵکو بەتێپەڕبوونی کاتیش بەشێکی زۆر لەو ئەفسانانە دەبنە جێگەی شانازیم! ئیدی بەترسەوە لە جیاوازییەکانم نادوێم و هەوڵی کوشتنیان نادەم تا بەو هۆیەوە خۆشەویستی بەرامبەرەکەم بۆ خۆم بەدەست بهێنم، بەڵکو جیاوازییەکانم ئاشکراتر دەکەم. ئیدی نەک هەر گۆشتی بەراز و خواردنەوە تەرک دەکەم، بەڵکو بەجیدی هەوڵدەدەم بەرامبەرەکەشم بخەمە سەر ڕێگای خۆم. لێرەوە جارێکی دی پەنا دەبەمەوە بەر ئایین، بەر نەریت و ترادیسیۆنە دێرینەکانی کولتووری خۆماڵیم. دەبمە پێشمەرگەیەک و دەمەوێ لێرە لەناو



دامەزراوەکانمدا، بوونی خۆم بسەلمێنم، لە نەریتەوە هەموو بەڵگەیەک دەهێنمەوە بۆ ئەوەی لە ئێستادا، لە هەنووکەی خۆم هەڵبێم و چاو لەوە بپۆشم کە لە کولتوورێکی کراوەدا دەژیم و کۆمەڵێ ئیمکانیەتی تازەم لەبەردەستان بۆ گەشەکردن.. هەموو بۆلوانێک ڕەت دەکەمەوە کە دەمگەیەنن بەئاستێکی دیکەی ژیان و لە کولتوور و نەریتی خۆم قەڵایەک دروست دەکەم، لە ژیانی خێزانیمدا، ڕۆڵی باوکایەتی خۆم چەند قات زیندوو دەکەمەوە، دەست دەخەمە کاروباری منداڵەکانمەوە و ناچاریان دەکەم لەسەر نەخشەکانی من بڕۆن. گوێ بەوە نادەم ئەوان بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەیان لە دەرەوەی ماڵ، واتە لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر و لە ژێر هەلومەرجی دیکەدا ژیان بەسەر دەبەن و بەو پێیەش ئەرکی دیکەیان دەچێتە سەرشان. بەڵکو دەمەوێ ملکەچیان بکەم وەک خۆم لە هەموو ئەو بوارانە دوورەپارێزیان بکەم کە بەهەنووکەی ژیانی خۆیانیان دەبەستنەوە. وەک مێردێ کۆنترۆڵی هاوسەرەکەم و خواستەکانی دەکەم. پەیوەندییەکانی و چالاکییەکانی دەستنیشان دەکەم. ڕێگای چاکی بۆ دەستنیشان دەکەم و لە خراپەی دەپارێزم و هتد..! ئەگەر کەسێکیش لەم بارەیەوە دەگەڵمدا بدوێ و بیەوێت بەدیواری قەڵاکەمدا هەڵگەڕێ دەمکوتی دەکەم! دەمکوتی دەکەم بەوەی کە ئێمە ئەوەین و ئەوە بووین و داب و دەستووری ڕەسەنی ئێمە ئاوایە و کولتووری ئێمەش ئاوا.. ڕەوشتی باووباپیرانمان و ئایینمان ئەوەیان بۆ دەستنیشان کردووین و ئەو ڕێگایەیان بۆ داناوین کە نابێت لێی لابدەین..

لێرەوە تەماشا دەکەین ژمارەیەکی زۆر نەریتخواز و سوونەتپەرست، نەریتیست و مسوڵمان سیفەتمان بۆ دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ نەریت و عەقیدەیەکمان بەرهەمهێنابێت، لێرەوە تەماشا دەکەیت ژمارەیەکی زۆر خێزان پێکەوە دەنێین بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی خێزانی تیایاندا بەرهەم بێت، جارێکی دی ئێمە نەریتەکان و حیکمەتە دێرینەکان بەئارەزووی خۆمان تەفسیر دەکەینەوە و مانای دیکەیان بۆ دروست دەکەین. ئایین دەکەینە ئەو پشتیوانە گەورەیەی سنوورەکانمان

لەگەڵ ئەوی دی بۆ جیا دەکاتەوە. دەستووره میللییەکانمان دەکەینە ئەو قەڵایەی لە هەموو دەوروبەرێ دابڕمان دەکات. لێرەوە بۆ نموونە کوردبوونەکەمان دەبێتە کوردبوونێکی ساختە. بڕوادارییەکەمان دەبێتە بڕوادارییەکی دەمامک لەسەر و نەریتگەریشمان دەبێتە ئەو هێزەی تێکەڵبوونمان لەگەڵ جیهاندا بنەبڕ دەکات. ئەنجامی هەموو ئەمانەش، واتە ئەوەی کە ئێمە بەسەلیقەی تایبەتی خۆمان نەریت و سوونەت تەفسیر دەکەین و مانای بۆ دادەتاشین، لەوەدا خۆی بەدیار دەخا، کە ئێمە لێرەوە لە خەڵکی ناوەوەی نیشتمانی خۆمان دواکەوتووترین، نەریتخوازترین، لە ئاست بێگانەدا وشکترین و لە ڕووی ئاییینیشەوە سەختگیرتر.

***

بەڵام لەم حاڵەتە تەنگ و چەڵەماویەدا چی دەکەین؟ چۆن خۆمان لەم زۆنگاوە ڕزگار دەکەین و ویژدانمان ڕازی دەکەین؟

شتێکی ئاشکرایە، کاتێ مرۆڤ توانای زەیینی هێندەبێت کە بتوانێ مانای نوێ بۆ نەریت و کولتوور و ئاییینی خۆی دابتاشێ. دەبێ هەمان ئەو توانا زەینییە ژوورێکی تایبەتیشی تەرخانکردبێ کە بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانمان لێوەرگرین.

**چی دەکەین؟**

دێینەوە ماڵە زەینییەکەمان و هەموو خاسیەت و شتە ناحەزەکان دەکەین بەبەری ئەویدیکەدا و بەو جۆرەیش پاکبوونەوە بۆخۆمان وەدەست دێنین و دەکەوینە ئەفسانەسازی لە خۆمان! لە ئاستی ڕۆشنبیرییە سفرەکەی خۆمانەوە سەرنجی ئەفسانەئامێزمان ئاراستەی ئەویتر دەکەین و ڕەخنەی تاکڕەهەندانەمانی لێدەگرین.. بەشێکی زۆری کاتمان، گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتردا بەڕەخنەگرتن و باسکردنی ئەویترەوە بەسەر دەبەین.

بە هەر حاڵ بەو جۆرە ئاستی ڕۆشنبیری سفر بەردەوام دەبێت و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. ئیدی ئاستی ئاخاوتنی ئێمەیش لەگەڵ ئەویتردا، ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێ بەرهەم بێنێ. ساڵانێکی زۆر لە نێوەندی ئەم ئاستە



ڕۆشنبیرییەدا گیر دەخۆین بەبێ ئەوەی دیدێکمان بەرهەم هێنابێ! بەبێ ئەوەی بووبینەتە هۆی بەرهەمهێنانی دیدێک لەسەر خۆمان، لێرەوە پەراوێزبوونی ئێمە سەرهەڵدەدا. فرێدەدرێینە ئەودیو هەموو چالاکییەکانی ژیانی هاوچەرخ و، ئەمەش چارەنووسێکە، چارەنووسێک هەر تەنیا ئەویتر بەسەرماندا نەیسەپاندووە، بەڵکو خۆشمان لەبەرهەمهێنانیدا ڕۆڵی سەرەکیمان گێڕاوە.

***

کەواتە بوونی من وەک پەنابەرێک بوونێ نییە لە نێوەندی ژیاری هاوچەرخدا، بوونێک نییە لەبەردەم پرسیارە گەورەکانی ئەقڵ و لێکدانەوەکاندا.. بوونێک نییە بتوانێت جیهانبینی و بیری چالاک بەرهەم بهێنێ. بوونێک نییە لەناو بوارەکانی ڕۆژانەدا، لەناو یاساکاندا و لە ناو مینبەرەکانی دەنگدان و ڕا دەربڕیندا.. بوونێکە لە دەرەوەی هەنووکە و هەموو ئەو توانا و دەزگایانەی کە دەشێت بواری بەشداریکردنمان لە گفتوگۆکاندا بۆ بڕەخسێنن. من بوونێکی پەراوێزیی دەژیم: لەبری ئەوەی لێرەوە بەشداری لە پرۆژەکاندا بکەم، خۆم بۆ داهاتووم هەڵدەگرم. لە جیاتی ئەوەی لە ئەنجامی گفتوگۆ و دیالۆگەوە بەهاکانم، کولتوورەکەم و جیهانبینیم لەبەردەم هروژمی ئەویتردا بپارێزم، دێم خۆم لە گفتوگۆکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەکان و لە بەشداریکردنەکان دەدزمەوە و قەڵا تایبەتییەکەی خۆم کە تەنیا لە زەینی مندا حەقیقەتی هەیە، دەکەمە ئەو پەناگایەی لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەمپارێزێ؛ دامەزراوەکانم دەکەمە ئەو پەنایەی هەمیشە لە بوردی دیدی ئەویتر ڕزگارم دەکەن..

***

«پەنابەربوون» هۆشیاری منە بەرانبەر بەشوێنی ئێستام لە خێزانی مرۆڤایەتیدا. هۆشیارییەک تەنیا بەهۆی بەشداریکردنەوە، بەهۆی کرانەوەیی و لێبووردنەوە دروست دەبێ. ئەزموونی ئەم سەردەمەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە و ئەوان، یاخود جیهانبینی خۆرهەڵات و خۆرئاوا

کە (پەنابەران نوێنەرایەتی ئەوەی یەکەمیان دەکەن، ئاکامێکی ئەوتۆی نەداوە بەدەستەوە کە بشێت ئاسۆکانی داهاتووی تێدا بخوێنینەوە.. ڕاستە ئێمە زۆر جار دەبینە قوربانی ڕەفتاری بزووتنەوە ئایینییەکانی لای خۆمان (ئەوەی لە میسر، جەزائیر و شوێنەکانی دی ڕوو دەدەن) و نموونەی ئەم جۆرە فەندەمەنتالیستەش لە خۆرئاوا لە بەرگی نازییەتی نوێ، بزووتنەوەی ڕاسیزم و دروشمەکانیاندا دەردەکەوێ.. یاخود شەڕێکی وەک ئەوەی یۆگسلاڤیا کێشە دێرینەکەی نێوان مەسیحییەت و ئیسلام زیندوو دەکاتەوە و مەودای تۆڵەسەندنەوە فراوانتر دەکات، بەڵام بوونی من لە هەمان کاتیشدا هەڵوێستی منە بەرامبەر دەوڵەتەکانی مافیا، کوشتن و بڕینە ئۆرگانیزەکراوەکان، زەبروزەنگ و هەموو هەڕەشەکانی دی، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت، واتە لەبەر ئەوەی چیدی ئێمە وەک پەنابەر مرۆڤێ نین سەر بەهەرێم و زۆنێکی تایبەت، بەڵکو لە ناوەندی زۆنە گەردوونییەکانداین، بوونی ئێمە سەختترین و پڕ ئەرکترین بوونی هاوچەرخ بێت. بوونێ لەو دیو ئەفسانەکانەوە، لەو دیو ڕۆشنبیریی سفرەوە دەست پێدەکات..

# پۆلیس:
## باوکێکی ناحەز لەسەر شەقامی ئازادی

**دەبێ** جیاوازیی لەنێوان سێ جۆر وێنادا بکەین: هەر مرۆڤێ لە نێوەندی کولتووری خۆیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو وێنایانەی ئەو کولتووره بەرهەمیان دێنێ. هەر وێنایەک لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی– کۆمەڵایەتی دیکە بونیادەکانی خۆی دەگۆڕێ و مانا و ناوەڕۆکی دیکەیان بەبەردا دەکات. هەر کەسێکیش بەپێی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی، وێنای خۆی لەسەر دیاردە و شتەکان دادەڕێژێ و مەرج نییە وێنای دوو کەسێتی کە لە یەک کولتوورەوە هاتبن بۆ یەک دیاردە چوون یەک بێت.

***

«پۆلیس» ناوێکە گرتن و لێپرسینەوەمان دەخاتەوە بیر. وشەیەکی خاو نییە تا بتوانین مامەڵەیەکی نەرمی لەگەڵدا بکەین، لەو کۆمەڵگایانەشدا کە ئایدۆلۆژیای باوکسالاری باوبێت، وشەی پۆلیس بەناچاری دەلالەت لە «نێر» دەکا. واتە بەلای ئێمەوە کە پەروەردەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەین، پۆلیسی «مێ» پۆلیسی «ڕاستەقینە» نییە! هەر لەبەر ئەوەیش کە نێر نییە، یاخود ئێمە لە زەینی خۆماندا وێنای پۆلیس تەنیا بەنێریەتییەوە دەبەستین. ئەگەرچی ئەم یاسایە بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانی ئەورووپاش هەر ڕاستە، بەڵام ئەو پێناسە ڕەسمییەی لەم وڵاتانەدا بۆ پۆلیس دەکرێ ڕێگەمان پێنادات بڵێین وشەکە یادهێنەرەوەی گرتن و لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردنە. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی پۆلیس ئەو دەورانە ناگێڕێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی پۆلیسەکانی ئەورووپا ئافرەتن (دیارە لێرەدا من بەزۆری بیر لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤی دەکەمەوە).

بە هەر حاڵ هێشتا ئێمە ژمارەیەکی زۆر کێشەمان لەگەڵ پۆلیسدا هەیە



و ئەمەش لە پۆلیسەکان خۆیشیان شاراوە نییە. چی لەو پۆلیسانە نهێنی بێت، ئێمە نەتوانیومانە لە پێناسە باوکسالاریەکەی خۆمان بۆ پۆلیس دەستبەرداربین، نە کەوتوویشینەتە ژێر کاریگەریی ئەو پێناسە نەرمە ڕۆمانسیەی کە لەم وڵاتانەدا بۆ پۆلیس دەکرێ و، نە ژمارە زۆری پۆلیسی «مێ» بۆتە هۆی گۆڕینی ئەو وێنە نێرانەی ئێمە لەسەر پۆلیسمان هەیە!

***

ئەم کێشەیە شایانی ئەوەیە بەچەند بارێکدا لێکبدرێتەوە، هەم بوارێکە بۆ زیاتر شارەزایی لە خۆمان و هەم هەلێکی چاکیشە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ پۆلیسدا بکەوێتە گفتوگۆوە.



من ناڵێم ناسین و پێناسەکردنی حەقیقەتی پۆلیس کارێکی ئاسانە، بەڵام پێشم وا نییە ئێمە بەبێ گفتوگۆکردن لە گەڵ لایەنی دووهەمدا، بتوانین بەردەوام بین لە بڕواهێنان بەو وێنەیەی کە لەسەر پۆلیس لە مێشکماندا جێگیر بووە. لەم بوارەدا من هەوڵدەدەم چەند سەرنجێکی تایبەت دەربڕم و مەبەستی خۆم لە زاراوەی پۆلیس ڕوونکەمەوە. ناشمەوێ ئەوە بشارمەوە کە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە سەرنجانە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ شوێنگەی من وەک پەنابەرێک لەم وڵاتەدا.

من پێم وایە هەر مرۆڤێ ئەزموونی تا
خۆی لەگەڵ پۆلیس هەیە، بۆیە ناکرێ

ئەزموونێ لەم بوارەدا سیفەتی گشتمەندی پێبدرێ. هەروەها لەبەر ئەوەش کە کاری پۆلیس، خودی پۆلیس دەخاتە مەوقیعیەتێکی نارۆشنگەرەوە، هەموو پێناسەکردنێکیش بۆ خۆی کردەیەکی رۆشنگەرانەیە. ئەوجا بۆ ئەوەی لەم کردەیە خۆمان بپارێزین (واتە سیفەتی رۆشنگەری نەدەینە پاڵ لایەنێک کە نارۆشنگەرە)، باشترە لەو رووبەرانە بکۆڵینەوە کە شوێنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پۆلیسن. یاخود شوێنپەنجەی پۆلیسیان پێوە دیارە. من دواتر دێمەوە سەر باسی «نارۆشنگەری» و مەبەستی خۆم لەو رووبەرانەی پۆلیس خۆیان لەسەر بەرهەم دێنێتەوە روون دەکەمەوە. با ئەوەش بڵێم، ئەگەرچی من جاروبار لەم باسە و باسەکانی تری ئەم کتێبەدا راناوی کۆ بەکار دێنم، بەڵام دواجار ئەوە هەر ئەزموون و بینینەکانی خۆمن کە لەو دیو دێڕەکانەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن. رەنگە لەگەڵ ئەمەشدا، هۆی بەکارهێنانی راناوی کۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من بڕوام وایە پەنابەران بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە هێشتا کۆمەڵێ ئەزموون و کێشە و بۆچوونی هاوبەشیان هەیە کە رێگەمان بۆ خۆش دەکەن تا وەک سەرجەمێ لەبارەیانەوە بدوێین.

***

خاڵێکی گرنگ کە پێناسەکردنی پۆلیسی راستەقینەمان (بە نێر و مێ)وە لێ ناهەموار دەکا، بریتییە لەوەی کە ئێمە کەمتر بۆمان دەلوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ پۆلیسدا پەیوەندی دروست بکەین. چونکە ئەو تەنیا دەسەڵات بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو لە بەرهەمهێنانی فیلمی ڤیدیۆ و تەلەڤزیۆن و دەنگوباسەکانیشدا رۆڵێکی باڵای هەیە. واتە هەردەم ئەو لایەنانەی کەسێتی خۆیمان پێشاندەدات کە سەرنجراکێشن و دەشێت شایانی چاولێکردن و لاسایی کردنەوە بێ، واقیعی سەرشەقامەکان و کۆڵانەکانی شار بۆ ئەو، هەر تەنیا شوێنی ئەنجامدانی وەزیفەکەی نین، بەڵکو شانۆیەکیشن کە ئەو دەتوانێ لە بەردەمی کامێراکاندا رۆڵی پاڵەوانی فیلم و دەنگوباسەکانی تەلەفزیۆن بگێڕێ. خۆی دەکا بەشوێنە



گشتییەکاندا و بەدەم خەڵکەوە پێدەکەنێ، لەپڕ لەناو کۆمەڵێ منداڵی باخچەی ساوایاندا دەیبینین و بەزمانێکی رەوان لە گەڵیاندا دەکەوێتە پرسیارکردن و لەو رێگەیشەوە ئاشکراکردنی ئەو سەرپێچیانەی لە ماڵ و لەلایەن دایک و بابی منداڵەکانەوە دەکرێن. منداڵەکانیش هەموو لەیەک جەستەدا دەتوێنەوە و بەیەک دەنگ وەڵامی دەدەنەوە! دیاری بەسەر ئەو شوفێرانەدا دابەش دەکا کە لە غیابی خۆیدا رەچاوی دیسپلینیان کردووە. دەیەوێ هەمیشە و هەموو کەسێ بڕوا بەئاکار و کردارەکانی بکا، بەڵام ئەو خۆی بەدەگمەن نهێنییەکانی خۆی بۆ ئێمە باس دەکا. ئەگەر بەلادەر لە یاسا تاوانبار کرا، هەر خێرا دێتە سەر شاشە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو خۆی ئەرکی پاراستنی یاسایە. بەڵام ئەگەر بەڵگەمان لەسەر هەڵەکانی وەڕووخست (بۆ نموونە لە کاتی هەڵەکردنەکەیدا وێنەیمان گرت) ئەوە دەیەوێ دادوەر و لیژنەی لێپرسینەوە لە خۆی بێت! بەکورتی ئەو کەسێکی نامەعلوومە تەنانەت لە جلوبەرگ پۆشین و هاموشۆ کردنیشدا. بەهەرحاڵ لە کۆمەڵگایەکی زانیاریدا کە سەرچاوەی زانیاری و لێکدانەوەکانی خەڵکی، دەزگاکانی راگەیاندن بن، زەحمەتە بتوانرێ پێناسەیەکی پڕاوپڕی پۆلیس بکرێ.

وەک هەموو بابەتێکی تر کە شایەنی لێدوان بێ و خانەبەندی بکرێ، هەر خانەیەی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی لێدەرهێنرێ و بەپێی سەردەمێکی مێژوویی لێی بکۆڵرێتەوە، وشەی پۆلیسیش تا رادەیەک بەر ئەم ئاستە شیکاری و جیاکارییە مێژووییە دەکەوێ. ئێمە دەڵێین: پۆلیسی هاتوچۆ، پۆلیسی ئاسایش، پۆلیسی نهێنی، پۆلیسی بەندیخانە، فرۆکەخانە و هتد. یاخود دەبێژین: پۆلیسی ئەڵمان، پۆلیسی ئێرانی، پۆلیسی دانمارکی و بەو جۆرە.

بۆ نموونە شتێکی بێ مانایە بەر لە دروستبوونی ئوتۆمبێل باسی پۆلیسی هاتوچۆ بکرێ، یاخود وا بزانین کە هەوڵدانەکەی «دایدالۆس» کە هەستا بەدروستکردنی باڵ و دەیویست خۆیی و «ئیکاررۆس»ی کوڕی لە

بەندیخانەی «مینوس» ڕزگار بکا، یاخود هەوڵەکانی «عەباسی کوڕی فیرناس» بوونە هۆی سەرهەڵدانی پۆلیسی فڕۆکەخانە[1]، هەروەها شتێکی بێ مانایشە وا بزانین لەو ڕۆژەوە کە قابیل هابیلی برای کوشت ئیدی پۆلیسی ئاسایش دروستبوو.. کەواتە خانە خانەکردنی پۆلیس و جیاکردنەوەی خەسڵەتی ئەو کۆمەڵە پۆلیسەی بەسەر ئەو خانانەدا دابەش دەبن لە یەکتری، سوود و ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێ. بۆ نموونە جیاکردنەوەی پۆلیسی بەندیخانە لە پۆلیسی دادگا کارێکی بێ ئەنجامە. چونکە لە هەموو ئەو دەستە دەستەکردن و تایبەتمەندی ئاشکرا کردنانەدا، دواجار پۆلیس وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە هێشتا دەبێ پێناسە بکرێ، خانەبەندی بکرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. چەندە بێ مانایە گەر گوتمان پۆلیسی بەندیخانە لە بواری ئازاردانی بەندییەکاندا شارەزایە و پۆلیسی دادگا لە بواری یاسادا لێهاتووە.. ئەوەیان جەللادە و ئەمیان دادوەر، یەکەمیان شاڵاوهێنەرە و دووهەمیان بەرگریمان لێدەکا و شتی تری لەم بابەتە.. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت کە هەر مرۆڤێک ئەزموونێکی تایبەتی لەگەڵ پۆلیسدا هەیە و وێنای خۆی بەپێی بنەمای ئەو ئەزموونە لەسەر پۆلیس دروست دەکا. واتە من ناتوانم بڵێم من و ئێوە یەک ئەزموونمان لەگەڵ پۆلیسەکانا هەیە. لەبەر ئەوەی یەکەم: لە کولتووری مندا خانەکردن و دەستەبەندیکردنی پۆلیسەکان مانای نییە و، دووهەمیش لەبەر ئەوەی ئەزموونەکانمان جیاوازن. ئێوە بەئاسانی دەتوانن لە یەکتریان جیا بکەنەوە، سیفەتەکانیان بناسنەوە و ڕادەی پەیوەندی کردنیشتان پێیانەوە بزانن، واتە بەئاگان بەرامبەر سنووری نێوان خۆتان و ئەوان.

بەڵام لە نەستی مندا ئەم دابەشبوونە بەدوور نییە لەو پێناسەیەی کولتووری من بۆ پۆلیس کردوویەتی. ئێوە بەئاسانی کێشەکانتان، پرسیارەکانتان یاخود نهێنییەکانتان بۆ پۆلیس باس دەکەن، چونکە لە ئەزموونندا لێکدی جیا نابنەوە. بەڵام وێنای من لەسەر پۆلیس، وێنایەکە ئەزموونی دوورودرێژی دووبارەوەبووی ئەو کولتوورە دروستیکردووە کە



منی لێوەهاتووم. لەو کولتوورەشدا پۆلیس نهێنیپارێز نییە، شوێنی بروا پێبوون نییە، لەلای هێمن نابمەوە و زۆر جاریش دەبێ بەزمانێک لەگەڵیدا بدوێم کە زمانی من نییە. واتە بونیادی تەسەوری من بۆ پۆلیس بونیادێکی زمانییە کە ئاستی نائاگایی بەکۆمەڵی و کولتووریی ئێمە کۆنترۆڵی دەکا.

کەواتە لەدوای هەموو ڕووداوێک، لە دوای هەموو بارودۆخێکی تەنگانە کە منی تێدەکەوم و دەشێت پۆلیس جێی پەنا بۆ بردن و یارمەتی لێوەرگرتنم بێت، من تەنیایی هەڵدەبژێرم و نامەوێ نهێنییەکەم بگاتە لای پۆلیس.. واتە ناتوانم لەسەر بنەمای خانەبەندیکردنەوە، پۆلیسەکان بەپێی ئەرکەکانیان لێکدی جیا بکەمەوە، پۆلیس لەلای من، لە بنەمادا زیاتر لەوەی فەرمانبەرێک بێ، وێنایەکی گشتییە کە ڕاستەوخۆ، لە هەر جلوبەرگێکدا بێ سزا، دەسەڵات و کۆنترۆڵم بیر دەخاتەوە!

***

ڕەنگە پرسیار بکرێت: دەبوو بەدوورکەوتنەوەی من لەو کولتوورەی وێنای منی بۆ پۆلیس داڕشتووە و، ئەزموونە تازەکانی من لەگەڵ پۆلیسدا لە وڵاتێکی دی، کە وێنای بۆ پۆلیس پێچەوانەی ئەوەی وڵاتی منە، توانام هەبایە کار لەسەر وێنا کۆنەکەم بکەم. ئەمە بۆچوونێکی ڕاستە، بەڵام بەمەرجێک پۆلیس لەمەدا هاوکاری بکردمایە، واتە هیچ نەبێ ڕێ پاککەرەوە بوایە لەبەردەم ئەم خواستەی مندا و ڕۆڵی ڕێپێشاندەرێکی دیتبا کە بەزمانێکی ڕەوان پێت دەڵێ: **من ئەوە لە تۆ چاوەڕێ دەکەم و ئەوەیش ئەرکی تۆیە لە ئاست چاوەڕوانییەکەی مندا**.. پۆلیس ئەمە ناڵێت، ئەو بەزمانێکی تەمومژاوی لە کاتێکدا پەنجەت لێ بەرز دەکاتەوە دەڵێ: **ئەگەر ئەوە نەکەیت و ئاواتکرد سزات دەدەم**!

***

ئەوەی کە جاروبار پۆلیس دان بەهەڵەیەکی خۆیدا دەنێت و هەڵەکەی

لەبەردەم ڕای گشتیدا باس دەکا و ئامادەیە بۆ لێپرسینەوە، من هاندەدا چاو لە بەشێکی ئەو تەسەورەم بپۆشم کە لەسەر ئەو هەمە. بەڵام لەو دەمەدا پۆلیس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ لێپرسینەوە و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵەکەی، دەبێ هەر لە پۆلیس خۆی لێژنەیەکی پشکنین پێکبێ، ئەوە ناچار دەبم لەو سازشەی پێشووم ژێوان ببمەوە... لە یەکەم باردا ئەو وام لێدەکا وەک شوێن بڕوا تەماشای بکەم، لە کاتێکدا باری دووهەم پێم دەڵێ ئەو بڕوای بەکەس نییە جگە لە خۆی زیاتر! پەلاماری شوێن و کەسە گومان لێکراوەکان دەدات و، ئەمەش بەڕەسمی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ڕادەگەیەنێ، بەڵام کاتێک دەردەکەوێ ئەو کەسانەی ئەو پەلاماری داون و تۆمەتباری کردوون، هیچ بەڵگەیەکی گومان لێکردنیان لەسەر نییە، ئەو ئامادە نییە لە هەمان ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندندا گومانە درۆزنەکەی بەدرۆ بخاتەوە. لە جاری یەکەمدا کاتێک گوێم لەوە دەبێ پۆلیس دەیەوێ وڵات و دەوروبەرمان لە گومان لێکراوان بپارێزێ، بێگومان خۆشحاڵ دەبم، بەڵام کاتێک دەبینم ئەوانەی ئەو بەنیازی تاوانباربوون و مەترسیاوی پەلاماری دان؛ هاوسێ و ئەو ڕێبوارانەن کە من ڕۆژانە بەبێ هیچ گومانێک بەناویاندا دێم و دەچم و لە ڕاز و دەردیان شارەزام، ئیدی ناتوانم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم و بەشوێن بڕوای خۆمی بزانم.

***

لە قوتابخانەکەیشیدا ئامادە نییە هەموو کەس وەربگرێ، واتە مافی خوێندنی پسپۆڕیەکەی ناداتە هەر مرۆڤێ، ئەو هەلومەرجی بەدەنی و دەروونی و ڕەگەزی وەک سێ لایەنی گرنگ، یاخود مەرجی گرنگ بۆ وەرگرتنی قوتابی دەخاتە بەردەم. لە مەسەلەی لەش و لاردا، ئەو پێوانەی خۆی هەیە {چوارشانە و پتەوی، تەمەن لە ٢١ وە بۆ ٢٧ ساڵ، باڵا دەبێ لە ١٧٧سم کەمتر نەبێت و نابێ گوێی گران بێ یاخود چاویلکەی لە چاودا بێ}[٢]. لە ڕووی دەروونیشەوە، نابێ سزا درابێت، واتە تاوانبار بووبێت. بەڵام مەرج نییە هەموو چوارشانە و ناتاوانبارێک وەربگرێت ئەگەر ئەو



کەسە سەر بەهەمان نەژاد نەبێ کە یاسای وڵات بەزمانەکەی نووسراوە، واتە مەرجی هاوڕەگەزی..

سزادان بەلای پۆلیسەوە لە بنەمادا سزای مرۆڤی لاوازە، بۆیە ڕابردووی کەسێک کە خوازیارە ببێتە پۆلیس نابێ لاوازی تێدا بێت. بۆ؟ چونکە پۆلیس خۆی بەشایانی سزا وەرگرتن نازانێ. ئەو تەنیا و تەنیا سزادەرە. لێرەشدا پۆلیس لە زمانی خۆیەوە یەکێ لە پێناسەکانی خۆی ئاشکرا دەکا، چونکە ئەو مەرجانەی لە پێشدا باسمکردن هەموویان خەسڵەتن بۆ مرۆی مەزن یاخود گەندە مرۆڤ.

گەندە مرۆڤ کەسێکە لە هەموان *دیارتر*.. *بەدەسەڵاتتر و پاکتر*، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو پێناسەیە زەوقی ئێستاتیکیانەی پۆلیسیشمان بۆ ئاشکرا دەکا. واتە مرۆی بچووک لە چێژی جوانکاریانەی خۆی دەخاتە دەرێ، چونکە قابیلی سزادانە. هەروەها ئەو کەسەش کە سەر بەنەژادی خۆی نەبێ لای ئەو شوێنی نییە، چونکە لە خۆی ناچێت. ئەم سێ خاڵە بونیادی جوانکاری و زەوقی فاشیەتی پۆلیس دەخاتەڕوو.

ئەو مەرجانە من لە دەرەوەی تێگەیشتن یاخود تێگەیشتنێکی تازە بۆ پۆلیس ڕادەگرن و بوارم نادەنێ بەوێنا دێرینەکەمدا بچمەوە و بەپێی هەلومەرجە نوێیەکانم گفتوگۆیەکەم ئەنجام بدەم. هەمیشەش ناچار دەبم ئەو توانا زمانی و جەستەییانە گەشە پێبدەم کە لە پۆلیس دوورم دەخەنەوە.

***

من سەرەتای ئەم قسانەم بەشیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەستپێکردن، کە لە نێوان کۆمەڵگا و وێنای کۆمەڵگا بۆ «نێر» و لەوێشەوە پەیوەندی ئەمەی دوایی بەوشەی پۆلیسەوە بەدی دەکرێ. کارێکی باشە ئێستا بەیارمەتی ئەم چەمکانەوە بەردەوام بم.

لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا، یاخود نێرسالاریدا. گرێی ئۆدیپ گرێیەکی تەمەن درێژە، کە دەڵێم باوک، مەبەستم باوک نییە وەک تاکێکی بایۆلۆژی

یاخود وەک کەسێ کە پەیوەندیی خوێنیمان لەگەڵیدا هەیە. بەڵکو مەبەست لەو بەها و یاسایانەیە کە باوک پارێزگارییان لێدەکا. واتە مەبەستم لەو شوێن و پلە و پایەیە کە باوک لە پاراستنی یاسادا هەیەتی، لێرەوە وشەکە ڕەهەندێکی دەروونی بەخۆیەوە دەگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە باوک لە بونیادی دەروونی مرۆڤدا پلە و پایەیەکی گرنگی داگیر کردووە. باوکانی بایۆلۆژی دەمرن، بەڵام پلە و پایەی یاساییان لە کۆمەڵدا دەمێنێ. ئەوان لەژێر خاکدا شی دەبنەوە، بەڵام ئێمە یادگارەکانیان لە مۆزەخانەکاندا دەپارێزین.

پۆلیس پڕاوپڕ دەوری باوکێ دەبینێ کە دووبارە زیندوو بووبێتەوە و داوای مافەکانیمان لێبکاتەوە. باوکێکی هاوچەرخ، بەڵام هەمان کاری پێشووی خۆی لە ئەستۆیە: پارێزگاریکردن لە یاسا. من کاتێک لە پلەیەکی ئاگاییمدا دەمەوێ خۆم لە نەریتە دەستوپێگرەکانی کۆمەڵگای خۆم ڕزگار بکەم و بەهاکانی ڕەتدەکەمەوە و گەرەکمە بەنرخ و مانای نوێ شوێنەکەیان پڕ بکەمەوە، بەپلەی یەکەم دەشمەوێ لە دەست ئەو یاسا باوکسالارییانە ڕزگارم بێ کە بەمانەوەم لە ژێر دەسەڵاتیاندا، دەبێ خۆشم دواجار وەک باوکێ ببمە میراتگری یاساکانی و لە بەردەوامبوونیدا چالاک بم.. دیارە ئەمە چارەنووسی هەموو تاکێکی یاخییە لە نیشتمانی مندا، جا ئەو کەسە ئینتمایەکی سیاسی هەبێ یاخود ڕووناکبیری (ئەنتلەکتیوێلی).

ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ ئەم باوکە تازەیەدا ئەو دەمە بوو کە تازە خۆم لە بازنەی ماتەمیی پەنابەربوون ڕزگار کردبوو. بازنەی ناوبراو قۆناغێکی سەختە لە ژیانی هەر پەنابەرێکدا. لەو بازنەیەدا، ڕابردوو تێکەڵ بەئێستا و داهاتوو دەبێ و مرۆڤ جگە لە کۆمەڵە پنتێ زیاتر، هیچ هۆیەکی تر، یان ئیمکانیەتێکی دی نییە بۆ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردن لەتەک دەوروبەردا. بازنەی ماتەمیی پەنابەربوون لە «کۆما»یەک دەچێ کە تیایدا مرۆڤی پەنابەر بەرەو خۆی، بەرەو ئەزموونەکانی ژیانی و شوێنی



خۆی لە ئێستادا دەگەڕێتەوە و پرسیار لە نرخ و بەهای خۆی دەکات و بەو جۆرەش تا دێ دەرگای جیهان لەسەر خۆی پێوەدەدا. دەکەوێتە ژێر پەستانێکی دەروونییەوە و دەیەوێت وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لە ئانوساتدا بکەونە دەست. پەنا بۆ بێدەنگییەکی درێژخایەن دەبا، کە زۆر جار هاوشانە بەپەرستن یان خواردنەوە و جگەرەکێشانی زۆر. وا بیر دەکاتەوە کەس لەو تێناگا و تەنیا خۆی نرخی ئەزموونە سەختەکانی ژیانی خۆی دەزانێ. جۆرێ لە ڕومانسیەت، بەڵام لە جلوبەرگێکی دەردەدارانەدا، بەسەر ڕەفتار و پۆشاک و بزووتنەوەکانیدا زاڵ دەبێت. ئەگەر ئەم بازنە ماتەمییە درێژە بکێشێ، ئەوە پەنابەر لە پەیوەندیکردنی بەجیهانی دەوروبەرەوە، بەکولتووری وڵاتی داڵدەدەرەوە، بەزمان و هتد... وەدوا دەخات، واتە تەمەن درێژیی بازنەی نێوبراو بۆخۆی زیانبەخشە، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕێکەوت (لە ژیانی پەنابەراندا هەموو شتێ بەڕێکەوت ڕوودەدا) لە کاتی خۆیدا بازنەی ماتەمیی بپچڕێ، ئەوە مرۆڤ هەرچی زووتر لەو کۆما ڕۆمانسییە دەردەدارە ڕزگاری دەبێ و دەتوانێ لە ژێر بارودۆخی هەلومەرجی تازەدا هەنگاو بەرەو ژیانێکی تر بنێت و بەها و مانایەک بۆ لێرەبوونەکەی بدۆزێتەوە، واتە خۆی لە ڕیز و پایەی هەر مرۆڤێکدا ببینێتەوە کە لەم کۆمەڵگایەدا دەژی و چیدی ڕێگە بەئەوانی دی نەدا بیکەنە دەستمایەی یاسا و حوکمە تایبەتییەکانیان کە زۆربەی جاران یاسا و حوکمی کوێرانەن.

هەروەک گوتم دەربازبوون لە بازنەی ماتەمیی پەنابەربوون و ڕزگاربوون لەو کۆمایە قۆناغێکی گرنگە، بەڕادەیەک دەکرێ لەگەڵ قۆناغی پێگرتنی منداڵدا بەراوردی بکەین.

***

ڕزگاربوون لە بێدەنگییە درێژخایەنەکان و تەسلیمبوون بەتەنیاییە درێژخایەنەکان بەرەو شەقامەکانیان بردم. بەرەو شوێنێ کە چاوەڕێبووم هەلومەرجی پەیوەندیکرنم بەئەوانی ترەوە بۆ بڕەخسێنێ. بەڵام پڕاوپڕ ئا لەو

سەر شەقامانەدا و لەو شوێنانەدا ڕووبەڕووی باوکە تازەکانم بوومەوە! ئیدی بیرەوەرییەکان بواریان نەدامێ بەدوای جیاوازی لە نێوان باوکە دێرینەکان و باوکە نوێیەکاندا بگەڕێم، لێکچوونیان هرووژمی بۆ هێنام.. لەشم بۆوە ئەو شایەتەی بۆم بێدەنگ نەدەکرا.. یان وەک «فرانتس فانۆن» دەڵێ: *وەک ئەندامی قەبیلەیەکی زامدارم بەسەرهات کە بیرەوەریم پڕ بێ لە یادگاری تاڵ و نەتوانم چاو لە ماتەمییەکانم و زامەکانم بپۆشم و نەشتوانم ئەو ڕوخسارانە لە یادکەم کە لە ماتەمیدا هێشتانمەوە.*

لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کەس هیچی لێنەکردم، کەس هیچی پێنەگوتم، کەس هەڵەی ڕاست نەکردمەوە، کەسیش پەیوەندی پێوەنەدەکردم، بەڵکو تەنیا و تەنیا ڕووبەڕووی تەماشاکردنێک بوومەوە. لەو تەماشاکردنەدا، یان لەو هرووژمە نیگایەدا کە لە زمانی ئێمەدا پێیدەگوترێ «نیگای کەچ» و مانایەکی بەکەم زانینی بریندارکەری هەیە، توانیم چەند شتێ بخوێنمەوە.

گومان لەو هرووژمە نیگایەدا هێزێکی کوشندەیە. ئەگەر من بەگومانێکی تەمومژاوییەوە بڕوانمە کەسێک، بەبێ ئەوەی لای ڕوون بێت تەمومژی ئەو گومانەی من لە چییەوە هاتووە، دوور نییە ئەو کەسە ڕەفتارێ بنوێنێ کە ئیسپاتی گومانەکەی من لەسەر خۆی بکات. واتە بەگومان تەماشاکردن و نیگای کەچ ئاراستەکردن، ڕۆڵی هێزێ دەبینێ کە لە توانایدا هەیە زۆر شت بەسەر تەماشاکراودا بسەپێنێ و ئاکاری وی بخاتە ژێر دەسەڵاتی نیگا گوماناوییەکەوە. ئەمەش شتێکە من بەپەیڕەویکردن لە بۆردیۆ ناوی دەنێم: «توندوتیژی ڕەمزیی» (Symboliskvold).

ئێمە وەک بێگانە و پەنابەر بەچەند شتێ مەحکومین. بەڵام مەرج نییە ئەو مەحکوم بوونە لە هیچ شوێنێکدا بەخاڵ نووسرابێتەوە و بەناو خەڵکدا بڵاوکرابێتەوە. کەچی هێشتا بەشێوەیەکی نەبینراو لە زەینی خەڵکدا خاڵەکانی یاخود هێزی ئەو مەحکومکردنە ئامادەیە. من پێش هەموو شتێ بوختانی ئەوەم بەشوێنەوەیە لە یاسا لادەدەم و یاسا تێکدەرم. دەستپاک نیم، لە پڕکردنەوەی گرێبەندی ژووردا خاوەنماڵ ناڕاستەوخۆ ئەمەم دەدا



بەگوێدا. زوو هەڵدەچم، ئەگەر لە خێزانە ئەوروپییەکەم منداڵم ببێ، ئەوە دەیفڕێنمەوە بۆ وڵاتی خۆم. کریمینالم و شوێن بڕوای بانک نیم. ئەمە هەموو خاڵی ئەو یاسا نەبینراوەن کە منیان پێ مەحکومم. دیارە ئەم شتانە لە ژیانی ڕۆژانەدا شاراوەن، واتە کەس نایەت ڕووبەڕووی من بوەستێتەوە و بڵێت: تۆ دەستپاک نیت. جێی متمانە نیت و هتد... بەڵام هەر کە پێم خستە دوکانەکەیەوە، سۆپەرمارکێتەکەیەوە بەتوانی دووچاو تەماشام دەکات. پۆلیس نایەت لەسەر شەقامان ڕامگرێ و بڵێ: تۆ لە یاسا لادەدەیت، بەڵام بەچاوێ تەماشام دەکا و نیگایەکی کەچی ئەوتۆم ئاراستە دەکا، کە ئەوە منم لە یاسا لادەدەم، منم پێویستە چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێم و هەڵەم ڕاست بکرێتەوە.

بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ ئەم باوکەدا، ئەویش لەسەر ئەو شەقامانەی وام هەستدەکرد شوێن ئازادی منن (ئەمەش هەستی زۆربەی هاوڕێکانیشمە لە نیشتمانیدا) دووچاری گەورەترین ڕاچڵەکانیان کردم. جارێکی دی دەبوو خۆم بدایەتەوە دەست بیرەوەرییە تاڵەکان و جارێکی دی دەبوو «باوەڕم بەوەرزی سارد هێنابا».

ئیدی ئا لێرەوەیە کە گرێی ئۆدیب یاخود «گرێی پۆلیس» تەمەنێکی دی بۆ خۆی دروست دەکا، بەزمانێکی دی و لەبەرگێکی دیدا. من بەمە ڕادەچڵەکێم، چونکە هەموو تەسەورێکم بۆ ئازادی لە خۆرئاوا هەڵدەوەشێتەوە. ئیدی نەک شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان نابنە ڕووبەری سەربەخۆیی و ئازاد بوونم، بەڵکو ڕێک و ڕاست دەشبنە ئەو شوێنانەی جارێکی دی ڕووبەڕووی باوکەکانم دەکاتەوە و کۆنترۆڵ و نیگا گوماناوییەکان، ڕەفتار و ڕاڕەوی بزووتنەوەکانی لەش و غەریزەکانم دیاری دەکەن.

***

دەشێت من و هاوڕێکانم لە باسکردنی ژیانی ڕابردوومانمدا، لە گێڕانەوەی ئەزموونەکانماندا بۆ ئەوروپییەک هەوڵی سازدانی یاخود ڕەنگکردنی ژیان و ئەزموونەکانمان بەتۆنێکی ڕۆمانسییانە بدەین و لە

ئەفسانەیانەوە نزیک بخەینەوە. ئەوەیش بەتایبەتی لە سەردەمی بازنەی ماتەمی پەنابەربووندا، بەڵام زۆربەی قسەکردنی پەنابەران و هەندێ جار گەشتکەرانیش کە دێن بۆ ئەم وڵاتە، لەبارەی پۆلیسەوە، ئەگەر بەئەفسانەسازیش دابندرێ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە واقیعی ئەو ئەفسانەیە لەگەڵ ئەو وێنانەیەدا ناگونجێ کە پۆلیس لە زەینی گشتدا دروستیکردووە. ئەزموونی ئێمە لەگەڵ پۆلیسدا هەمیشە ئەزموونێکی تاڵ بووە. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەزموونەکانی ئێمە جێگەی بڕوا نەبن ئەوە لەبەر ئەوەیە کە پۆلیس بودجەیەکی زۆر تەرخان دەکا، تا پێناسە ڕەسمییەکەی بەهۆی میدیاکانەوە، فیلمەکانیەوە یان بەخششەکانیەوە زیاتر لە زەینماندا مەحکەمتر بکا. ئەمەش وادەکات پێناسەکردنەکانی دی، یاخود تەئویلەکانی دی لەسەر پۆلیس بەئاسانی جێگەی خۆیان نەکەنەوە، بەتایبەتیش کاتێک پۆلیس خۆی دادوەرە بەسەر کردەوەکانی خۆیەوە.

***

بەڵام، ئایا ئەم نیگایەی کە کارکردێکی زەبروزەنگاوی سەمبوولیانەی هەیە، نیگایەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدەسەڵاتی پۆلیسەوە هەیە؟ یاخود نیگایەکە لە ئاستی جیاوازی کولتووری مۆدێرندا کار دەکا؟ ئەم پرسیارە دەمانخاتە بەردەم باسێکی دی کە لەبەشی داهاتوودا لێی دەدوێم.

# دەقی پۆلیسی

دەقی پۆلیسی لە نێوان «یاد» و «لەبیرچوونەوەدا» دەژی. دروست لەسەر سنووری ژیان و مەرگ، مەرگ و زیندووبوونەوەدا، بەڵام جارێ مەبەست لە دەقی پۆلیسی چییە؟ دەقی پۆلیسی وەک هەر دەقێکی تر، کۆمەڵێ پیت و نیشانە و نووسینە کە لەسەر پارچە کاغەزێ دەبینرێن و تەنیا لە دوای خوێندنەوەیان دەتوانرێ دەستنیشانی نێوەرۆکیان بکرێ، لێرەوە هەر بەڵگەنامەیەکی تایبەتی و هەر جۆرە پێناسێکی وەک پاسپۆرت، کارتی خۆ ناساندن، یا هەر جۆرە دۆکیۆمەنتێکی تر، پێناسەی دەقی بەسەردا دەسەپێ، مەرج نییە لەو پێناسەیەدا ڕەچاوی تیۆریەکی «دەق»مان کردبێ، گرنگ ئەوەیە پشتمان بەجۆرێ خەیاڵی شاعیرانە و لێوردبوونەوەی خودی قایم بێ!

ئەم یاداشتانە بەپلەی یەکەم لەسەر شێوە دەقێکی مردوون و لە ڕێگەی چاپکردنیشیانەوە، دیسانەوە بەمەرگێکی تر، مەرگی چوارچێوەی کتێبێ دەسپێردرێن، کەواتە چاکترە لە ساتی زیندوویێتییان وردبینەوە و پرسیار بکەین:

– دەقی پۆلیسی لە کوێوە سەرهەڵدەدا!

***

تۆ کەسێکی لە وڵاتی خۆتەوە (وڵاتی یەکەم) هاتوویت و بوویتە پەنابەری وڵاتی دووهەم، بەڵام بۆ ئەوەی جۆرێ لە ڕەوایی بۆ هاتنەکەت دەستەبەر کەیت، پێویستە بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ بخەیتە ڕوو کە بیسەلمێنێ تۆ لە وڵاتی «یەک»ەوە هاتوویت، ئەگەر وەک کوردێ خۆت بناسێنی، ئەوە بەلای کەمەوە دەبێ بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ بخەیتە بەر دەست کە لە یەکێک لەو وڵاتانە دەرهاتبێ کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، واتە دەبێ ئەو ناسنامە بەکار بهێنی کە پۆلیسی وڵاتی یەکەم بۆی



دەرهێناویت (سەبارەت بەتەزویری ناسنامە، پاشان دەدوێم)، ئەگەر توانیت مافی مانەوە و خۆ گلدانەوە بۆ خۆت وەدەست بێنی، ئەوە پۆلیسی وڵاتی دووهەم ناسنامەیەکی نوێت بۆ دەردێنێ، تازەیی ئەم ناسنامەیە تەنیا لەوەدایە کە بەزمانێکی ترە و دیمەنێکی تری هەیە، دەنا لە ڕووی سەرهەڵدانەکەیەوە ئەوەی ناسنامەی وڵاتی یەکەمە! من ئەم قسەیە دەکەم بیر لە هەموو ئەو جیاوازییانەش دەکەمەوە کە لە شێوازی دەرهێنانی ناسنامەدا لە وڵاتی یەکەمەوە بۆ وڵاتی دووهەم ڕەچاو دەکرێن. بەڵام ئەوەی کە لە هەردوو بارەکەدا وەک خۆی دەمێنێ ناوەرۆکی ناسنامەکانن.

پۆلیسی وڵاتی دووهەم کاتێ ناسنامەیەکی تازەمان بۆ دەردێنێ کە ناسنامەی وڵاتی یەکەمانی لەبەردەست بێ و لە بنەما و نێوەرۆکی زانیارییەکانی ناوی تێگەیشتبێ، ئەو ئەنجامەی لێرەدا بەدەستمان دەکەوێ بریتییە لەوەی، نەک ناسنامەکان لە زمانێکەوە تەرجەمەی زمانێکی تر دەکرێن، بەڵکو پۆلیسی وڵاتی یەکەم و هی دووهەمیش لە ئاست تۆدا یەک هەڵوێستیان هەیە بەڵام بەدوو زمانی جیاواز! ڕەنگە تۆ، کە هاتیتە وڵاتی دووهەم هیچ ناسنامەیەکت لە گیرفاندا نەبووبێت، بەڵام ئەمە ناتوانێ بەڵگە بێ بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای وڵاتی دووهەم: ئەگەرچی ناسنامەیەکی تازەت بۆ دەردێنرێ، بەڵام لە نامەی کردارتدا پۆلیسی وڵاتی دووهەم دەنووسێ: تۆ بەبێ ناسنامە هاتوویتە ژوور.

***

جگە لەوەی کە گوتم ناسنامەی وڵاتی دووهەم لە دایکبووی ناسنامەی وڵاتی یەکەمە، پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پۆلیسی وڵاتی دووهەم ڕۆڵی ڕزگارکەر و فریشتەئاسای نەبینیوە، بەڵکو بەبێ ڕەزامەندی پۆلیسی وڵاتی یەکەم هیچ بڕیارێکی سەربەخۆی ئەوتۆی نەداوە، ئەمەش بەڵگەی ئەو ڕێککەوتنە پەنهانەی نێوان پۆلیسی وڵاتی یەکەم و دووهەمە!

جارێکی تر هەمان پرسیار: دەقەکانمان لە کوێوە سەریان هەڵداوە؟ لە وڵاتی یەکەمەوە یان دووهەم؟

***


دەقی پۆلیسیی دەقێکی هەمیشە ڕابردووە، چونکە هەرگیز گەشە و گۆڕانکارییە جەستەییەکانی هەڵگرەکە تیایدا ڕەنگ ناداتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەو دەقەی تۆ لە ٧/١ی ساڵێک لە ساڵەکاندا دەرهاتبێ و وێنەکەی سەری هی تەمەنی ١٥ ساڵی تۆ بێ، ئەوە پۆلیسی وڵاتی دووهەم لەسەر ئاستی نیشانەکانی ئەو وێنەیەوە، پرسیارت لێدەکا و لێت دەکەوێتە گومانەوە، ئەمە ئەگەر ساتەوەختی پەنابەربوونەکەت لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بێ و ماوەی ١٠ ساڵیش بەس بێ بۆ گۆڕانێکی تەواو لە ڕوخسار و سیمادا.

دیارە گومانی پۆلیسێکی ئێرانی لە چاو پۆلیسێکی فڕۆکەخانەی یەکێک لە پایتەختەکانی ئەوروپا، جیاوازە. بەڵام دواجار ئەوان چەندێ جیاوازیش بن هێشتا لەوەدا کە «گومان» دەکەن، تەبان، ئەگەر پۆلیسێکی ئێرانی گومانی لێ کردیت ئەوە دەبێ تۆی گومانلێکراو لە ساتی گومانکردنەکەدا لە زەینی ئەودا یەساکن بێ بەتۆی ناو دەقەکە. واتە ئەوەی بڕیاری هاوشێوەیی نێوان جەستەی دەق و جەستەی تۆ دەدا، لێکدانەوەیەکی زەینی پۆلیسە، نەک ئەوەی تۆ بەڕاست یان درۆ وەڵامی پرسیارەکانی دەدەیتەوە.



ئەو لێکدانەوە زەینییەی پۆلیس؛ بۆی هەیە لەهەر شوێنێکدا ڕوو بدا بەبێ ئەوەی ئاستی ژیان و شارستانی و کولتووری شوێنە جیاوازەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا بگێڕن.. شتێکی بێ مانایە بڵێین لەبەر ئەوەی سوێد وڵاتێکی پێشکەوتووە، ئەوە گومانی پۆلیسەکانی سوێد یان فەرانسە جیاوازە لە گومانی پۆلیسەکانی ئەفغانستان و ئێران، چونکە ئەمان پێشکەوتوو نین، بۆچی؟ چونکە





گومانی پۆلیس ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کە جەستەی تۆ نەتوانێ وەک جەستەی دەق وابێ، لەبەر ئەوەی تۆ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە گەشەت کردووە و، جەستەی دەقیش وەک خۆی ماوەتەوە، ئەو لێکدانەوە زەینییە مێژوویەک لە یاد دەکا کە بریتییە لەو مەودایەی کەوتۆتە نێوان تەمەنی تۆ لە ساتی دەرهاتنی دەقەکە و تەمەنت لە ساتی ئێستادا کە گومانت لەسەرە، هەر کاتێ گومانت کەوتە سەر لەبەر ئەوەی ڕوخسارت لە وێنەی سەردەقەکە ناچێ، ئەوە مانای وایە پۆلیس تۆی جەستە و زیندووی خستۆتە پەراوێزەوە و تۆی سەردەقەکەی کردۆتە پارسەنگ. مانای وایە لە ڕووبەرێکی وشک کراودا کە بۆ ئۆرگانیزمێکی زیندوو دەگەڕێ.

زەینییەتی پۆلیسی، یادەوەری مێژوویی نییە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ هێندە شەیدای بەڵگەنامە و سەنەد کۆکردنەوەیە، سەنەد و بەڵگەنامەکان لەلای زەینییەتی پۆلیسی هیچ بەهایەکی مێژوویی نییە. واتە بۆ ئەوە سەنەد و بەڵگەنامەکان بەکار ناهێنێ ڕاستییەکی مێژوویی ڕوونکاتەوە، بەڵکو وەک هۆکارێکی دەسەڵات و زەبروزەنگ سوودیان لێوەردەگرێ.

***

**تەئویلی پۆلیسی:**

دەقی پۆلیسی قەبووڵی یەک جۆر تەئویل و لێکدانەوە دەکا: تەئویلی پۆلیس.

ئایا ئەو زانیارییانەی شایەتی لەسەر ڕابردووی من و تۆ دەدەن، تا چ

ئاستێ دەبنە بەڵگە بۆ ئێستامان؟ ئایا کاراکتەری وشک کراوی سەر پێناسێک تا چەندە بوونی خاوەنەکەی یان هەڵگرەکەی لەبەردەمی پۆلیس دەسەلمێنێ و وەڵامی خواستەکانی پۆلیس دەداتەوە؟

بەر لە هەموو شتێ، هەموو لێکدانەوەیەکی پۆلیسی بۆ دەق بەندە بەبارودۆخی دەروونیی پۆلیسەکەوە، یاخود بەدەقێکی ترەوە.. واتە پەیوەندی نهێنی دەقەکان لەناو خۆیاندا؛ دەستنیشانی ئاستی توندوتیژی تەئویلی پۆلیس بۆ دەق دەکەن. با لە ڕێگەی نووسینەوەی بارودۆخێکەوە ئەو قسانەی سەرێ کەمێ ڕوونتر بکەینەوە.

بەرلەوەی ئێمە ناسنامەکانمان پێشانی پۆلیسی ئەو دیو ژوورە تەختەییەکەی کۆنترۆڵ بدەین، چەندین دەقی تر بەوێدا تێپەڕبوون. ئەوەی دەستنیشانی چۆنێتی مامەڵەی پۆلیسەکە لەگەڵ دەقەکانی ئێمەدا دەکا، بریتییە لە ئەنجامی تەماشاکردنی ئەو پۆلیسە لە هەر یەکێ لەو دەقانەی پێشتر. ئەگەر ئەو دەقانە وەڵامدەرەوەی تەواوی خواستی پۆلیس نەبووبن، ئەوا خواستی نێوبراو لە دەقەکەی من وتۆدا بۆ وەڵامی خۆی دەگەڕێ، لە میتۆدی کاری پۆلیسدا گومانێک سەرجەمی هۆشی ئەو پۆلیسە چڕ دەکاتەوە و لێرەیشەوە ئەو گومانە لە بەرامبەر هەموو دەقەکانی تردا دەردەکەوێ.

**نموونە:**

B پەنابەرێکە ئێرانی و ئێستا لە سوێد دەژی. B لە شەمەندەفەرێکدایە و لە ڕێگەی دانمارکەوە بەرەو ئەڵمانیا سەفەر دەکا، لە هەمان ئەو فارگۆنەدا، سێ کەسی تریش هەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بەBیەوە نییە، ئەگەر گوتمان کەسی B گومانلێکراوەکەیە، ئەوە خواستی پۆلیسی سنووری ئەڵمانیا- دانمارک لە دەقەکانی هەر سێ کەسەکەی تریش زیاد دەکا، چونکە ئەو گومانە دەبێتە هۆی ئەوەی تەئویلی پۆلیسی جۆرێ لە پەیوەندی لە نێوان ئەو سێ کەسە و B دا دەستنیشان بکا. ڕاستە لە واقیعدا هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە ئارا دا نییە، چونکە سێ کەسەکەی تر هەر کامەیان



دەشێت لە وڵاتێکی ترەوە هاتبن و ئێرانی نەبن، بەڵام هێشتا ناتوانن لەبەردەمی پۆلیسدا نەبوونی ئەو پەیوەندییە بسەلمێنن! ئەوان هەرچەندە لەسەر ئاستی واقیع و تاکەکەسیدا جیاواز بن، هێشتا لە نێوان دەقەکانیاندا پەیوەندییەک هەیە کە تەئویلی پۆلیس بەرهەمی دێنێ. بۆیە هەر دەقێک کە گومان لەسەر هەڵگرەکەی دروستکا، دەشبێتە هۆی خولْقاندنی گومانی پۆلیسی لە ئاست دەقەکانی تردا.

بەڵام ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی نێوان دەقەکان کە ئەنجامی تەئویلی پۆلیسییە، دەبێتە هۆی بەستنی پەیوەندییەکی هاوبەشیش لە نێوان پۆلیسەکاندا، بۆ نموونە ئەگەر پۆلیسی وڵاتی سێیەم لە ئاست دەقەکانی B، و هەر سێ کەسەکەی تردا گومانی دروستکرد، ئەوا ئەو گومانە بۆی هەیە لە ئاست هەمان ئەو دەقانەدا لە وڵاتی چوارەم و پێنجەم و یازدەهەمیش دووبارە بێتەوە، ئەمەش ئەو هێزەیە کە میکانیزمی تەئویلی پۆلیسی دەبا بەڕێوە، ئەو تەئویلەی مەودا مێژووییەکان لەبیر دەکا.

فەزا و ڕوخساری دەقی پۆلیسی ڕەنگدانەوی سەلیقە و ڕۆشنبیریی دەسەڵاتی پۆلیسە. بۆ نموونە، ئەگەر تەماشای ڕووبەری دەقێک وەک «البطاقة الشخصیة = هویة الاحوال المدنیة» بکەین، دەبینین کە بەشێکی زۆر تەرخانکراوە بۆ ناساندنی دەسەڵات: لە بەشی سەرەوەی دیوی یەکەمدا، بەدووروودرێژی و خەتی گەورە تایبەتمەندییە ئیدراییەکانی نووسراون، لەبەشی خوارەوەیدا زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانە لەسەر مۆرێکی زیوینی و پوولە مالّی (طابع المالي)یەکەدا دووبارە بوونەتەوە و، لەلای ڕاستیشەوە ناو و ناوونیشان و ئیمزای ئەو کارمەندە هاتووە کە بەرپرسیارە لە دەرهێنانی ناسنامەکە، جێگەی تایبەتمەندییەکانی خاوەن ناسنامە لە نێوان بەشی سەرەوە و خوارەوەی سوڵتەدا بەند کراوە: «الاسم، اسم الاب والجد، اللقب، اسم الام والجد، الجنس» لەگەڵ وێنەیەکی ڕەش و سپی دا (تەماشای وێنەی کۆپیکراوەکە بکە).

لە دیوی دووهەمی ئەم ناسنامەیەدا، بەلای کەمەوە دووجار ئەم ڕستەیە «مدیریة الاحوال المدنیة العامة» بەخەتێکی سووری گەورە دووبارە

بۆتەوە، هەمان ئەو ڕستەش لە تەختی هەردوو دیودا، بەخەتێکی سەوزی کاڵ و ورد دەیان جار دووبارە بۆتەوە، بەجۆرێ لە نیگای یەکەمدا مرۆڤ وا دەزانێ، سەرجەمی ناسنامەکە سەوزێکی کاڵە.

هەر لە دیوی دووهەمدا، بەشی لای خوارەوە مۆرێکی خڕی گەورە دیسانەوە بەڕەنگی سەوز، دەفن کراوە، بینینی ئەم مۆرە لەبەر ڕووناکیدا نەبێ، ئاسان نییە. لەسەر ئەو مۆرە ئەم دوو دێڕە نووسراوە (الجمهورية العراقية) (وزارة الداخلية) و، بەزمانی ئینگلیزیش دووبارە بوونەتەوە کە لە ناوەڕاستیدا داڵەکەی عێراق دەبینرێت. لە ڕاستیدا هەمان دیمەن لەلای سەرەوەی دیوی یەکەمیشدا دەبینرێ.

دوای ئەم تەماشاکردنە خێرایە دەڵێین: ڕوونی و ئاشکرایی دەسەڵات لەسەر ڕووبەری دەقی ناوبراو، جێگای بۆ نیشانە و کۆد و ڕەمز نەهێشتۆتەوە، لە کاتێکدا خاوەنی هەمان ناسنامە لە وڵاتێکی بۆ نموونە: وەک دانمارک دا دەبێتە خاوەنی ناسنامەیەک پڕ بێت لە کۆد و ڕەمز و نیشانەی نهێنی، کە تەنیا زەینێکی پۆلیسانە لێیان حاڵی دەبێ، بەم ناسنامەیە دەگوترێ: «پێرسۆن نۆمەر= ژمارەی شەخسی» لەسەرەوەی ئەم دەقەدا بەبچووکی تاجێک دەبینی وەک ڕەمزی پاشایەتی لە دانمارکدا. وێنەی خاوەن ناسنامە لابراوە و کۆدێک جێگەی گرتۆتەوە (تەماشای وێنە کۆپیکراو بکە).

ئەگەر بمانەوێ بەراوردێکی سەرپێیی هەردوو ناسنامەکە بکەین ئەم ئاکامانەمان دەست دەکەوێ:

لە دەقی عێراقدا: شوێنی بەتاڵ نییە و زۆربەی ڕووبەری دەقەکە تەرخانکراوە بۆ پێناسەکردنی دەسەڵات، بەڵام لە دەقی دانمارکدا بۆشایی و شوێنی بەتاڵ زیاترە، ئامادەیی دەسەڵات ڕەمزییە و زیاتر زانیاریی تەکنیکی و یاسایی ڕووبەری دەقەکەیان گرتۆتەوە.

لە یەکەمدا ناوهێنانی دەزگاکان، فەرمانگەکان، ناوچەکان بۆ سەلماندنی ڕەسمییەتی پەیوەندی ئەم شوێنانە بەدەسەڵاتەوە بەکار هێنراون. واتە خاوەن دەق خاوەنی ناوونیشانی تایبەت بەخۆی نییە و دەزگا و



فەرمانگەکانی دەوڵەت ناوونیشانی خەڵکن. بەپێچەوانەوە لە دەقی دووهەمدا هەموو ئەم ناوانە شوێنی خۆیان بۆ کۆدێکی نهێنی چۆڵ کردووە. جگە لە وەزارەتی ناوخۆ هیچ دەزگایەکی تر نەهاتووە و ناوونیشانی خاوەن دەق بەتەواوی نووسراوە.

هەندێ جیاوازی و لێکچوونی تریش بەدی دەکرێن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی ئەندازەی دەقەکان، گرافیکیان، مەسەلەی خاڵبەندی و دەلالەتمەندی ڕەنگ و شێوەی خەتی نووسینەکان و هتد.. بەڵام هەموو ئەم نیشانانە لە خزمەتی ئەبستراکت (تەجرید) کردنی دەقەکاندان و پێبەخشینی هەیبەتێکی جیدی پێیان. ڕەنگە هەر لەبەر جیدی بوونی ئەم دەقانە بێت، کە مرۆڤ ناتوانێ لەبەردەمی پۆلیسدا ناجیدی بێ، چونکە کۆمیدیا مردووە!

***

## ئایا تەزویری دەقی پۆلیسی مانای هەیە؟

هەموو دەستکاری کردنێکی دەقی پۆلیسی لە بازاڕی ڕەش و بواری کڕین و فرۆشتندا، بەر لە هەموو شتێک هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی پۆلیس، یاخود کەمکردنەوەی گومانی پۆلیسە لە ئاست خاوەنی دەقدا. نەک ئەو کەسەی دەقەکەی بۆ تەزویر دەکرێ.

بۆ نموونە ئەگەر A بۆ دەرچوون لە وڵاتی (١) شوناسنامەی کەسی B ی تەزویر کردبێ، تا بەهۆیەوە دەرباز بێ، بۆ وڵاتی (٢)، ئەوا بەم کارەی گومانی پۆلیسی لەئاست کەسی A دا کەم کردۆتەوە. نەک خۆی. چونکە ئەگەر Aی لە ئەنجامی ئاشکرابوونی تەزویرەکەیەوە گیرا. کەسی B گومانی لێناکرێ، لەبەر ئەوەی لە کاتی گیرانی A دا ئەو غایبە!

***

هەرچەندە لەسەر دەقی پۆلیسی بکۆڵینەوە و، جۆرەکانی و تایبەتمەندییەکانی و مەودا سوڵتەوییەکانی ئاشکرا بکرێن، هەرچەندە لەبەر

ڕۆشنایی تیۆری ئەدەبی و زاراوە ئەدەبییەکان و پێناسەی تێکستی ئەدەبیدا قسەی لەسەر بکرێ، هێشتا دەقێکی مردووە. مردوو بەو مانایەی تەنیا لە ساتەوەختی پرسیاری «کوا ناسنامەکەت» و دەستبردنی ئێمە بۆ دەرهێنانی ناسنامەکانمان و پێشاندانی بەپۆلیس و خاوەن پرسیار، ئەو دەقانە زیندوون، کاتێ خستمانەوە تاریکایی گیرفانەکانمان، مانای وایە دەیانمرێنینەوە و پەیوەندی خۆمان بەپۆلیسەوە دەپچڕێنین. ئەم دەقانە چین، جگە لە جاسووسێکی کاغەزی کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەبەردەمی پۆلیسدا خەبەرمان لێدەدەن؟ ڤالتەر بنیامین دەڵێ: نرخی خەبەراندن و ڕاگەیاندن، هێندە درێژخایەن نییە، تەنیا لە ئانو ساتدا زیندووە، خەبەر دەبێ یەکسەر ببێتە ئان و سات و ماوە لە دەست نەدا بۆ بەیانکردنی خۆی. ئەم چارەنووسە کورتە، چارەنووسی دەقە پۆلیسییەکانیشە، ئەو دەقانەی بەڵگەن بۆ داننانی دەسەڵات بەبوونی ئێمەدا. ئەو دەقانەی ئێمە خاوەنیان نین، بەڵکو ناچارین بەهەڵگرتنیان. ئێمەی کاغەزیی، ئێمەی کۆد و ژمارە و نهێنی..

# ڕوخسار و سیما:
# وەک هۆیەکی ئاڵوگۆڕکردن

**ئێمە** هەموومان کەم تا زۆر دەستکاری دەموچاوی خۆمان دەکەین و گرنگیی بەڕواڵەتی دەرەوەمان، جلوبەرگمان و بەکورتییەکەی هەموو ڕووبەرێکی دیکەی لەشمان دەدەین. بەڵام کاتێ پەنابەر گرنگیی بەخۆی دەدا، ئەوە کۆمەڵێ هۆی دیکە خۆیان حەشارداوە، کە جیاوازن لەو هۆیانەی لە ژیانی ئاساییدا هەر مرۆڤێ ناچار بەدەستکارییکردن و گرنگی پێدان بەخۆی دەکەن!

یەکەمین کێشەی پەنابەر لە ناوەند و چوارچێوەی کولتوورێکی تازەدا (لێرەدا مەبەست کولتووری ئەورووپییە)، هەر تەنیا کێشەی زمان و قەیرانی ناسنامە و نامۆبوونی ئەو نییە لە بەرامبەر یاسا و بەهاکانی ئەم کولتوورە تازەیەدا، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە پەنابەر لەگەڵ خۆی و بەکورتی لەگەڵ سیمای دیاری خۆیدا (ڕووی دەرەوەی لەش) دەکەوێتە کێشەوە. نێوەندی کولتووری تازە و ئەو تەزووانەی لێوەی دەردەچن و ئەو خواستانەی لە تاکەکەسیان داوا دەکا، پەنابەر ناچار دەکەن بکەوێتە دەستکاریکردنی خۆی. دیارە کاتێ دەڵێم پەنابەر (ناچار) دەبێ مەبەستم ئەوە نییە کە هێزێ لە دەرەوە ئەو ناچارییە دەسەپێنێ، چونکە تۆ ئازادیت لەوەی چۆن خۆت پێشانی ئەوانیتر دەدەیت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە، پەنابەر خۆی لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەوانیدیدا و وردبوونەوەی لەسەر و سیما و جلوبەرگیان؛ دەگاتە ئەو ئەنجامەی بکەوێتە دەستکاریکردنی سیمای، گۆڕانکاری لە جلوبەرگ و ڕەنگەکانیاندا، گۆڕانکاری لە ڕازاندنەوەی ماڵ و، هەروەها کەناڵی تازە بۆ کات بەسەربردن دەدۆزێتەوە، بۆ نموونە خۆی فێری مەلە دەکات، فێری پایسکیل سواری دەبێت و هتد.. واتە ئەو هێزەی لەم گۆڕانکارییانەدا بەشدارە، هەر هەمان لێکدانەوە و تەئویلی پەنابەرە بۆ خۆی لە بەرامبەر ئەویتردا.



خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم گۆڕانە لە بنەمادا گۆڕانێکە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیدارییەوە دێتە دەست، واتە گۆڕانەکە لەسەر ئاستی ئەو پانتاییەوە ڕوو دەدا کە چاو-دیتن توانای کۆنترۆڵکردنیانی هەیە و دەیانبینێ، هەر بۆیەشە سەرجەمی گۆڕانکارییەکان لە ڕووی دەرەوەی لەشدا ڕوودەدەن. ئەمەش بەپلەی یەکەم ئاشکراکەری ئەو قۆناغی پێکەوە بوونە، یاخود ڕووبەڕووبوونەوەیە کە پەنابەر لەگەڵ ئەویتردا پێیگەیشتووە. لەو قۆناغەشدا حوکمی دیتن بەسەر قسەکردندا زاڵە و تیلەی چاو ئەو دەریچەیەیە کە پەنابەر لێوەی دەڕوانێتە ئەویتر و بۆچوونەکانی دیکەی ئەویتریان لێوە دەخوێنێتەوە، نەک حوکمی زمان کە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکسان بەئامادەبوونی هەردوولا و بەکارهێنانی وشە، بیروڕا گۆڕینەوە بەدووی خۆیدا دەهێنێ.

کاتێ من لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کەوتمە قسەکردن ئیدی خۆم لەبەرامبەر ئەو کاتە و ئەو کەسەی دیکەش لە بەرامبەر خۆم و ئەو کاتەدا کە پێکەوە تیایدا قسەمان کردووە بەرپرسیار دەکەم. واتە قسەکردن یاخود لەفز هەڵهێنانەوە دەبێتە ئەو چاوگەی کە دەشێت ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەوە و دوامان لێوەی سەرچاوە بگرن. بەڵام هەموو تەماشاکردنێک ئەگەر بەقۆناغی دەربڕینی زمانیدا تێپەڕنەبێت، ئەوە ناشتوانێ ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرپرسکەر، ئەوە تەنیا لە عەشقدا ڕوودەدا کە نیگای یەکەم، تەزوویەکی هێندە مەحکەم بەرهەم دێنێ، دەکەوێتە ئەو دیو هەموو قودرەتی زمانەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە لە پاشاندا زمان توانای دەربڕینی ئەو تەزووەی نییە و لە ئاستیا دۆش دادەمێنێ و ئەمەیشە هۆی بێزمانیی عاشقەکان!

ئێمە کاتێک لەگەڵ یەکتردا قسەمانکرد، ئیتر بواری ئەوەمان بۆ نامێنێ لە دیداری ئایندەماندا خۆ لە یەکتر هەڵە بکەین. ئەگەر ئەم کارەشمان کرد و بۆمان لوا خۆ لە یەکتری هەڵە بکەین، ئەوە هەرگیز بەمانای ئەوە نییە کە ئەو خۆ لە یەکتری تێنەگەیاندنەمان لە یادکردووە؛ چونکە بەبێ هیچ

گومانێک لە دیداری سێهەم و دیدارەکانی دواییدا ئەگەر بەتاقە وشەیەکیش بێت بۆی دەگەڕێینەوە، کەچی بەپێچەوانەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی «دیداریی-مرئی» من و تۆ، بۆی هەیە بەهەمان شێوە لە دیداری دووهەم و سێهەم و ئەوانیتریشدا خۆی دووبارە بکاتەوە بەبێ ئەوەی تاقە وشەیەکیش بەرهەم بهێنێ. من هەموو کات بۆم هەیە بکەومە بوردی نیگای ئەویترەوە و ئەویتریش بۆی هەیە لە هەموو وەختێکدا بابەتێک بێت بۆ تەماشاکردنی من.

***

قسە لەسەر ئەوە بوو کە یەکەمین دەستکاریکردنی پەنابەر بۆ سیما و ڕوخساری خۆی، لەسەر ئاستی «ڕووبەڕووبوونەوەی دیداری»یەوە دەستپێدەکا و ئەمەش قۆناغی بەر لە دیالۆگە لەگەڵ ئەویتردا، هەر گۆڕانێکیش لەسەر ئەم ئاستە دیدارییەوە ڕوو بدا، بەمانای بەشداریکردنی سەرەکیی عەقڵ نییە لە دروستکردنی بۆچوون و وێنای پەنابەر لەسەر ئەویتر. بۆیە ئەو گۆڕانەی لەسەر ئاستی دیدارییەوە ڕوودەدات ئاستێکی ڕواڵەتیشی هەیە، هۆی ئەوەی کە پەنابەر خۆی تێکەڵ بەپەیوەندییەک لەگەڵ ئەویتردا دەکا ئەوەیە، کە ئەویتر بۆ خۆی بەپلەی یەکەم دەرگای ئەم بوارە دەخاتە سەرپشت، واتە چوارچێوەی پەیوەندییەکە دیاری دەکات. هەموومان دەزانین کە قۆناغی گەنجێتی و خۆهێشتنەوە لە تەمەنی لاوێتیدا، لە کولتووری هاوچەرخی ئەوروپیدا، بەتایبەتی دەوڵەتانی ناسراو بەخۆشگوزەران قۆناغێکە درێژ و درێژتر دەبێتەوە، واتە ئەوەی کە من گەنج بنوێنم و ڕوخسارم و جلوبەرگەکانم و ئاکارم گەنجانە بن، دیاردەیەکی سەراپاگیرە و بوارەکانی ڕاگەیاندنیش لەم بوارەدا ڕۆڵی نموونەیی دەگێڕن.. تۆ هەمیشە داوای ئەوەت لێدەکرێ کە گەنج بیت، ئەو کەلوپەل و پێویستییە تایبەتیانەت دەخرێتە بەردەست کە گەنجانەن، قارەمان و ئایدیاڵی ڕێکلام و مۆدەکان و ئایدیالەکان هەموویان گەنجانەن و لێرەوە بواری ئەوەت بۆ دەڕەخسێ کە تەمەنی خۆت لەودیو بەگەنج



مانەوەی خۆتەوە بشاریتەوە. هەربۆیەشە مرۆڤی ئەوروپی بەگشتی حەز ناکات پرسیاری تەمەنی لێ بکەیت و ئەم پرسیارە بەپێخستنە ژیانی تایبەتی خۆی لێکدەداتەوە.

***

من وەک پەنابەرێ، لە ساتێکدا دەکەومە نێو ئەم پەیوەندییەوە کە هەموو ئەو تەمەنەی دەبوو گەنجێتی من بێت لە دەستم داوە بەبێ ئەوەی ئێستا بتوانم هیچ بنەمایەکی گەنجانەی تێدا بدۆزمەوە. لێرەوە گەورەترین تراژیدی پەنابەران لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە لە ڕۆژگارێکدا لە تەمەن و ژیانی خۆیان بەئاگا دێنەوە، کە چیدی بواری گەڕانەوەی نییە، ئەم ساتە وەختە پەنابەر دەخاتە بەردەم دوو باری جیاواز: یان قەبوولکردنی ئەو زیانە گەورەیەی تەمەن، یاخود بکەوێتە دەستکاریکردنی خۆی.

هەڵبژاردنی یەکەم سەختە، چونکە هەروەکو گوتم قۆناغی بەگەنجی مانەوە لێرە درێژکراوەتەوە. کاتێ نەشتوانین لە نێوان دوو باردا یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەوە ئەوەی دیکەیان خۆی دەسەپێنێ، واتە دروستکردنی ئیماژێکی دی، ڕوخسار و دیمەنێکی تر بۆ خۆمان. بەڵام نابێ جیاوازییەکی گرنگمان لەبیر بچێ «ئەوی دی» لە کاتێکدا گەنجێتی خۆی درێژ دەکاتەوە، کە بەقۆناغی گەنجێتییە سروشتییەکەدا تێپەڕ بووە و کەسایەتیی ئەو لەم ڕووەوە خاوەنی یەکسانی و هاوسەنگیی خۆیەتی. بەڵام من لەکاتێکدا دەمەوێ خۆم بەگەنجی بنوێنم کە نەدەزانم گەنجێتییە سروشتییەکەم چۆن ڕابواردووە و نە هیچ بیرێکیشم لەبارەی درێژکردنەوەی گەنجێتیمەوە هەیە. واتە لە ڕووی جەستە و ئەزموونەوە، هەمان تەبایی و هاوسەنگی و ئامادەییم نییە کە دەشێت یارمەتیدەربن بۆ درێژکردنەوەی گەنجێتییەکەم!

***

کێشەی پەنابەر لەگەڵ دیمەنی خۆیدا، کێشەیەک نییە هەر تەنیا بیبەستین بەلایەنی لاواز، یاخود زیانێ کە لە تەمەنی پەنابەراندا ڕوویداوە

و، ئەوەیش بریتییە لە نەبوون و نادیاری قۆناغی گەنجێتی. بەڵکو کێشەکە دەکرێ لەبەر ڕۆشناییی دیدێکی ئێستاتیکیانەشدا تەماشای بکرێت. لێرەوەیە کە پەنابەر ئەو پارچە و ڕووبەرە جوانانەی لەشی خۆی لێ ئاشکرا دەبن و دەیاندۆزێتەوە، کە لەکاتی خۆیدا گرنگییان پێنەدراوە یاخود هەر لێیان بێ ئاگا بووە، کە ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەو گرنگی پێنەدان و فەرامۆشییە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەو کولتوورەی پەنابەرەکەی لێوەهاتووە.

ئەگەر ئەو کولتوورەی منی تیا پەروەردە بووم، چاوی خۆی لە ئاست چێژ و زەوقی تایبەتی مندا بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگێ نووقاند و گرنگی بەهەڵبژاردنەکەی من نەدا. ئیدی ئەو وزەیەی پاڵی بەمنەوە دەنا بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگە دەمرێت و چیدی من ناتوانم ئەو چێژە لە خۆمدا پەروەردە بکەم، یاخود ئەگەر لەو کولتوورەدا کە منی لێوەهاتووم هێشتنەوەی ڕیش و سمێڵ تەفسیری ڕەوشتامێز و ئایینی و نیشتمانپەروەری بۆ بکرێت، دیارە «سمێڵ تاشیو» بەر لەعنەتی ئایین و نەریت و نەتەوە دەکەوێت و، خەونی هەر گەنجێ دەبێتە ئەوەی هەرچی زووتر «موو» دەرکا!

کەواتە خۆدیتنەوە لە بەرامبەر ئەویتردا و هەوڵدانی پەنابەر بۆ ئەوەی لەویتر بچێت، هەر تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی ڕووت نییە، بمانەوێ بەهۆیەوە دیمەنە هەنووکەیییەکەی خۆمان ڕەت بکەینەوە. بەڵکو بوارێکیشە بۆ پەرەپێدانی ئەو چێژ و حەز و توانایانەی کە لە کاتی خۆیاندا و لە ژێر زەبری یاسا کولتووریەکانی کولتووری خۆماڵیدا بواری گەشەکردن و پشکووتنیان بۆ نەڕەخساوە. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتی ئێمەدا ڕەنگە ڕۆشنەکان: سەوز، سوور، پرتەقاڵی و زەرد بۆ جلوبەرگی پیاوان، لە پاڵ ئەمەیشدا بۆ هەموو نێرینەیەک نەشیاون و، لە بەرامبەر ئەمەدا دەسەڵاتی کولتووریی ئێمە هەموو نێرینەیەکی ناچار کردووە بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگە تاریکەکان (چونکە ڕەنگە تاریکەکان لە هەمان کاتیشدا هەیبەتی



نێرانەیان تیادا پتەوە)، ئەوە دەبێ مافی ئەوە بەهەر پیاوێ بدەین لە کاتی خۆدیتنەوەیدا لەناو ئەو کولتوورەدا، کە بۆچوونی بۆ ڕەنگەکان پێچەوانەی بۆچوونی کولتووری ئێمەیە، ئەو ڕەنگە هەڵبژێرێ کە خۆی پەسەندی دەکا.

لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگەکان ڕۆڵی ئەو دەمامکانە دەگێڕن کە ئێمە دەمانەوێت بەهۆیانەوە لاقرتێ لەو یاسا کولتووریانەمان بکەین، کە چیدی وەڵامدەرەوەی چێژی جوانناسیی ئێمە نین و ناتوانن ئەو وزەیەمان تێدا بکوژن کە هانمان دەدات بۆ پشکووتنی حەزەکانمان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادیماندا. لە هەمان کاتیشدا گەرەکمانە بەهۆیانەوە هەموو ئەو پارچە ناحەزانەی لەشمان لەبیر بەرینەوە کە بەئاسانی یاسا بەزەبرەکانی فەرهەنگی خۆماڵیمان لەسەر جەستە وەبیر دەخەنەوە. ئەوجا ڕێک و ڕاست ئا لێرەدا بنەمایەکی گرنگمان لە ژیانی پەنابەردا بۆ ئاشکرا دەبێت کە من ناوی دەنێم بنەمای «**خۆداپۆشین**» و «**خۆڕووتکردنەوە**».

لەوکاتەدا کە من لە بۆچوونەکانی کولتووری خۆم بۆ ڕەنگەکان و جلوبەرگ و چێژە خۆماڵییەکان یاخی دەبم، هەم خۆم دادەپۆشم و هەم خۆیشم ڕووت دەکەمەوە.. خۆداپۆشینەکەم لەوەدایە کە من ناتوانم وەک ئەویدی مامەڵە بەڕەنگەکان بکەم، بەهۆیانەوە جوانی و هەیبەتێکی دی بەجەستەم بدەم، چونکە جەستەی من هەمان مروونەت و هاوسەنگیی نییە کە جەستەی ئەوی دی خاوەنیەتی و یاخیبوونەکەی من هاوشان نییە بەتێگەیشتنی من بۆ گونجانی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدیدا، بەڵکو هاوشانە بەنرخەکەیان!

بەلامەوە گرنگە قاپووتێکی گران و لە چەرم دروستکراوم هەبێ و جووتێ پێڵاو دەکرم کە لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگەکانی ترمدا شتێ کۆیان ناکاتەوە... بۆینباخی گەنجە سۆماڵییەکەی هاوسێم لەگەڵ هیچکامێ لە ڕەنگەکانی دیکەی بەریدا ناگونجێ، سووراو و سپیاوی کەم لەو ئافرەتە کوردانەی دەیانبینم لەگەڵ ڕەنگ و تۆنی قژ و پێستیاندا دەگونجێ... بەم جۆرە ئێمە دەبینە کۆمەڵێ نەگونجاو کە تەنیا شتێ ئەو نەگونجاوانە لەگەڵ یەکدا کۆ

بکاتەوە، تێچوونی نرخەکانیانە، نەگونجاو بەتایبەتی لە ماڵەکانماندا خۆی دەنوێنێ، هەر لە هەڵبـژاردنی مـۆبێلەکـانەوە تا تابلۆکـانی دیوار، مـۆدێلی تەلەفـزیۆن و تۆمـارکـەر و گـەسکی کـارەبا و تەنانەت یاریی منداڵان و پەردەی پەنجەرەکانیش... بەکورتییەکەی هارمۆنیەت و گونجانی ڕەنگەکان، دەکەینە قوربانی نرخەکانیان و جارێکی دی چێژی حەز کردن لە ڕەنگێ لە ژێر زەبری گـرانیـیەکـەیاندا دەپەستـێـوم و دەیشارمـەوە. پێـمـوایە هەر ئەم پرۆسەیەی پەستاوتنە خودییەش بێت کە وا دەکا من لە یەک کاتا چەندین قات جلوبەرگ و کەوش و کڵاشم هەبێ، بەبێ ئەوەی دڵم هیـچیـان بگرێ، کە ئەمە زیاتر دیاردەیەکە لە لای ژنانی تاراوگە بەزۆری دەبینرێ.

بە پێـــچـــەوانەیشـــەوە چەندێ پەنابەر بیـــەوێ بەهۆی هەڵبـــژاردنی ڕەنگەکـانەوە، لە بۆچوونەکـانی کـولتـووری خـۆی یاخی ببێ، ئەوەندەیش لەبەردەم کـولتـووری تازەدا خـۆی ڕووت دەکـاتەوە، بۆیە ئەگـەر بنەمـای هەڵبـژاردنی پەنابەر بۆ جلوبەرگی تازە لەسـەر ئەو بیـرەوە بێت کـە بیـەوێ لەویتر بچێ، ئەوە ئەنجامێکی نائومێدکەری دەست دەکەوێ. زۆربەی ئەو چەپاندنانەی کـولتـووری خـۆمـاڵی سـەپاندوونی بەزەقی لە پەیکەری لەشماندا ڕەنگیان داوەتەوە، هەموو ئەو خواست و پێویستییانەی کە دەبوو لە قۆناغەکانی ژیانی منداڵیماندا وەڵامیان درابێتەوە، کەچی لەبیرکراون و سـەرکوتکراون، وەک نەخشی ڕۆژگـار بەفـۆرمی لەشـمانەوە دیارن. لەشی ئێمە لە کوێدا وەڵامی پێویستی و خواستەکانی وەرگرتبێتەوە، گەشەی کـردووە و لە کـوێشـدا پشـتگوێ خـرابێت ئەوە پووکـاوەتەوە، ئەو منداڵەی دەستی بەمەبەستی وەرگرتنی خۆراک و پەیوەندی دروستکردن درێژ دەکا و داوای وەدیهـاتنی خـواسـتـێکمـان لێـدەکـا، ئەگـەر هات وەڵامـێکی ناچاوەڕوانکراوی بۆ پێش هات، یاخـود هەر وەڵامی نەدرایەوە، ئەوە لە ڕووی دەروونیشـەوە ئەوە فێـر دەبێ کە ئەو مافی دەستدرێژکردنی بۆ لای ئێمە بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن نییە و بۆی نییە بەدووی خواستەکانیدا بڕوا. ئەنجامی ئەم بەناکامی گەیشتنە بەڕوونی لە لەشدا دەردەکەوێ: دوو



شانی تەپیو، دوو دەست کە لە لەش جوێ نابنەوە و هیچ خواستێکیان نییە و بەردەوام بەمـەلاو ئەولاوە وشک بوون (تەمـاشـاکـردنێکی ڕەسـمـە فۆتۆگرافییەکان و شێوەی وەستانی ڕەسمە گیراوەکان، ئەم بۆچوونە زیاتر ڕوون دەکـاتەوە). بەپێـچـەوانەیشـەوە، ئەو دەسـتـە بچـووکـانەی وەڵامی خـواست و ئارەزوویان دەدرێتـەوە و خـۆشـەویسـتی بەدەست دێنن، فـێـری ئەوەیش دەبن جارێکی دی بەنیـازی خـۆشـەویسـتی و خـواسـتی گـەورەتر خـۆیان درێژ بکەنەوە، چونکە دەزانن خـواسـتـەکانیـان دێتـەدی، بەم پێـیـە ئاستی جەستە و ئاستی دەروون هاوشانی یەکتر گەشە دەکەن و چالاک دەبن. گەشەی لەش لە مروونەت و خاوی و پشووئامێزی ماسوولکەکان و ئەندامـەکـانی جـەسـتـەدا دەردەکـەوێت. گـرژی و چوونەوەیەکی مـاسـوولکەکـانیش نیشـانەی ئەو ناکـامیـانەیە کـە لەش لە قۆناغـەکـانی پێشتردا تووشیان هاتووە.

***

من کاتێ بەڕووتی خۆم لەبەردەمی ئاوێنەدا دەبینم و دەکەومە خوێندنەوە و تەمـاشـاکـردنی بەشـەکـانی لەشی خـۆم، پێـشنیـار دەکـەم هەر کـەس بۆی دەلوێ ئەم کـارە بکا، ئیـدی چ پێـویست بەشـیکردنەوە مـێـژوویی و ئەنتـرۆپۆلۆژییـەکـان و سۆسیـۆلۆژییـەکـان نییـە، کە دەکرێ بەهۆیانەوە لەو ڕەهەندە کـولتـووری و پەروەردەییـیـانە بگەم کـە کـۆمـەڵگای ئێـمـە بۆ پەروەردەکـردنی منداڵان بەکـاریان دێنێ، چونکە بەخـوێندنەوەی لەشی خۆم یان بەوەی خـۆم بکەمـە بابەتێ بۆ خـوێندنەوە، تا ئەندازەیەکی باش لەوە تێدەگەم کە چ یاسایەکی پەروەردەیی و چ نەریتێکی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای ئێمەدا زاڵبووە و دیسپلینەکانی لەسەر جەستەمان پراکتیک کراون.

لێـرەوەیە کە بەهەر جۆرێ لە یاساکـانی کولتـووری خۆم و بۆچوونەکـانی یاخی ببم، هێشتا ناتوانم ماسوولکە گرژەکان، دابەشبوونە نایەکسانەکان و پارچە نەگونجاوەکانی لەشم خاو بکەمەوە و سەرلەنوێ لەبەر زەبری یاسا و بۆچوونی ئەم کولتـوورە تازەیەدا ڕێکیـان بخەمەوە. هەر بۆیەشە کچ و کوڕە

ئایدیاڵەکانی لای ئێمە کاتێک دێنە خۆرئاوا و خۆیان لەگەڵ لاوەکانی ئێرە بەراورد دەکەن، یەک ڕێگایان لەبەردەمدا دەمێنێ، دەستکاری کردنی سیما و ڕوخساری خۆیان یاخود خۆشاردنەوەیان لەناو دەمامکی ڕەنگ و نرخی گرانی کەلوپەلەکاندا.

ئیدی زنجیرەی مەکیاجە نەگونجاوەکان، قژبڕینە نەگونجاوەکان و جلوبەرگە نەگونجاوەکان دەستپێدەکا. کوڕان دەبێ بەدوای دەرمانی سەر ڕووتانەوەدا ڕاکەن، یاخود قژ درێژکردن، کە پاشماوەی شەستەکانی بزووتنەوەی «هیپی»یەکان لایان دەبێتە باو. بەهەمان شێوەیش گرنگی دان بەوەرزش و جووڵەی ڕۆژانە، مۆدێلەکانی سەرتاشین و هەڵبژاردنی ئەو جلوبەرگانە لە کولتووری خۆیدا بۆی نەبوو، دەبنە ئەو هۆکارانەی کە بۆچوونی ئەم کولتوورە بۆ بەگەنجی مانەوە دەیانسەپێنێ.

***

جارێکی دی دەگەڕێینەوە سەرەتای قسەکانمان، ئێمە گوتمان کە دەستکاریکردنی پەنابەر بۆ سیمای خۆی بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی تر و بۆ گرنگیدان بەلەش... هتد، لە ئاستێکی دیداریدا، واتە لەو ئاستەوە کە پەنابەر لە گۆشەی نیگاکردنەوە دەڕوانێتە ئەوی دی، دێتە دی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە خودی تەماشاکردن و نیگا یەکێک لەو هەڵقەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕانە پێکدێنێ کە بوار دەداتە پەنابەر بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە تێکەڵ بەپەیوەندییەک بێت لەگەڵ ئەویتردا.

ڕاستە کێشەی پەنابەر لەو کاتەوە لەگەڵ سیما و شکڵی خۆی دروست دەبێت کە ئەو لە ئاستی دیدارییەوە تەئویل بۆ جوانیی خۆی لە بەرامبەر ئەویتردا دەکا، بەڵام خودی ئەو کێشەیە بەردی یەکەمیشە لە ڕاڕەوی ئەو یاخیبوونەدا کە پەنابەر لە دژی کولتووری خۆی پێی هەڵدەستێ، لەلایەکی دیکەوە کاتێ پەنابەر دەست بەهەڵبژاردن دەکا و دەکەوێتە کارکردن بەچێژ و ئیرادەی خۆی بۆ وەدەستهێنان و دەستنیشان کردنی پێویستییەکانی خۆی، چیدی ناشێت بڵێین ئەو لە کێشە دایە، یاخود هەموو هەڵبژاردنێکی



ئەنجامی ئەو خۆ بەراوردکردنەی ئەون لەگەڵ ئەویتردا، چونکە قەیرانی سیما و دیمەن لەو دەمەوە کۆتایی پێدێ کە پەنابەر نەک تەنیا بۆ یاخیبوون لە بۆچوونە دێرینییەکان، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی ئیرادەی خۆی دەکەوێتە هەڵبژاردنی نوێ، هەڵبژاردنێ کە بواری پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی لە کولتووری تازەدا بۆ سانا دەکەن و ترسی لە دەرەوە بوون و پەراوێزنشینی لەسەردا دەردەکەن.

ئەو کاتە مرۆڤ کار بەئیرادەی خۆی دەکا بۆ هەڵبژاردن و چێژوەرگرتن لە ئیمکانییەتەکان، مانای وایە ئاستێکی تری پەیوەندی بەستن سەرهەڵدەدات کە بریتییە لە پەرەپێدان بەو ناسنامەیەی تەنیا لە کولتووری مۆدێرندا بواری دروستبوون و گەشەسەندنی پێدراوە. ناسنامەیەک کە بوار بەکەسێتیمان دەدا لەسەر پرنسیپەکانی ئازادی تاکە کەسی پێش بکەوێ. «مۆد» وەک دیاردەیەک لە پرۆسەی بەدەستهێنانی ئەو ناسنامە تازەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە: من لەوە دەترسێم لەناو ئەم حەشاماتی خەڵکەدا کەس لام لێ نەکاتەوە، کەس گرنگیم پێنەدا و نرخ و بەهام بۆ دانەنێ، ئەوەتا جیهانی دەوروبەرم شتەکانی کردوون بەدوو بەشەوە، جوانەکان و دزێوەکان، ئاوڕ تەنیا لە شتە جوانەکان دەدرێتەوە و دزێوەکان لە بیر دەکرێن. ترسی ئەوەی لە ڕیزی دزێوەکاندا حسێبم بۆ نەکرێ، فێری ئەوەم دەکا تا یاسای یارییەکە بەدروستی بەکار بهێنم و لە شوێنی خۆیدا بجووڵێمەوە، دەنا دوودڵیی لە ئاست ئەو پرسیارەدا، کە: ئایا من ئەو کەسەم خۆم هەست بەبوونی خۆم دەکەم؟ سەرم دەخوا و دواجاریش زۆنگاوەکانی دزێوی و لە بیرکردن باوەشم بۆ دەگرنەوە، کێ دەیەوێت لەبیر بکرێ؟

ئەم هاوارە ناوەکییە، ئەم لێکدانەوە دەروونییانەن وام لێدەکەن بەپێی «مۆد» بڕۆم بەڕێوە، مۆد وزەیەکم دەداتێ تا بەشێوەیەکی دی لەشی خۆم بەکار بێنم و ئاسۆی جوانناسیم بەرفراوان بکەم. لێرەوە مۆد دێتە بەرنامەی ژیانمەوە، شتێ نییە من هەڵیبژێرم، بەڵکو بزووتنەوەیەکی کولتوورییە من

لەگەڵ شەپۆڵەکانیدا ڕادەماڵرێم، دەمکاتە دیاردەگەرا و ملکەچی یاساکانی خۆیم دەکا. ئەگەر کەمتەرخەمی لە ئاستیدا بنوێنم ئەوە یان لێم دەپرسرێتەوە؛ یاخود دەکەومە ئەو دیو سنووری «هاوچەرخیبوون» و مۆدێرنیەتیەوە. «مۆد» دەمکاتە خاوەن شێواز (ستایل)ێکی سەربەخۆ و شێوازیش لەوەم ڕزگار دەکات کە لاسایی ئەوانی تر بکەمەوە و چاولێکەرێتی بکەم بەپیشەم، ئەمەش بوارم دەداتێ لە هەموو گۆڕانێکدا ستایلی خۆم بەکار بێنم و سوود لە ئیمکانیەتە نوێیەکان وەرگرم، وێنە و دیمەنێکی سەربەخۆ دروست بکەم و، بەو جۆرەش خۆم لە ئەوانی تر جیا بکەمەوە.. من تەنیا بەم شێوەیە دەتوانم سەرنجی ئەوانیتر بەلای خۆمدا ڕاکێشم و ناچاریان بکەم دانم پێدا بنێن و ئینتیمای خۆم بۆ سەردەم پێشان بدەم.

***

بەڵام ئایا کاتێ پەنابەرێک یان هەر غەیرە ئەوروپییەکی تر، کە بەسیفەتی پەنابەر لێرەیە دیاردەیەکی کولتووری وەک «مۆد» کە دیاردەیەکی ئەوروپییە، وەک هۆیەکی ئاڵوگۆڕکردن بەئەویترەوە بەکار دێنێ، تووشی چ کێشەیەک دەبێ؟ بەزمانێکی تر، ئایا ئێمە بۆمان هەیە دیاردەیەک لە دیاردەکولتوورییەکانی خۆرئاوا بەکار بهێنین بۆ پەیوەندی کردنەوەمان بەخۆرئاواوە، بێ ئەوەی دووچاری کێشە ببین؟ بێگومان نەخێر...

ڕاستە (مۆد) بوارم بۆ دەڕەخسێنێ سەرلەنوێ نومایەکی تر بۆخۆم دروست بکەم، ڕاستە توانای ڕزگاربوونم لە تەقلیدییەتی خۆڕازاندنەوە و جلوبەرگ پۆشین پێدەدا و بوارم دەداتێ کە لە یاسا کولتوورییەکانی خۆماڵی یاخی ببم و هەوڵ بدەم لەگەڵ ئەویتر بکەومەوە ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام هەر لێرەشدایە کە «مۆد» لەبەر نیگای ئەویتردا بەرجەستەم دەکاتەوە، دیارترم دەکا و منیش دەتوانم مانای تەماشاکردنی ئەویتر لە ئاست خۆمدا بخوێنمەوە. نیگای ئەوی تر بۆچوونەکانی ئەویشم پێڕادەگەیەنێ، پرسیارە



بەگومانەکانی و ئیرەیی بردنەکانی ئەویتر لەو بنەمایەوە نارِوانێتە ڕەنگ و ستایل و شێوازی من، کە دەشێت منیش «مۆدیست» بم و لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا هەمان ئاستی هۆشیاری ئەوم هەبێ! بەڵکو نیگای ئەویتر پرسیاری ئەوە دەکا: من چۆن دەتوانم بەدەستی بێنم، بیکڕم و سەودای بکەم؟ چۆن منی پەنابەر دەتوانم جلوبەرگێکی ئەوتۆم لەبەردابێت؟ ئەو سەرمایەیەم لە کوێوە هێناوە و هتد.. ئەویتر بەر لەوەی هەڵبژاردن و سەلیقەی جوانناسیی من ببینێ، پرسیار لە چۆنێتی وەدەستهاتنیان دەکا.. هەروەها لە جیاتی گرنگیدان بەو دەرگا کولتوورییەی من دەیکەمەوە، ئەو دەرگایەکی ئابووری دەخاتە سەرپشت و نوێگەراییەکەی من دەبەستێ بەڕادەی ئەو باجەی ئەو دەیدا بەدەوڵەت!

بەکورتییەکەی، دەکرێ بگوترێ، ڕاستە مۆد لە کولتووری خۆرئاوادا هۆیەکە بۆ پەیوەندی بەستنێکی تر بەلەش و سازدانی ناسنامەیەکی تازە و خۆنومایشدان لە پێناوی ون نەبووندا، بەڵام وا پێدەچێ هەر مۆد خۆی دەستنیشانی ئەو لەشانەیشی کردبێ کە نابێ ون ببن: بێگومان لەشی مرۆڤی خۆرئاوایی خۆی.. بەڵگەیەکی سادەیە، لەگەڵ هەبوونی هەزاران نا ئەوروپی لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئەوروپادا، هێشتا قارەمانی ڕێکلام و کاتۆلۆکی فرۆشگا گەورەکان، یاخود بێژەری کاناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەدەگمەن غەیرە ئەوروپییەک بەکار دەهێنن و لە ڕێگەی ئەوانەوە کەلوپەلەکانیان پێشان دەدەن!.

***

بەوجۆرە پەنابەر دەبێتە قوربانیی کولتووری گەنجگەرایی خۆرئاوا! ئەو کولتوورەی لەگەڵ بزووتنەوەی قوتابیان و بزووتنەوەی فیمینیزمدا سەری هەڵدا. لە نێوەندی ئەم کولتوورەدا لەش خواوەندێکە بۆ مانەوە و چەندێ ئەو لەشە جوان و ڕازاوە و بەرجەستە بێ هێندەش بواری پێدەدرێ لەسەر سەکۆی سەماخانەکان، شەقامەکان و شوێنە گشتییەکاندا خۆی بنوێنێ، هەموو دەیانەوێ لەو جوانییە بچن کە ڕێکلامەکان و کاناڵەکانی تەلەڤزیۆن

پێشنیازی دەکەن، لەشی ئایدیالی «رامبۆ» ڕوخساری «مادۆنا» و جەستەی «تینەتۆنا».

پەنابەر دەبێ دڵی خۆی بەتەماشاکردنی تابلۆ ڕۆمانسییەکان خۆش بکا، ئەو تابلۆیانەی «ئایدیاڵ» تیایاندا لەشی بێ گۆشت و قەدی باریک و ماسوولکە دەرپەڕیوەکان نییە، بەڵکو ئامادەبوونە لە سرووشتدا، ئامادەبوونێکی سەراپایی بەجوان و ناشیرینەوە، بەلاواز و گۆشتنەوە...

# خواردن:
# لە ئاڵوگۆڕەوە بۆ گۆشەگیری

**کاتێ** باسی خواردن دەکەین چیمان بەبیردا دێت؟ من لە سکی خۆمدا هەست بەبۆشاییەک دەکەم پێویستی بەپڕبوونەوە هەیە، ئەو بۆشاییە «برسێتی»یە و ئەوەش کە برسێتییەکەم تێر دەکا خواردنە؛ کەواتە نرخی سەرەکی خواردن لەوەدایە کە ناوەڕۆکێکە بۆ تێربوون. تێربوونیش ئەو ساتەوەختەیە کە چیتر من بیر لە خواردن ناکەمەوە.. بەپێی ئەم تێگەیشتنە، خواردن پێویستییەکی جەستەیییە و بریتییە لەو وزەیەی بوار دەداتە لەشمان تا لە ژیان و گەشەکردندا بەردەوام بێ.. لەو شوێنەدا کە خواردن دەگمەنە، برسێتی لەودیو دەرگاوە چاوەڕوانە. ئەگەر دەتەوێ گەشە بکەیت، لاواز نەبیت، لەڕ و کەنەفت نەبیت لە هەمووی گرنگتر: ئەگەر دەتەوێ نەمریت، بخۆ و خۆت تێرکە، ئەمە ئەو ئامۆژگارییە دێرینەیە کە تێگەیشتنی جەستەیی بەدرێژایی مێژووی خۆی دووبارەی کردۆتەوە و دەیکاتەوە.

بەڵام ئەگەر هات و لە «رۆلان بارت»مان پرسی: خواردن چییە؟ بەبێ دوودڵی و لە کاتێکدا دوا پارووی ناودەمی قووت دەدا و قومێ شەرابی دەکا بەسەردا، دەڵێت: خواردن «نیشانە»یە! ئەوجا دوای کەمێ پشوودان و دوای ئەوەی لە ڕوخسارماندا ئەوە دەخوێنێتەوە کە هیچ شتێک لە وەڵامەکەی تێنەگەیشتووین بەردەوام دەبێ لە ئاخاوتن.

*خواردن هەر تەنیا کۆی چەند شتێکی بەرهەم هاتوو نییە کە دەخورێ، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا سیستەمێکی پەیوەندییە، زنجیرەیەکە لە نیگار، لیستەیەکە لە دابونەریت و هەلومەرج و ڕیتم و نەغمە...*

بەلای (بارت)ەوە، کاتێ ئێمە خۆراکێک دەکڕین و بەکاری دێنین یاخود داوا لە کەسانێکی تر دەکەین تا بەکاری بێنین، ئەوە هەر تەنیا وەرزش



بەدەستەکانمان ناکەین بەهۆی گواستنەوەی خۆراکە بەرهەمهاتووەکەوە، بەڵکو ئەو خۆراکە گواستنەوەی هەلومەرج و بارێکی ماناداریشە. واتە خواردن هەر ماددەیەکی کۆنکرێتی نییە، هەموو ئەو یاسا و ڕەفتار و نەریتانەشە کە بەئامادەبوونی خواردن خۆیان قوت دەکەنەوە، ئەو کاتەی ژەمە خواردنێک لەسەر سفرە و مێزی نانخواردن کۆمان دەکاتەوە، ئەوە خواردن مانا کۆنکرێتییەکەی خۆی(واتە وەک ماددەیەک بۆ تێربوون) لە دەست دەدا و دەبێتە نیشانەی کۆبوونەوەمان وەک گرووپە خەڵکێک. بەو جۆرە «دامەزراوێک» دروست دەبێ کە یاسا و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە.

بارت ئەم دەستنیشانکردنە گرنگە بەتەنیا نابەستێ بەشێوە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخەوە، بەڵکو دەستنیشانی ئەوەش دەکا، کە ئەرکی خواردن وەک بەدیهێنەری دامەزراوێکی سەربەخۆ (یاخود دەشێ بەکوردی بڵێین: ئادابی سەر سفرە) لەو کاتەوە هاتە گۆڕێ کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، دەستی لە شێوازە دڕندەیییەکەی خۆی بەردا و بونیادەکانی خۆراکی دامەزراند. واتە خۆراکی «ستراکترالیزە» کرد. ئیتر لەو کاتەوە خواردنەکان، شێوازی ئامادەکردنیان و دابونەریتی خواردن، هەموو پێکەوە بوونە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی ماناداری جیاواز، کە دەکرێ ناوی بنێین: سیستەمی ئاڵوگۆڕ بەهۆی خواردنەوە.

ئەگەر بەمە قایل نەبووین بۆمان هەیە بپرسین: «رۆلان بارت»ی بەڕێز بونیادەکانی خۆراک مانای چییە؟ بارت بزەیەک دەیگرێت و دەکەوێتەوە دوان: «من وشەی بونیاد واتە سترۆکتۆر بەمانا زمانناسییەکەی بەکار دێنم. بۆ ئەمەش پەنا دەبەمە بەر زمانناسی دانمارکی «یلمسلێڤ» کە دەڵێ: سترۆکتۆر بریتییە لەو دانە سەربەخۆیەی کاتێ دەچێتە نێوانێکەوە پەیوەندییەکی سەربەخۆ پێکدێنێ»[1].

ئێستا با نموونەیەک بێنینەوە: مەبەستمان لە خۆراک هەموو دانەیەکی خاوە کە بەهۆی بەکارهێنانی لەگەڵ دانەکانی تردا ئاکامێکمان دەست دەکەوێ کە خواردنەکەیە. ئێمە مێوژ، گوێز و کشمیشمان هەیە، هەموو

ئەمانە دانەی سەربەخۆن و هەریەکەیشیان بەتەنیا خۆراکێکن، واتە خاوەنی مانا و جەوهەری کۆنکرێتیی خۆیانن، بەڵام کاتێ هەرسێکیانمان لە قاپێکدا تێکەڵ کرد و لە شەوێکی زستاندا بۆ میوانەکانمان دانا؛ ئەوە هەر یەکەیان دەبێتە ئەو دانە سەربەخۆیەی کە بەهۆی پەیوەندییە تازەکەیەوە ئاکامێکی گەورەترمان دەداتە دەست، واتە دەبێتە خواردنێک کە بەپێی بڕیاری زمانی کوردی پێی دەگوترێ «شەوچەرە».

بەتێگەیشتنە (بارت) یەکە، شەوچەرە هەر تەنیا تێکەڵێک نییە لە خۆراک بۆ پڕبوونەوەی بەتاڵایی زگ، بەڵکو ئەو دامەزراوەیشە نۆرم و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە: لە کوردەواریدا شەوانی زستان بەر لە خەوتن پێشکەش دەکرێ، واتە بەو جۆرەی کورد بڕیاری داوە بۆ خواردنی شەوچەرە شەوی زستان و بەر لە خەوتن ئەو مەرجانەن کە بونیادی ئەو ئاڵوگۆڕ و نەریت و یاسایانە دروست دەکەن کە پێویستە بۆ شەوچەرە خواردن ئامادە بن و، ئێمەش لەکاتی شەوچەرە خواردندا بەشێوەیەکی خۆبەخۆ (ئۆتۆماتیکی) ڕەچاویان دەکەین. لەبەر ئەوە، شەوچەرە وەک خواردنێک لەکاتوساتی دیاریکراوی خۆیدا دەبێتە هۆی کۆبوونەوەمان؛ ئێمەش لەکاتی خواردنیا ڕەچاوی کۆمەڵێ یاسا و نەریت دەکەین و بەو جۆرەش دامەزراوێک و سیستەمێک دروست دەبێ کە بەهۆی ئەو یاسا و نەریتانەوە دەچێ بەڕێوە.

***

ئەگەر خواردن سیستەمی هەیە، بارت پرسیاری ئەوە دەکا، ئایا زنجیر و هەڵقە تێکئاڵاوەکانی ئەو سیستەمە کامانەن؟ یاخود ئەوە چییە یەکگرتوویی ئەو سیستەمە دابین دەکا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەر بارت خۆی پێشنیار دەکا، هەموو ئەو ئەنجامانە یاداشت بکەین کە لەگەڵ دروستبوونی خواردندا دێتە دەستمان، واتە سەرنجی بەرهەمهاتن، شێوازی دروستکردن و نەریتی ئامادەکردنی خواردن بدەین و پاشانیش کە هەموو ئەو شتانەمان گەلاڵەکردن بکەوینە تێبینی دەربڕین لەبارەیانەوە. تەنیا بەم



جۆرە لەو ئاڵوگۆڕە تێدەگەین کە «خۆراک» لە قۆناغی بەرهەمهاتنیەوە تا «خواردن» و پێشکەشکردنی بەپێی ئادابی سەر سفرە، پێیدا تێپەڕ دەبێ.. یاخود ڕاستترە بڵێین: دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی و بەم پێیە دەتوانین سەرنج بدەین، کە چۆن گۆڕانی دیاردەیەک بۆ دیاردەیەکی دی، «خۆراک» بۆ جۆرێ لە «خواردن» مانای جیاوازیش بەرهەم دەهێنێ.. نموونە:

لە «گەنم» نان و ساوار دروست دەکەین، بەڵام لێنانی ساوار بەچەند شێوەیەک دێتە ئەنجام و دانانی ساواریش لەسەر سفرە شێوازی جۆراوجۆری هەیە، هی وا هەیە لەگەڵ گۆشتی سوورکراو و سەوزە و ترشیاتدا پێشکەشی دەکا و، هەمیشە لەگەڵ تەماتەی سوورکراوەدا یاخود هەر شتێکی تر کە مرۆڤ بیەوێت.. ئەگەر ساوارمان لێنا و گۆشتمان بۆ ئامادە کرد، ئایا گۆشتەکە لە قاپێکی جیادا، دادەنێین یاخود لە ژێر ساوارەکەدا دەیشارینەوە؟ لە چ وەرزێکدا ساوەر لێدەنێین و لە کام ژەمدا حەز لە خواردنی دەکەین؟ بەکورتییەکەی جارێکی تر گەنم خۆراکە و کاتێ ساوارمان لێ دروستکرد تێکەڵ بەپەیوەندییەکی تریش دەبێ کە ئەو پەیوەندییە مانا کۆنکرێتییەکەی لە کۆڵدەکاتەوە و دەیکاتە خواردن.

هەروەها کاتێ لە گەنم نان دروست دەکەین، دەبینین جۆرەها نانمان دێتە دەست: (نانی ساج، تەنوور، کولێرە، سەموون، سەموونی کارەبا، پەنجەکێش و هتد) پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ دروستکردنی هەر یەکێ لەو جۆرانەی «نان» چی دەکەین و سوود لە چ هۆکارێک وەردەگرین، کام یەکێ لەم جۆرانە لە کام ژەمدا و لەگەڵ چ خواردنێکدا بەباش دەزانین؟ ئەگەر نانی «تەنوور» و «سەموون» وەربگرین، لە دروستکردنی هەر یەکێکیاندا شێوازی جیاواز، مادەی سەرەتایی جیاواز، توانای جیاواز، وزەی جیاواز، کاتی جیاواز و هتد.. بەکار دێنین، واتە بەقۆناغی جیاوازی ئاڵوگۆڕدا ڕەت دەبین، کە ئەو ئاڵوگۆڕە وەک جیاوازیی هەردوو جۆری نانەکەیش (واتە سەموون و نانی تەنوور) مانای جیاوازیان هەیە.

لە ژەمی ماڵەوە نانی تەنوور، بەڵام لەهەمبەرگەرخانە سەموونی فڕن، لە

یەکەمیاندا نەریتی خواردنی بنەماڵە، واتە «تایبەت» زاڵە و، لە دووهەمیاندا نەریتی خواردنی بازاڕ «گشت». یەکەمیان خۆماڵییە و لە دروستکردنیدا، حەز و چێژی هەموو ئەندامانی خێزان لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لە هی دووهەمدا پراکتیکبوون، زوو بەرێکردن و کڕیارەکانی بازاڕ حسێبیان بۆ کراوە.. بەوجۆرە نانی تەنوور و سەموونی فڕن دوو نیشانەن کە لەسەر دوو ئاستی ئاڵوگۆڕکردنی سیستەمی خواردنەوە بەرهەم دێن.

ستراتیژی بارت لە دوای گەڵاڵەکردن و سەرنجدان، ئەوەیە کە «نیشانە» لە «نا نیشانە» جوێ بکاتەوە و پاشانیش نیشانەکان بەشێوەیەک تەفسیر بکا تاکو ئەو ئەنجامەی بێتە دەست کە خۆی ناوی دەنێ: «خواردنە ڕاستەقینەکە»! ئەم خاڵەش لە میتۆدی بارت دا گرنگی خۆی هەیە، ئەو بەلایەوە گرنگە سیستەمی ژەمەکانی خواردن و شێوازی دانان و پێشکەشکردنیان لەسەر بناخەیەکی سیمیۆلۆژییەوە دابڕێژێتەوە نەک لەسەر بناخەی تێگەیشتنی پراکتیکیانە بۆ خواردن، واتە وەک وزەیەک بۆ مانەوەی لەش. واتە بارت چاوی خۆی لە خواردنە کۆنکرێتییەکە دەپۆشێ و ئاوڕ لەوە دەداتەوە کە مانا بەرهەم دێنێ، بۆچی؟ چونکە ئەوەی لای بارت گرنگە ئاڵوگۆڕی سەر سفرە و مێزی نانخواردنی خەڵکە لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش لەبەر ئەوەی «هەموو ئاڵوگۆڕێک سیستەمێکی فرە مانایە و پڕە لە نیشانەی جیاواز».

***

بارت باس لە خواردن ناکا وەک ماددەیەکی کۆنکرێتی، واتە خواردن لە پێناوی خواردندا، بەڵکو دەیەوێت ئەو سیستەمە دەلالییە بدۆزێتەوە کە ژەمە خۆراکییەکان بەرهەمی دێنن، واتە ئەو سیستەمی «ئاڵوگۆڕ» (کۆمیونیکەیشن)ەی کە ئێمە لە کاتی نانخواردندا پەیڕەوی لێدەکەین. هەر بۆیەشە لای بارت «ئاڵوگۆڕ» گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی هەر ئاڵوگۆڕێک ڕوو بدات پێویستمان بەیەک کەس زیاتر هەیە. بوونی دەستەیەک یان گرووپێک لە خەڵک یەکەمین مەرجە بۆ ئەوەی



خواردن لە وزەیەکی کۆنکرێتییەوە بۆ لەش بگۆڕێ بەسیستەمێکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ئەندامانی بخۆردا. ئەمە مەرجێکی بارتییە و ڕەنگدانەوەی نەریتی خواردنە لە کولتووری ئەوروپیدا یان وەکو بارت خۆی دەڵێ: لە فەڕەنسا.. بۆیە هەتا لەسەر بۆچوونی نەریتی ئەوروپییەوە بۆ «خواردن» قسە بکەین ئەوە لەبارەی سیستەمێکی ئاڵوگۆڕکردنیشەوە دەدوێین.

***

بێگومان دەکرێ ئەم تێزەی بارت لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی تردا بخوێندرێتەوە، واتە پرسیاری ئەوە بکرێ ئەی ئەگەر خواردن هەموو سیستەمێکی ئاڵوگۆڕی هەڵوەشاندەوە، چی؟ بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین: ئەگەر هاتوو بۆ هاتنەدی سیستەمی خواردن پێویستمان بەگرووپێ لە خەڵک هەبێ تا خواردن لە ژەمێکی تێرکەرەوە ببێتە بونیادێکی کولتووری و ئێستاتیکی، ئەوا جۆرێکی تری سیستەمی خواردنیشمان هەیە، کە نە دامەزراو، بەمانا بارتییەکەی بەرهەم دێنێ و؛ نە مانا. واتە چالاکییەکە، یاخود بزاڤێکە لە کۆبوونەوە بەرەو گۆشەگیری دەڕوا و لە جیاتی ئەوەی ئاڵوگۆڕ (کۆمیونیکەشن) بەرهەم بێنێ دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی گۆشەگیری (ئیسۆلەیشن).

ئەم جۆرە سیستەمەش، سیستەمی خواردنی پەنابەرانە! پەنابەر چۆن خواردن دەخوا؟ بۆ چێژ یان بۆ تێربوون؟ گۆشەگیرانە یاخود ئاڵوگۆڕانە؟ و هتد..

***

پەنابەران گرنگییەکی تایبەتی بەخواردنی خۆماڵی دەدەن، چ لە ئاستی خێزانەکان و چ وەک تاکە پەنابەر، یاخود وەک دەگوترێ «زگوردی» ئەزموونێکی باشیان لەبارەی دروستکردن و ئامادەکردنی خواردنی خۆماڵی، واتە گەڕان بەشوێن کەرەستە خاوەکان و بەکارهێنانیان بۆ خواردنی خۆماڵی، بەدەست هێناوە. گەڕانی پەنابەر بەدوای ئەو کەرەستانەدا کە خواردنی خۆماڵی و میللییان لێ دروست دەکرێت،

ڕەنگدانەوەیشی هەبووە لەسەر ئاستی بازاڕ. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر دوکانی جۆربەجۆری خۆرهەڵاتی هەن کە پڕن لەو کەلوپەل و خۆراکانەی پەنابەران کڕیاری هەرە سەرەکیانن، لێرەدا بیر لە دوکانەکانی بەقاڵی و قەسابخانە و سەوزەفرۆش و هتد.. دەکەمەوە، کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ئەوروپا پەرەیان سەندووە. خواردنی خۆماڵی لە جەژن و کۆبوونەوەکانیشدا شوێن و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە سووربوونی پەنابەر لەسەر دروستکردنی ئەو خواردنانە شوێنی سەرنجدانێکی وردە بەدوو ئاراستەدا: ئاراستەی یەکەم، بەو نیازەی لەوە تێبگەین بۆچی خواردنی خۆماڵی لە لای پەنابەر ئەو گرنگییەی هەیە و، ئاراستەی دووهەمیش، بەو نیازەی لە بزاڤی ئەو سیستەمە بگەین کە لە خواردنی پەنابەراندا دروست دەبێ.

***

ئەگەر لایەنی جەستەیی وەربگرین ئەوە ئەرکی سەرەکیی خواردنی خۆماڵی لەبواری وزەبەخشیندایە: *من ئەو خواردنەم لە لا خۆشە کە هەر لە منداڵیمرا چێژی زمانمی لەسەر ڕاهاتووە، ئەو خواردنەی ئیشتیهام دەکاتەوە، هەر ئەو خواردنەشە زۆری لەبارەوە دەزانم و زۆرم لەبارەوە گوێ لێبووە و زۆر جاریش خواردوومە و تێری کردووم. ئەو خواردنە لەو خۆراک و کەرەستە خاوانە دروست دەکرێ کە لە ژینگەی سروشتی و دەوروبەری پەروەردەبوونم بەرهەم دێن. ئەو سرووشت و ژینگەیە دەناسم و هیچ گومانێکم لە ئاستیدا نییە. لە ڕووی تەندروستیشەوە خاوێنن، دەزانم لەکاتی لێنان و ئامادەکردنیاندا چەندە و چ تام و خوێیەک بەکار بێنم بۆ ئەوەی ئەو چێژەم بێتە دەست کە من لە خواردنی خۆماڵی چاوەڕێی دەکەم. بەبەردەوامبوون لە خواردن و ئامادەکردنی خۆراکی میللی، بەردەوامی بەگەشەکردنی خۆم دەدەم و، بەردەوامیش دەبم لە بێدارکردنەوە و بەچالاکی هێشتنەوەی زۆنەکانی چێژ بینینم.*

کەواتە خواردنە خۆماڵییەکان ئەو وزەیەن کە لەشی من لەو مەترسییە چاوەڕوان نەکراوانە دەپارێزن، کە دەشێت لە خواردنی بیانیدا هەبن. لێرەوە مرۆڤ دەکەوێتە بەراوردێکی تەندروستانەی خواردنی خۆماڵی و خواردنی



بیانی. خواردنێ کە دەیناسێ و گومانی لێی نییە و خواردنێکیش کە نایناسێ و لێی بەگومانە، دروستکردنی خواردنێ کە ئەم خۆی تیا شارەزایە و ئامادەکردنی خواردنێ کە ئەم شێوازی دروستکردنەکەی نازانێ. خواردنی ئەم تایبەتە و لە بازاڕ نافرۆشرێت و هی بیانی خواردنێکی «گشتی» و بازاڕییە. کەواتە لە دروستکردنی خواردنی بیانیدا فرۆشتن و ساخکردنەوە لەبەرچاوگیراوە نەک سەلیقە و چاوەڕوانیی من لە تام و چێژ و ئاستی تەندروستی خواردن. بەکورتیەکەی خواردنی نا ئاشنا لەلای پەنابەر دەبێتە خواردنێکی پیس و نەشارەزایی لە دروستکردنیدا، هانی دەدا خاسیەتی دزێویشی بداتە پاڵ.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا پەنابەر دەبێتە پسپۆر لە ناسینەوەی تام و بۆن و چێژی خواردنەکاندا، گرنگی دەدا بەجۆری ئەو خواردنانە و ئەو کەرەستانەی بەلاوە مەبەستن کە گومانەکانی ئەم کەم دەکەنەوە، لێرەوە هەر وەکو بارتیش دەڵێ: «خواردن بواری ئەوەی دەداتێ بەردەوام خۆی لەگەڵ ڕابردووی میللی و نەتەوەیی خۆیدا بگونجێنێ»[٢]. نەک هەر ئەوە بەڵکو وێڕای خۆگونجاندن و ئینتیما پێوەکردن پەنابەر هەوڵی دروستکردنەوەی ئەو ڕابردووەیش دەدات. جەختکردنەوەی ئەو لەسەر لێنانی بەردەوامی خواردنی خۆماڵیی، لە هەمان کاتیشدا بەپیرۆزکردن و بەئایدیالکردنی ئەو خواردنەشە، هەوڵدانێکی ڕۆژانەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خواردنی هەر ژەمێکیدا هەڵقەی گرێدانی خۆی بەکولتوور و زەمینەی کولتووری میللی خۆیەوە بدۆزێتەوە، ئەمەیش ئەو بارودۆخەیە کە من ناوی دەنێم «دۆخی بەناسنامەکردنی خواردن» ئەو خواردنە ناسنامە ئاسایەی وزەی مانەوەمان بۆ دابین دەکا، هەم وەلامە بۆ برسێتی ورگ و هەم پشتیوانێکی کولتووریشە!

**بەڵام چۆن خواردن دەبێتە ناسنامە؟**

کاتێ وەک بەشێک لە ناسنامە دەڕوانینە خواردن، یاخود ئەو بیرەمان دێت بەسەردا کە خواردنیش بەشێکە لە ناسنامەمان، ئەوە هەموو

هەنگاوێک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ناسنامەیە، هەنگاوێکە بەرەو دواوە، بەرەو ڕابردوو، بەرەو نۆستالیژیەتی کولتوور.. فەنتازیا و دارشتنەوەی خەیاڵ و ئاخاوتنی دەروونی، دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕووبەرانەی هەرگیز گرنگیمان پێنەداون، ئەو خواردنانەی هەرگیز لە وڵاتی خۆماندا دروستمان نەکردوون، تەنیا خواردوومانن و چێژەکانیان دەناسین، ئێستاش دەبێ بەیارمەتی خەیاڵ و مەزەندە باسیان بکەین، لەبارەی چۆنێتی دروستکردنیان بدوێین، هەندێ شتیان لێ سانسۆر بکەین. (بۆ نموونە سەرووپێ) و لەشێوەیەکی مۆدێرن و بەزمانی مەتبەخ و زاراوەکانی چێشتخانەی هاوچەرخ بۆ «ئەوی دی»یان ڕوون بکەینەوە.. لەسەر ڕەچەڵەکی ئەو خواردنانە مێژوویەک دروست دەکەین و دەیبەستین بەبۆنە و لایەنی دیکەی کولتووری میللی خۆمانەوە.. دەمانەوێ سەلیقە و ستایل و چێژی مەتبەخی میللیمان بناسێنین و لە هەمان کاتدا، شێوازی دروستکردنی ئەم خواردنە میللییانە بابەتێکن بۆ قسەکردن و ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ ئەویتری بێگانەدا و هەوڵدانێکی بەراوردکارییە بۆ بەراوردکردنی خواردنە خۆماڵییەکانمان لەگەڵ خواردنی خۆماڵی گەلانی تر.. بەکورتییەکەی: باسکردنی خواردنی خۆماڵی لەوەشدا کاریگەریی هەیە کە من سۆزی ئەویتر و سەرنجی ئەویتر بەلای میللەت و زمان و کولتووری خۆمدا ڕابکێشم و بیکەمە دۆستی خۆم، هێما بۆ ئەوە بکەم، کە خواردنەکانم دزراون و کراونەتە خواردنی گەلانی تر، وەک چۆن ئاواز و مێلۆدییەکانیشم شێوێنراون و براون..

***

بەم پێیە لێنان و دروستکردنی خواردنە میللییەکان، نەک هەر هەوڵدانی ئێمەن بۆ تێربوون بەو خواردنانە و تازەکردنەوەی تام و چێژیان لەسەر زمانمان، بەڵکو پەناگایەکیشن بۆ خۆ دوورخستنەوەمان لە خواردنە بێگانەکان و لەو خواردنانەی نازانین چۆن دروست دەکرێن، ڕابردوویان لە چییەوە هاتووە و لە تەکنیکی ئامادەکردنیان بەگومانین. بەردەوام



دروستکردنی خواردنە خۆماڵییەکان بەڵگەیەکیشە بۆ ئەوەی کە ئێمە هێشتا پابەندین بەبازنەی کولتووری میللییەوە، هێشتا لەسەر چێژی مەتبەخی بێگانە ڕانەهاتووین، ئەگەر لە بوارەکانی تری ژیانی ڕۆژانەدا (بواری کار، خوێندن) و لەکاتی دەسبەتاڵیماندا (وەرزش، کلووپ و هتد...) نەتوانین خۆمان لە ئەوانیتر دابڕ بکەین، ئەوە لە ژەمەکانی نانخواردندا دەگەڕێینەوە ناو چێشتخانەکانی خۆمان، بەتەنیا و بەبێ ئاڵوگۆڕ و ڕەچاوکردنی هیچ مەرجێکی پێکەوە بوون، دوور لە گرووپ و کۆمەڵ، بەبێ بەرهەمهێنانی سیستەم و نیشانە خۆمان تێردەکەین.

***

دەبا هەرکات برسی بوومایە بچووبام بۆ چێشتخانە، بەڵام خواردن لە دەرەوە (بازاڕ)، واتە ئامادەبوونمانە بەڕەچاوکردنی یاسای چێشتخانە، کەچی هێشتا خۆم لە چوونە چێشتخانە و ڕستۆرانەکان بەدوور دەگرم؛ بۆچی؟

کاتێ دەچمە ڕستورانێک بەر لە هەموو شتێک خۆم تێکەڵ بەپەیوەندییەک دەکەم، دەبمە بەشێک لە سیستەمێکی ئاڵوگۆڕکردن و بەو پێیەش لە دووبارە کردنەوەی هەموو ئەو نەریتانەی لەکاتی ئامادەبوونی خواردنا دەبێ لەبەرچاویان بگرم، بەشدار دەبم، بەڵام ڕێک و ڕاست، نەنگیی ڕستۆرانەکان ئا لێرەدایە. لەوێ هێندەی گرنگیی بەشێوازی پێشکەشکردنی خواردنەکان دەدرێت، هێندە گرنگی بەخواردن و ڕادەی خواردنەکە خۆی نادرێت، ئەمەش بەمانای ئەوەیە من بەخواردنی چێشتخانە تێر نابم، چونکە لەو کاتەدا کە چوونە ڕستۆران هەڵدەبژێرم، پەیڕەوی لە دامرکاندنەوەی برسێتیم دەکەم، نەک بەجێهێنانی خواستی ئێستاتیکیم.. ئەوە دەسەڵاتی برسێتییە کە دەیەوێت بەهۆی تێربوونەوە ئارام ببێتەوە، نەک چێژی جوانناسیم کە لە بارودۆخێکی هاوسەنگدا حەزی لە تاقیکردنەوەی تامەکانە.

ڕستۆرانی ئەوروپی و شێوە ئەوروپی لە ڕووی ئێستاتیکییەوە، بۆ

نموونە: ڕازاندنەوەی مێز، ڕێچکەی بەدواداهاتنی خواردنەکان، شێوەی میوانداریێتی و هتد.. بێگومان دەبنە هۆی خولْقاندنی بارێکی دەروونی هاوسەنگیش؛ کە تیایدا بۆم دەلوێ بەجۆرێکی تر سوود لەوکاتە وەربگرم کە ژەمە خواردنەکە پێویستی پێیەتی، بەڵام ڕێژەی خواردنە سەرەکییەکە ئەوە نییە کە وەڵامی برسێتییەکەی من بداتەوە! کەواتە من ناتوانم ڕەچاوی چێژی ئێستاتیکیم لە خواردنەکان بکەم، ئەگەر نەمتوانیبێ خواردن وەک هۆیەکیش بۆ ئاڵوگۆڕکردن تەماشا نەکەم، بۆشایی سک، سنوور بۆ هەموو جۆرە تەماشاکردنێکی من بۆ خواردن دادەنێ. ئیتر لەبەر ئەو هۆیە من ئەو شوێنە بەجێدێڵم کە سیستەمی لێ بەرهەم دێ و ئەو سیستەمەش بەمانا بارتییەکەی نیشانەی جیاواز بەرهەم دێنێ! ڕاستە بەئامادەبوونی من لە ڕستۆراندا جۆرە ئاڵوگۆڕێک بەرهەم دێ، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە لەسەر بنەمای کولتووری منەوە نییە و کۆدە بەرهەمهاتووەکانی ئەو کۆد و هێمایانە نین کە من ناچار دەکەن ڕەچاوی ئەو دابونەریتانە بکەم، کە پێویستە لە کاتی نانخواردندا ڕەچاو بکرێن.. من تەنیا لەسەر ئەو سفرە و مێزی نانخواردنانە بەشداری لە بەرهەمهاتنی سیستەمی مانا و ئاڵوگۆڕ دەکەم، ئەگەر ئەو خواردنەی داندراوە نیسبەتێکی کولتووریی بەمنەوە هەبێت. لەبەر ئەوە تێزی بارت لەسەرهەڵدانی گفتوگۆ و قسەکردن لەمەڕ خواردنەوە یارمەتیمان دەدا، بەڵام نەک لە بەرهەمهێنانی بیرۆکەی سیستەمدا. لە ئاگایی بەرامبەر بەخواردن ڕێگەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵام نەک لە نەریتی ئەو خواردنانەدا.

کەواتە، وەک ئەنجامێک دەشێت بڵێین: گرنگی خواردنی میللی (بۆ نموونە خواردنی کوردی) لەو ساتەوە دێتە ئاراوە کە من چیدی ڕازی نابم خواردنی بێگانە (ئەو خواردنەی بازاڕی خۆی هەیە و کڕیاری خۆی) بکەمە خواردنی هەموو ژەمەکانم. لێرەیشەوە ناچار دەبم خۆم تێکەڵ بەبوارێکی تری ئاڵوگۆڕ بکەم، واتە بەشوێن کەرەستەی خاوی خواردنی خۆماڵیدا بگەڕێم، لەگەڵ دۆست و ئاشناکانمدا ئەزموون و زانیاری بگۆڕمەوە، ئەو



دوکان و فرۆشیارانە بدۆزمەوە کە (گەڵامێو، سەروپێ، گۆشتی حەڵاڵ، خواردنی وشکە، جاترە، شویت و هتد..)یان لا دەستدەکەوێ، دواجار فێر ببم ئەم کەرەستانە بەشێوەیەکی ڕاست بۆ دروستکردنی خواردنێکی خۆماڵی بەکار بهێنم. تەنیا ئەو کاتەی دەتوانم خواردنێکی خۆماڵی لێبنێم، کە لە بازنەی ئاڵوگۆڕێکی تردام، خواردنێکی ئەوتۆ کە ڕزگارم دەکا لە سیستەمی ڕستۆرانەکان، خواردنێ کە تێرم دەکا.

***

لە پشت دەرچوونمان لەو سیستەمە ئاڵوگۆڕییە جیهانگیرەوەیەی باسمان کرد و لەو دیو ئەو نۆستالیژیایەی لەگەڵ هەموو باسکردنێکی خواردنە خۆماڵییەکاندا یەخەمان دەگرێ، شتێکی گرنگتر خۆی مەڵاس داوە: «هۆشیاری بەرامبەر بەخواردن».

بیرکردنەوە لە خواردن لەو کاتەوە دەستپێدەکا کە خۆمان، کە من بۆخۆم لە وەدەستهێنانی کەرەستە خاوەکانیدا و لە دروستکردنیدا بەشداریی دەکەم، واتە خۆراک دەکەم بەخواردن.. شارەزایی لە ڕادەی بەکارهێنانی ئەو پێویستییانەدا پەیدا دەکەم کە بۆ ئامادەکردنی خواردن پێویستیم پێیانە، ئاگر و پلەی گەرمی، ماوەی کوڵاندن، سوورکردنەوەیی و خۆشاندنی خواردنەکان، دەفری تایبەت بەخواردنەکان، هەروەها ڕادەی بەکارهێنانی ڕۆن، شەکر، شیرینی سوێری، مزری و ڕەنگ و بۆ.. ئەمانە هەموو ئاستی ئەو هۆشیاریە پێکدێنن کە لە بواری پراکتیکیانەی دروستکردنی خواردنی خۆماڵیدا پێویستە شارەزایان بم و ڕەچاویان بکەم. دواجار ئەم هۆشیاریە بەرامبەر بەخواردن عەقڵانی دەکەم: خواردنی چەور قەڵەوم دەکا، خواردنی قورس پێویستی بەوزەیەکی زۆری هەرسکردن هەیە و تەپۆ و تەمبەڵم دەکا؛ تەندروستیم بەخواردنی شیرینی زۆر، چەوری زۆر تێکدەچێ، فۆرمی لەشم دەگۆڕێ و بەو جۆرە...

ئیدی لێرەوە وێنامان بۆ خواردن دەگۆڕێ، واتە بەجۆرێکی تر لە خواردنەکە دەنۆڕین. هۆشیاریمان بەرامبەر بەو لایەنانە فێرمان دەکا چێژ لە

چۆنیێتی ئامادەکردنی خواردنەکانیش وەربگرین، سەلیقەمان لە دروستکردنی و کاتمان لە متبەخدا بەشێوەیەکی تر ببەینە سەر، لە هەمووی گرنگتر: لەمەودوا خواردنە خۆماڵییەکان بەبۆنەی تایبەتەوە دروست دەکەین، پێشتر بەرنامە و ڕۆژی دروستکردنەکەیان دەستنیشان دەکەین و بەکورتییەکەی وردە وردە بەرەو بەرهەمهێنانی سیستەمێکی تایبەت بەخۆمان هەنگاو دەنێین.

# له تاكەوه بۆ جووت

## (چەند سەرنجێ له بارەی حەزلێکردن و ژنهێنانەوه)

**ئەگەر** ویستمان سوود له زمانی سۆسانا بغۆیگه (Susana Brøgger) وەربگرین، ئەوه له یەک کاتا هەم پێ دەخەینه ناو هەرێمی چەمکه فێمینیستییەکانەوه و هەم بەشێوەیەکی تریش دەدوێین. دەقی بغۆیگه که یارمەتیدەری ئێمەیه بۆچوونه ناو ئەم باسەوه، له سەردەمێکدا نووسراوه، هێشتا بزووتنەوەی فێمینیستی له دانمارکدا ساوا بوو (ساڵی ١٩٧٥)، بۆیه پێویسته لەسەرەتاوه ئەم خاڵەمان له یادبێ.[١]

بغۆیگه بەشیکردنەوەی زاراوەی خۆشەویستی دەستپێدەکا، ئەو لای وایه خۆشەویستی تەنیا له نێوان دوو کەسدا دێته ئاراوه که بیر له ڕەگەز و نێر و مێی یەکتر نەکەنەوه: هیچ خۆشەویستییەک لەنێوان دوو مرۆڤدا سەرناگرێ ئەگەر توانا و ئیمکانی یەکێک لەو دوو مرۆڤه له پێشەوه بەوه سنووردار کرابێ که: «ئەوه ئافرەته».

بەزمانێکی تر، ئەو خۆشەویستییه تەنێ ئەو کاته سەردەگرێ که پیاوەکه ئافرەتەکەی بەرامبەری وەک کەسێکی سەربەخۆ، خاوەن پێویستی و تایبەتمەندی و خاوەن شێوازه ژیانی تایبەت بەخۆی قبووڵ بکا. خۆ ئەگەر هات و خۆشەویستی لەسەر بەقوربانیکردنی خواستەکانی ئافرەتەکەوه هاتەدی بۆ ئەوەی مەرجەکانی پیاو پڕ بکرێنەوه، ئەوه پێویسته ئەو ئافرەته بەخێرایی ئەو خۆشەویستییه ڕەت بکاتەوه و هەموو ئەو ڕیشوه و حەقدەستانەش تووڕ هەڵدا که دەشێ کابرا وادەی پێدابێ!

نووسەر ئافرەتان لەم سەردەمه نوێیه ئاگادار دەکاتەوه که سەرلەنوێ بواری بۆ پیاو ڕەخساندۆتەوه تا ڕۆڵه دێرینەکەی خۆی و باڵادەستییه بڕیاردەرانەکەی له بواری پێکەوه ژیان و جووت ماڵەتیدا بخاتەوه کار و گیانێکی تری بکاتەوه بەبەردا. لێرەوه بغۆیگه لای وایه که ئەرکی گرنگی



ئافرەتان، وەستانەوەیه دژی هەموو ئەو باری سەرنجدانانه که نوێنەرایەتی بیری پیاو دەکەن، یاخود له پێکهێنانیدا دەستیان هەیه.

بەڵام له هەمان کاتدا که سۆسانا بغۆیگه داواکارییەکی لەو بابەته بەرەو ڕووی ئافرەتان دەکاتەوه، هەڵدەستێ بەڕەخنەگرتنیش لێیان، ئەو لای وایه ئافرەتان هەمیشه «لەو ئەزموونانەی هێشتا پێیاندا تێنەپەڕیون دەترسێن» و، دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت دەیەوێت پیاوێکی له ژیاندا هەبێ» و، ئەمەش بەم جۆره ڕووندەکاتەوه: «.. چونکه ئافرەت لەوه زەندەقی چووه که سەراپای عومری ژیانێکی خاڵیی له خۆشەویستیدا بژی.»

ئەم سەرنجه له دیدێکی مۆدێرنیستانەوه ئاراستەی شوێنی ئافرەت کراوه له ڕابردوودا. واته پرسیار له چۆنێتی بوونی ئافرەت دەکا له ژیانی جووتەکیدا. ئەو ژنان بەوه تاوانبار دەکا، که بۆ خۆیان بەدەستی خۆیان دەبنه کۆیلەی ژیانێکی پێکەوەیی و ئەمەش ناو دەنێن: خۆشەویستی که له ناوەڕۆکدا شێوازێکی کۆنەخوازانەی هەیه و لەسەر مەرجەکانی کۆمەڵگای تەقلیدییەوه دروستبووه. واته ڕۆڵی ئافرەت تیایدا ڕۆڵێکی پەراوێزی و پاشکۆییه. لەو ژیانه پێکەوەییەدا، وا چاوەڕێ دەکرێ ئافرەت «ڕۆمانتیک و نەرم و نیان» بێ و هەمیشه ئاگاداری ئەوه بێ که «ئەویتر» واته پیاوەکه، خاوەنیەتی و ئەم دەبێ پێویستییەکانی ئەو ئارام بکاتەوه و ئاو بکا بەئاگری حەزەکانیدا.

ئەوسا دەپرسێ: «باشه چ دەبێ گەر ئافرەتان جگه لەخۆ خەریک کردنیان بەمێردەکانیانەوه، خۆشیان له کاروباری تری دەوروبەر و جیهانەوه هەڵقورتێنن؟» وەڵامەکەش ئامادەیه: «ئەوان شتی وا ناکەن، چونکه ئەو هەنگاوه بەمانای ئەوەیه که چیدی پیاو نەتوانێ پشوو بدا و بیرو خەیاڵەکانی تێکدەچن.. چیدی نەتوانێ پلانەکانی بەڕێوه ببا، چیدی نەتوانێت بەختەوەر بێ». لێرەوه، دەرگای ڕەخنەگرتن لەسەر مەرجەکانی پیاو دەکرێتەوه: «ئەگەر پیاو تەنیا له دوای، یاخود بەهۆی بەقوربانیکردنی

ئازادی و بوارەکانی گەشەی ئافرەتەوە بتوانێ پشوو بدا، ئارام بێتەوە و پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکا، ئەوە هەڵەکە تەنیا هەر هی بێدەنگی ئافرەتان نییە، بەڵکو لاوازیی و مشەخۆری پیاویش دەخاتە بەرچاو..

بەلای نووسەرەوە خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان خوداوەندی نێو ئەفسانەکان و کەسایەتی پیاوی ئەمڕۆدا، با بزانین چۆن؟

خوداوەندەکان بەهۆی بەقوربانیکردنی زیندەوەرانی ترەوە ئارام دەبوونەوە، لە کاتێکدا پیاوان بەهۆی کۆنترۆڵکردن و دەستگرتن بەسەر ژیان و چالاکی و حەزی ئافرەتاندا پشوو دەدەن. ئەمەش لە سەردەمێکدا، کە نە سەردەمی خواوەندانی دڕندەیە و نە هی پیاوانی خودا سیفەت. لاوازی هەردووکیشیان لە مشەخۆرییەکەیاندایە.

***

بونیادی شیکردنەوەی نووسەر بۆ زاراوەی «خۆشەویستی» ئەو بیرە ئایینی- تەقلیدییەی نەکردۆتە پاشخان کە پێمان دەڵێت: «ژن و پیاو دوو جەمسەری دژبەیەکن»، چونکە لەبنەمادا خۆشەویستی، دژەکان دەکا بەیەک و تاکەکان دەکا بەجووت، کەواتە «ئەو کەسەی دەچێتە ناو پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە، ئەوە بەلای کەمەوە بەرپرسیاریشە لە ئاست گەشەکردنی بەرامبەرەکەیدا».

لەلای بغۆیگە، خۆشەویستی «رێزگرتن» نییە، کە ئەمە بەردی بناغەی تێڕوانینی چەپە بۆ خۆشەویستی، بەتایبەتی لەو ئەفسانەیەدا کە چەپی لای ئێمە کاری پێدەکا. چونکە: «رێزگرتن مەرجێکی ئەوتۆریتەی کۆمەڵایەتییە بۆ برەودان بەبێ مـوبالاتی» بەزمانێکی تر: «رێزگرتن» لە پەیوەندی خۆشەویستیدا، وا دەکا کە ڕێزلێگیراو لە بەرامبەر ڕێزگردا دەستەپاچە بکا و نەهێڵێ زمان بکاتەوە، چونکە پێویستە مەرجێکی کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکا، نەک مەرجی تاکەکەسی. ئەگەر بەزمانی «میشێل فۆکۆ» قسە بکەین، ئەوە دەکرێ بڵێین: ڕێزگرتن لەو کاتەدا کە دەبێتە هۆکارێک بۆ



بێدەنگ کردنی ڕێزلێگیراو، ئەوە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە جۆرێ لە دەسەڵات و ڕۆڵی کۆنترۆڵکردن دەگێڕێ.. کە ئەمەش لەدوا شیکردنەوەدا دژی پرەنسیپی خۆشەویستییە.

مەرجی بنەمایی لەلای بغۆیگە بۆ برەودان بەخۆشەویستی ئەوەیە کە «پیاو و ژن یەکتر ڕاچڵەکێنن و تەکان بەیەکتر بدەن. بڕوایان پتەو بێت بەوەی کە، «ئێمە» دەتوانین «خۆمان» بگۆڕین و فێر ببین زیاتر گوێ بۆ یەکتری بگرین و لە یەکتری تێبگەین. بەلای نووسەرەوە، هاوکاری لە نێوان هەردوو لایەندا، ئەو ڕێگا چارەسەرسازییە کەپایەداری «خۆشەویستییەکی بەرپرسیارانە» دابین دەکا، خۆشەویستییەک، کە بوار بەپیاو و ژن دەدا گەشە بکەن و پرۆژەکانیان بهێننە دی.

***

بە کورتی، لەلای بغۆیگە، ژیانی پێکەوەیی و ژن و مێردایەتی هاوچەرخ، پڕە لە ململانێ و کێشە. سەبارەت بەئافرەت، گەورەترین کێشە ئەوەیە کە دەترسێ بڵێ «ئا» و ژیانێ بژی کە پیاوی تێدا نەبێ، ئەمە لەکاتێکدا ئەو خۆشەویستییەی هەوڵی بۆ دەدا بونیادێکی کۆنەخوازانە و دێرینەی هەیە کە پیاو تیایدا بڕیاردەرە و مافی خاوەندارێتی بەدەستەوەیە. کێشەی گەورەی پیاویش ئەوەیە کە بەناوی «خۆشەویستی»یەوە مافی ئەوە دەدا بەخۆی مەرج بۆ بەرامبەرەکەی دابنێ. ئەگەرچی لە بنەمادا ئەو مەرجانە لە خزمەتی ئەو وێنایەدان کە پیاو لەسەر ئافرەت هەیەتی، نەک لە خزمەتی خۆشەویستیدا. پرسیاری گرنگ کە دەبێ هەر پیاوێ لە خۆی بکا ئەوەیە، چۆن بتوانم لەو بۆچوونە تەقلیدییە لەسەر ئافرەت ڕزگار ببم، کە مافی خۆشەویستیم لێدەستێنێتەوە؟

***

لە گەلێک ڕووەوە باسەکەی «سۆسانا بغۆیگە» لەو تێزەی (فرەنسیسکۆ ئەلبیرۆنی) نووسەری ئیتالی دەچێ کە لە ساڵی ١٩٨١دا بەناوی

«خۆشەویستی و حەزلێکردن»ەوە بڵاوی کردۆتەوە(٢)

لە کاتێکدا بغۆیگە تۆنێکی یاخیگەرانە و ڕەخنەگرانەی هەیە، ئەلبیرۆنی خەتێکی شیکاری و سۆسیۆلۆژیانە هەڵدەبژێرێ و بەگەڕانەوەی بۆ سەرچاوەی هەمەجۆر، بنەما سۆسیۆلۆژییەکانی خۆشەویستی دادەڕێژێ. دیارە هەمان وردبینی بغۆیگە بەشێوەیەکی زۆر شاعیرانەتر لەلای ئەلبیرۆنیش بەدی دەکرێ، بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە «من»ی ئەودیو هەر یەکێ لەو دەقانە، «من»ێکی جیاوازە.

هەروەک بغۆیگە، «ئەلبیرۆنی»ش بەشیکردنەوەی زاراوەکان و خانەبەدیکردنیان دەستپێدەکا. ئەو خۆشەویستی و حەزلێکردن بەدوو قۆناغی جیاوازی پرۆسەی جووتەکی دادەنێ. لەلای ئەو «حەزلێکردن هەنگاوی سەرەتایە»، یاخود یەکەمین هەنگاوە، کە بەم جۆرە پێناسەی دەکا: حەزلێکردن ڕووداوێکە (حادثە) خۆسەپێن (ل ٤١). بارێک نییە مرۆڤ خۆی بەشێوەیەکی ئازاد لە ئاگاییەوە هەڵیبژێرێ، بەڵکو تەنیا ڕووداوێکە و ڕوودەدا (هەروا ڕوو دەدا) و بەمەش ژیانی تاک لە ژیانی ڕۆژانە دابڕ دەکا.

کاتێک بەخۆمان دەزانین حەزمان لە یەکێک کردووە و ئەمەش زۆر شتی لەلا گۆڕیوین، لێرە بەدواوە هەست بەو شتانە دەکەین کە هەرگیز موبالاتمان پێنەکردوون، هەڵقەی ئەو پەیوەندییانە دەبینین کە پێشتر بەلامانەوە نادیار بوون، تامی ئەو شتانە دەکەین پێشتر بەلامانەوە بێتام بوون و ئەو بڕیارانە دەدەین کە پێشتر نەماندەدان و بەوجۆرە.... (ل٤١).

***

ئەو بارودۆخەی لەپڕ و لەناکاوەی کە ساتی حەزلێکردن فرێمان دەداتە ناوی، هەمان بارودۆخمان بەبیر دەخاتەوە کە «شۆڕش» دروستی دەکا، ئەلبیرۆنی پێناسەی سەرەکی خۆی بۆ ئەم بارودۆخە ئاوا دادەڕێژێ: «حەزلێکردن دوا ساتە، دوا هەنگاوە بۆ بەدیهێنانی ئەو شۆڕشەی، یاخود



ئەو بزووتنەوە بەکۆمەڵییەی کە ژمارەی بەشداربووەکانی لە دوو کەس پێکهاتبێ.» (ل: ٩)

ئەوەی وا لە ئەلبیرۆنی دەکا، ئەم پێناسەیە بۆ دیاردەی حەزلێکردن بکا، ئەوە نییە کە دەقاودەق شۆڕشی فەڕەنسی و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی هەرەوەزی و بەکۆمەڵیمان بەبیر بێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بزانین لە ڕووی خانەکردنەوە، حەزلێکردن لە کوێدا شوێنی بۆ دیاری کراوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێ چاومان لە ئاست ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەدا دابخەین، کە لە نێوان حەزلێکردن و هەر بزووتنەوەیەکی تری هەرەوەزیدا دەبینرێن: بەشداربووانی هەموو بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵی، «بەتەنگ یەکەوە دەچن»، «هاوکاری» یەکتر دەکەن «گیانفیدایی» بۆ یەکتر دەکەن و لە یەکتر «دەبوورن» بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا «بەختەوەر بن»!

لەلایەکی ترەوە: هەموو لادان و پەیمان شکاندنێک و خۆدزینەوەیەک لەلایەن ئەندامانی بەشداربووەوە، بە«خیانەت» «بێوادە» و «پەیمان شکێن»ی لێکدەدرێتەوە.. کە هەموو ئەم چەمکانە لە بواری خۆشەویستی و حەزلێکردنیشدا بەهەمان تێگەیشتن بەکار دەبرێن. دەشێ بڵێین «خۆشەویستی- حەزلێکردن» و «شۆڕش- بزووتنەوەی هەرەوەزی» بەیەک زمان دەدوێن، یاخود زمانێکی هاوبەشیان هەیە.

***

وەک هەموو بزووتنەوەیەکی هەرەوەزیی تر، حەزلێکردنیش گشت ئەو شت و کەسانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە کە پێشتر یەکیان گرتبوو، هەموو ئەو شت و کەسانەش جووت دەکا، کە پێشتر لە یەکتری جوێ بوون! تاکان دەکا بەجووت و جووتانیش لێک هەڵداوێرێ. چۆن؟

چونکە وزەی ئەم جووتکردنە بەتاک و تاک بەجووتە لەوەدایە کە؛ حەزلێکردنیش وەک بزووتنەوە هەرەوەزییەکان، دژی نۆرم و نەریتە سەقامگرتووەکان دەوەستێتەوە و کار دەکا، هەلومەرجە ئارامەکان

دەهەژێنێ و هەلومەرجی تازەیان دەخاتە جێ. ژیانی ئاسایی هەر ژن و مێردێ تێکدەچێ، ئەگەر هات و یەکێک لەو دووانە حەزی لە کەسێکی تر کرد، واتە وزەی حەزلێکردن بەپلەی یەکەم وزەیەکی یاخیگەرانەی، سەرەڕۆی خۆسەپێنەرە و، نیگای یەکەم دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵ نەکراوی ئەوتۆ بەرهەم دێنێ کە دواجار زمانیش توانای دەربڕینی نییە.

بەڵام هەروەک چۆن سنوور بۆ کەفوکوڵی ساتەوەختی تەقینەوەی شۆڕشەکان دادەنرێ و لە یاسا و دامەزراوەکانی کۆمەڵدا سەقامیگر دەکرێن، ئاواش سنوور بۆ وزە یاخیگەرە سەرەڕۆکەی حەزلێکردنیش دادەنرێ و لە دامەزراوێکدا دەستەمۆ دەکرێ. لێرەشەوە پێ دەخەینە قۆناغی خۆشەویستییەوە. «ڕووداوی نیگای یەکەم و سەرهەڵدانی وزەیەکی خۆسەپێنی وەک حەزلێکردن، تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە.» (ل:٤٩) کە بەهاتنی قۆناغی خۆشەویستی دوایی دێ: خۆشەویستی بەدامەزراوکردنی حەزلێکردنە. لە قۆناغی خۆشەویستیدا ژیانی پێکەوەیی دەستپێدەکا، کە ئەمەش بەمانای گەڕانەوەی ڕۆتینی ڕۆژانە و نۆرمەکانێتی. واتە ژیانی ژن و مێردایەتی. لەم قۆناغەدا خۆشەویستی دەبێتە پێویستییەک لە ناو پێویستییەکانی تردا، نەک زیاتر.. دەبێتە یەکێک لە مەرجەکانی ژیانی پێکەوەیی و لە سیستەمێکدا کاری خۆی دەکا.

هەموو بەدامەزراوکردنێکی حەزلێکردن (مارەبڕینەوە، هەڵقە لەپەنجە کردن و هتد..) دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و کپکردنەوەی ئەو وزە کۆنترۆڵ نەکراوەیش کە پێشتر ئاماژەم پێدا، بەڵام ئەلبیرۆنی دەپرسێت: ئایا هەموو حەزلێکردنێک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دامەزراوەیەک؟ یاخود لە دامەزراوێکدا سەقامگیر دەکرێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای نووسەر، وەڵامە بەنەخێر. «حەزلێکردن بۆی هەیە بپچڕێ، یاخود یەکێک لە دوو کەسەکە بکشێتەوە دواوە، یان بەرلەوەی بکرێ بەدامەزراوە، بمرێ.» (ل:١٠٠) بەڵام لە هەمان کاتدا حەزلێکردن توانای هەیە ژیانێکی



ئەبەدیی بژی، بەمەرجێ ڕێگر یان دیوارێک بکەوێتە نێوان هەردوولاوە. واتە ئەگەر ڕێگرێک نەیهێشت دوو دڵدار بۆ یەکتر بن! «ئەوە حەزلێکردن بەهەمان وزەی جنون ئامێزی خۆیەوە دەمێنێتەوە» ، (ل:١٠٦).

ڕێگایەکی تریش هەیە کە حەزلێکردن لە بەدامەزراوبوون ڕزگار دەکا. ئەلبیرۆنی دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بەردەوام حەز لە هەمان کەس بکاتەوە، (یاخود ژن و مێردێ بەردەوام بەهەمان وزەوە حەز لە یەکتر بکەنەوە) ئەوە مانای وایە حەزلێکردنەکەیان لە بوون بەدامەزراوەکردن دەپارێزن» ئەمەش بریتییە لە حەزلێکردنێک کە نووسەر پێیدەڵێ: «حەزی ئەبەدیی ئایدیاڵ».

مەبەستی ئەلبیرۆنی لە «بەدامەزراوکردن» چییە؟

قۆناغی چوونە ناو ژیانی خێزانی، هەمان ئەو قۆناغەیە کە «خۆشەویستی» ملکەچی یاساکانی نەریت و ڕۆتینەکانی ڕۆژانە دەکرێ. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە ئەو پرۆسەیە کۆتایی پێدێ. بەڵکو بەمانای ئەوەیە کە حەزلێکردنی سەرەڕۆ لە چوارچێوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا نیشتەجێ دەکرێ و وزە شۆڕشگێڕانەکەی لێدەدۆشرێ.

ئەگەر بەوردی لەم بۆچوونەی ئەلبیرۆنیمان ڕوانی: ئەوا دەبینین، کە باسی هەمان قۆناغ دەکا، کە «بغۆیگە» مەترسی ئەوەی لێدەکرد، باڵادەستیی پیاو ببێتەوە هێزی بڕیاردەر و بەو قۆناغەی دادەنێ، کە بونیادەکانی ئەو بونیادە کۆنەخوازانەن کە ئافرەت دەکەنە پاشکۆی مەرجەکانی پیاو.

***

ئەوەی لەلای ئەلبیرۆنی بەحەزلێکردن و نیگای یەکەم ناو دەبرێ و تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، لەلای بغۆیگە دەبێتە وزەیەکی نەمر، بەمەرجێ هیچ کام لە دوو کەسەکە ڕەگەزی یەکتر نەکەنە مەرج و سنوور بۆ یەکتر دانەنێن، ڕاستە ئەمە قۆناغێکی پڕ ململانێیە، بەڵام ململانێ

لەپێناوی ملکەچ بوونی یەک بۆ ئەوی تر نا.. بەڵکو بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی خۆشەویستییەکی «بەرپرسیارانە» خۆشەویستییەک بوار بۆ هەردوولا بڕەخسێنێ بەئازادی خۆی بگا و ئەم ئازادییەش لەسەر بنەمای هەڵبژاردنێکی «سەربەخۆ»وە بێ، نەک خاترگرتنی یەکتر. «خۆشەویستی کاتێک بەرپرسکەرە، کە هەردوولا بتوانن یەکتر تووڕە بکەن و یەکتر ڕاوەشێنن» بەبێ ئەوەی دواجار بەپێی پەیمانێک یەکتر ئاشتکەنەوە.

***

بەپێی ئەو چەمکانەی سەرەوەیە کە ئێمە دەتوانین باری سەرنج ئاراستەی ئەو شەپۆلی ژنهێنانە بکەین کە ئیتر وەک دیاردەیەکی سەراپاگیر لە ژیانی پەنابەراندا کار دەکا، زمانی خۆی هەیە و هتد.. ئێمە دەزانین لە ماوەی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا جۆرێ لە ژیانی پێکەوەیی نوێ، جۆرێ لە خێزان دروستکردن لەناو کۆمەڵی ئێمەدا سەری هەڵداوە، بەڵام نازانین لەسەر چ بنەمایەکەوە، ئایا ئەمە نیشانەی گۆڕانێکە لە بونیادی کۆمەڵگای ئێمەدا، یاخود خۆبەرهەمهێنانەوەی شێوازە تەقلیدییەکەی جارانە؟ ئایا نیگای یەکەم چ ڕۆڵێکی لە دروستبوونی حەزلێکردندا بینیوە؟ ئایا ئەو حەزلێکردنە لە هەردوو سەرەوە بووە یان نا؟ ئایا ئەو حەزلێکردنە وەک (ڕووداوێک) خۆی سەپاندووە، یاخود کەسانێک هەبوون ڕۆڵی جیاوازیان بینیوە لە نزیکخستنەوەی هەردوولا..؟

بەهەر حاڵ یەک حاڵ ئاشکرا دیارە: ئەگەر هەموو یەکێ لەو حەزلێکردنانەش کۆرپەی نیگا ئاگراوی و کۆنترۆڵ نەکراوەکەی یەکەم بێ، ئەوە کۆمەڵ هەر زوو ئەو وزەیەی بەدامەزراو کردووە و لێرەشەوە بەپێی ئەلبیرۆنی پرۆسەی حەزلێکردنەکە توانای خۆی لە بەرامبەر زاڵبوونی نۆرم و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا لەدەست داوە و ژیانی هەردوولا هەر زوو بۆتەوە بەشێک لە ڕۆتینە کۆمەڵایەتییەکان. زیاتر لێدوانیش لەم لایەنە دووچاری گەڕانەوەیەکی دووروودرێژمان دەکا بەرەو گەلێک کەلێنی کۆمەڵگای کوردی. بۆیە من هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەی پرسیارێکدا باسەکەم سەقامیگر بکەم. پرسیارەکەش ئەمەیە: چ هێزێ یاخود خواستێک لەو دیو



بەشەپۆڵچوونەوەی پەنابەرانەوە هەیە کە هانیان دەدا بۆ هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەش؟ یاخود: ئەو خواستە چییە کە کەسی پەنابەر ملکەچ بەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆی دەکا، تا بکەوێتە ژیانێکی هاوبەش لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، کە ئەو مرۆڤە تا ئەو دەمە لە ژیانی پەنابەرەکەدا نادیار بووە؟

دیارە پرسیارەکە، پرسیارێکی فزوولیانەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامانجێکی هەیە کە بریتییە لەئاشکرا کردنی ئەفسانەیەک. ئەفسانەیەک وەک هەر یەکێ لە ئەفسانەکانی تری ناو ژیانی پەنابەران، تەنیا بەهۆی خوێندنەوەی سیستەمی ئەو ئەفسانانەوە. دەتوانین لە دیاردەگەرایی تاراوگەی پەنابەر بگەین.. بۆ ئەمەش پێویستمان بەپرسیاری فزوولی هەیە.

***

ئەگەر بەمەبەستی وەدەستهێنانی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە، ڕوومانکردە پەنابەران خۆیان، ئەوە وەڵامی جۆرجۆرمان دەستدەکەوێ، ڕەنگە بەلای زۆربەی زۆریشەوە ئەم دیاردەیە هەر لە بنچینەوە، جێگەی پرسیار نەبێ، شتێ نەبێ پرسیاری ئاراستە بکەین، چونکە هاوسەر دۆزینەوە «سروشتیترین مافی تاکە و ئیتر چ پێویست دەکا وەک کێشەیەک تەماشای بکەین؟» بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە جێی بڕوا نییە. چونکە هەموو پرسیارێکی نەشیاو بۆی هەیە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا ببێتە پرسیارێکی شیاو. یاخود دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بهێنێتە بەرهەم و بەدوای جێبەجێ کردنی ئاوتۆریتەی خۆیدا بگەڕێ. نووسینیش لەسەر «سروشتیترین مافی تاک» جۆرێکە لە دەسەڵاتمەندی و لێپرسینەوە. بەڵام نەک لە چییەتی ئەو مافە، بەڵکو لە چۆنێتی کار بۆ کردن و بەدەستهێنانەکەی. کەواتە بنەمای سەرنجەکانمان بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو مافە نییە، یاخود نامانەوێ سیفەتی چاکە و خراپە بدەینە پاڵ دیاردەکە.. مەبەستمان تەنیا ئەوەندەیە کە لە میکانیزمی ئەو وزەیە تێبگەین کە ناچارمان دەکا، بەو جۆرە هاوسەر بدۆزینەوە.

هەروەک لە پێشدا گوتم، ئەگەر بەمەبەستی وەدەستهێنانی پرسیارەکەی سەرێ پەنامان بۆ خودی پەنابەران برد: ئەوە وەڵامی جیاوازمان دەست دەکەوێ. ئێستا باشترە بەشێوەیەکی کاتی وەڵامەکان خانەبەندی بکەین و بەش بەشیان بکەین. دیارە ئەمەش کارێکی سۆبژەکتیڤانەیە و مەرج نییە لەسەر ئەم شێوازە ڕیزکردنە ڕێکەوتنێک هەبێ:

١- **وەڵامی باو:** وەڵامی باو ئەو وەڵامەیە کە پێمان دەڵێ: بواری ئەوەم هەیە بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم. ئیمکانم هەیە ئێستا بیر لە دواڕۆژی خۆم بکەمەوە و ئەم دەرفەتە بەکار بێنم بۆ پێکەوەنانی ژیانی خێزانیم.

٢- **وەڵامی ناسیونالیستانە:** تێگەیشتن لەم وەڵامە ئاسان نییە، چونکە بەزمانێکی پاراو نادوێ: بەڵام کاکڵەی مەبەستەکەی دەشێت بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: «ژیان لەگەڵ کەسێ خۆشە سەر بەڕەگەز و نەتەوەی خۆت بێ، لە یەک خاکەوە (مەبەست شار و گەڕەک و ناوچەش دەگرێتەوە) هاتبن و بەیەک زمان بدوێن». بەڵگەی بۆ ئەمەش بریتییە لەوەی کە دەڵێ چونکە ئەمە وا دەکا لێبوردن و لێکگەیشتن لە نێوانیدا هەبێ».

٣- **وەڵامی سیاسی ڕۆژانە:** بارودۆخی کوردستان لە مەترسیدایە، لەسەر هەمووان پێویستە هەستین بەجێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانمان لە ئاست ئەو بارودۆخەدا. ڕزگارکردنی کەسێک (مەبەستی ئافرەتێکە وەک هاوسەر) هەستانە بەو ئەرکە پیرۆزە.

٤- **وەڵامی ئەفسانەوی:** مەبەست لە وەڵامی «ئەفسانەوی» وەڵامێکە ئێمە ناتوانین ڕاستی و ناڕاستییەکەی بسەلمێنین لەبەر ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانەکەی نازانین، ئەم وەڵامە دەشێ بەم جۆرە بێ: «ئەو کەسەی بۆتە هاوسەرم، کەسێکە ساڵانێکی زۆر پەیوەندیمان هەبووە و لەم دەرفەتەشدا خەونی دێرینەمان هێنایەدی..» لەم وەڵامەدا هێما بۆ ڕابردوویەکی دوور دەکرێ کە ئێمە ئاگادار نین و نازانین قۆناغەکانی کامانەن.



٥- **وەڵامی ڕیالیستانە:** ئەم وەڵامە، بەپێچەوانەی وەڵامی ٢و ٤ وەڵامێکە سادەیە و، هەر ئەمەش وا دەکا بەئاسانی لێی تێبگەین: «پاش ساڵانێکی زۆر مانەوە لە هەندەران و ئەزموونی جۆربەجۆر، لەوە تێگەیشتم دۆزینەوەی هاوسەرێک کارێکی ئاسان نییە. بۆیە چوونەوە بۆ ناوەوە، هەر هیچ نەبێ قۆناغێکی ترە.. سەرەتایەکی ترە».

٦- **وەڵامی دابڕبوون:** ئەمە وەڵامێکە بیر لە گرنگی سنوورە کولتوورییەکان دەکاتەوە و گرنگی زۆر بە«ئێمە» و «ئەوان» دەدا: «لەگەڵ بێگانەدا ژیان داهاتووی نییە. ناتوانین شتی ئەوتۆی لەسەرەوە بینا بکەین. ڕاستە ئەو ژیانە گەلێک خاڵی گرنگی تێدایە، بەڵام ناتوانین بەدڵنیاییەوە کاری بۆ بکەین.»

***

ئیتر بەو جۆرە و بەپێی کەسەکان وەڵامی جیاوازیشمان دێتە بەرگوێ. بەڵام ڕیزکردنی ئەو وەڵامانە بەپێی ڕەوتی ئەو مێتۆدەی بۆ شیکردنەوەیان بەکار دێنرێن، گۆڕانیان بەسەردا دێ. واتە گرنگی ڕێزکردنەکەیان لەو کاتەوە سەرهەڵدەدا کە ئێمە ڕامانگەیاند چ میتۆدێ بۆ لێکۆڵینەوەیان بەکار دێنین. ئەمەش کارێکە بەلای ئێمەوە هێندە گرنگی نییە. چونکە ناوهێنانی هەر میتۆدێ لە هەمان کاتیشدا کارکردنە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی کە هەمان میتۆد دەیخاتە بەردەستمان. ئەوەی ئێمە کاری بۆ دەکەین دووبارەکردنەوەی پرسیارەکەیە و یاداشتکردنی ئەو بنەمایانەی کە لەگەڵ هەموو دووبارەکردنەوەیەکدا ئاشکرا دەبن. کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەو وەڵامە کامەیە کە لەودیو وەڵامەکانی ترەوە خۆیان لێدەشارێتەوە؟

بەلای منەوە وەڵامەکانی سەرەوە جۆرێکن لە نیشانە. جۆرێکن لە دەربڕین کە لەودیوی شێوازی دەربڕینەکەیانەوە ناوەڕۆکێک خۆی شاردۆتەوە و، ئەو ناوەڕۆکەش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەنیشانەکردنی وەڵامەکاندا. نیشانەکانیش پێویستیان بەخوێندنەوە و داماڵین هەیە، بۆ ئەوەی لە دواجاردا لەو ئەفسانە (Myt)یە بگەین کە وەڵامەکان هەوڵی دروستکردنی

دەدەن. کەواتە: ئەو مانایە کامەیە و چییە کە لە شێوازی دەربڕینی هەریەکێ لە وەڵامەکاندا خۆی شاردۆتەوە؟

یەکەمین گرنگی وەڵامەکان لەوەدایە کە شتێکمان لەسەر دیاردەیەکی هاوچەرخ لەلای مرۆڤی کورد پێدەڵێن، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو دیاردەیە لەلامان ڕوون بێ. هەوڵدەدەن دیاردەکەمان لەلا بکەنە دیاردەیەکی «ئاسایی» و «سروشتی» تا وەک حەقیقەتێک پەسەندی بکەین. ئەمەش تایبەتمەندی هەر ئایدۆلۆژییەکە، بیەوێت ڕەوایەتی بداتە خۆی، دەسەڵات بگرێتە دەست و وەک ڕاستییەکی گشت پەسەند خۆی بناسێنێ. کەواتە دەبێ بپرسین: ئەو ئایدۆلۆژییەی لەو دیو وەڵامەکانەوە خۆی بەیان دەکا چ جۆرێکی ئایدۆلۆژییە؟

ئەم ئایدۆلۆژییە بەپلەی یەکەم ئایدۆلۆژییەکی «نێرانە»یە. ئایدۆلۆژییەکە، میراتگری هەموو ئەو بەهایانەیە کە باوکسالارییەت لەسەریانەوە وەستاوە. واتە ئێمە لەبەردەم جیهانبینی و مەرجەکانی ئایدۆلۆژی «نێر»داین لەبەرامبەر «مێ»دا، پیاو لە بەرامبەر ئافرەتدا.

بەپلەی دووهەم، ئایدۆلۆژییەکە ڕابردووخوازە، واتە ناتوانێ خۆی لە ڕابردوو و لە پرەنسیپەکانی لە مێژینەی کۆمەڵگای ئێمە ڕزگار بکا. واتە ئەوەی لەودیو وەڵامەکانەوە خۆی حەشار داوە. هەمان بۆچوونە کە بەردەوام لە کۆمەڵی ئێمەدا بیری پیاوی لە بەرامبەر ئافرەتدا چەکدار کردووە. واتە هەردەم لەسەر ئەو چوارچێوانە کاری کردووە کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئافرەت و دەستنیشان کردنی شوێنی کۆمەڵایەتییانەی ئەو بەکاری هێناون. لەناو ئەو چوارچێوانەشدا ئافرەت کائینێکی گوێڕایەڵە و لە بوونێکی پەراوێزی زیاتر شوێنی ئەوتۆی پێڕەوا نەبینراوە.

ئایدۆلۆژیای نێر، هەردەم بەپێی هەلومەرجەکانی خۆی، یان وەک لە سۆسانا بغۆیگەوە فێر بووین: بەهۆی بەقوربانیکردنی مەرجەکانی «ئافرەت»ەوە، کاری کردووە. بەپێی ئەو مەرجانەش ئافرەت بووێکی بەشداربوو نییە لە جەرگەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵکو بووێکە،



یان ئێستگایەکە، پیاو خۆی لە دوای ماندووبوون، لە دوای کار و چالاکی و سەفەر دەگەڕێتەوە بۆ لای، دەگەڕێتەوە بۆلای تا پشوو بدا، ئارام بێتەوە و غەریزەکانی دامرکێنێتەوە.

ئەگەر پرسیارمان کرد: ئەو جۆرە ئافرەتە لە چ کۆمەڵگایەکدا هەیە؟ بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین: لەهەر کۆمەڵگایەکدا، لە چوارچێوەی هەر کولتوورێکدا کە بزووتنەوەی ئافرەتان تیایدا سەرکوتکرابێ. بەڵام چۆن دڵنیابین لەوەی کە پرۆسەی سەرکوتکردن جێبەجێ دەکرێ؟ بەوەی کە بڕوانین و تێبینی بکەین، ئاخۆ وێنەی زاڵ لەبارەی ئافرەتەوە چۆنە؟ ئافرەتی ئایدیاڵی لەو کۆمەڵگایەدا کێیە؟ چ زمانێک و کام جۆرە وشانە لە وەسفکردنی ئافرەتدا بەکار دێنرێن. ئەمانە هەموویان ئەو هۆیانەن کە دەشێت ئایدۆلۆژیای نێر بەهۆیانەوە بزووتنەوەی ژنان سەرکوت بکا و وێناکانی خۆی بکاتە پارسەنگی ئەو چوارچێوانەی بەهۆیانەوە تەماشای ئافرەت دەکا.

گەڕانەوەکانی ئێمە پابەندی ئەو مەرجانەن، لە ڕاستیدا ئێمە بەعەشقی مەرجە ئایدۆلۆژییەکان و وێناکانمانەوە، دەگەڕێینەوە. ئەو گەڕانەوانە هەم دانانن بەمەرجەکانی ئایدۆلۆژی نێر لە بەرامبەر مێ دا، هەم هێشتنەوەی ئافرەتیشە لەو چوارچێوەیەدا کە دەیکاتە بەشێک لە داراییمان و ڕۆڵی پاشکۆیەتی ئەو دیاری دەکا. ئێمە دەگەڕێینەوە تا بەپێی مەرجەکانمان ئەو ئافرەتە گوێڕایەڵە، بێدەنگە بەهەموو شت ڕازی بووە بدۆزینەوە، کە لە بارودۆخی ئێرەدا نییە! ئافرەتێک کە ئازادی و مافەکانی لە دەست ئێمەدان. لە ئێمە کەمتر دەزانێ، (زمان نازانێ، بەڵام خواردنی باش لێدەنێ، پاک و خاوێن ڕاماندەگرێ و لەگەڵماندا ناکەوێتە گفتوگۆوە).

ئەگەر وەڵامی جیاوازمان هەیە سەبارەت بەدیاردەی هاوسەر دۆزینەوە لە ناوەوە (ئەمەش وەک دیاردەیەکی سەراپاگیرە و خۆی بەیان دەکا): ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەم دیاردەیە زمانێکی دەربڕینی سەربەخۆشی بۆخۆی دروستکردووە، کە یارمەتیمان دەدا وەڵامەکانمان عەقڵانی بکەین. شتەکان

بخەینە قالّبێکی سروشتییەوە. سروشتێکی ئاساییان پێبدەین.. بەجۆرێ بیانرِازێنینەوە کە ئیتر رِێ نەبرێتەوە سەر حەقیقەتەکەیان. بەو جۆرەش «ئەفسانەیەک» دروست دەبێ بۆ رِەوایی دان بەو ئایدۆلۆژییەی کە خۆی لە چارەنووسی ئافرەتانی کۆمەڵگای ئێمە بەرپرسیارە، ئەگەر کارمان لەو بۆچوونە ئایدۆلۆژییەماندا کردبا، هەندەران هەلێکی باش بوو، بۆ ئەوەی حەزلێکردن و خۆشەویستیمان بەختیاری بۆ دابین کردباین.

– ئایا بەختیارین؟!

من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گوێ بۆ هیچ پیاوێک رِاناگرم. تەنیا چاوێ بەسەرژمێرییەکانی تەڵاق و جودابوونەوەکاندا دەگێرِمەوە.. یاخود بەرەو مەڵبەندی خانەی ئافرەتان دەرِۆم تا لێم مەعلووم بێ چەند ئافرەتی پەنابەری تر بوونەتە میوانیان!

# بەهەشت لە ئانابێڵ نییە

## (بیرەوەری و لەش)

**لە** سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاییناسان بەگەرمی عەودالّی ئەوە بوون ساخی بکەنەوە، ئاخۆ ئادەم و حەوا ماوەی چەند لە بەهەشتا مابوونەوە؟ دەیانویست کاتی لە بەهەشتا مانەوەی ئادەم و حەوا بەپێوانەی کاتی دنیایی بپێون، ئەوە بوو ئەنجامی ئەو توێژینەوانە گەیاندنیانە ئەو بڕوایەی بڵێن ماوەی مانەوەکەیان بەدەگمەن گەیشتۆتە حەوت کاتژمێر.. بەڵام لە پرۆگرامی یەکێک لە گەورەترین سەماخانەکانی کۆپنهاگن دا، کە باڵاخانەیەکی پێنج نهۆمە و پێشانگا، قاوەخانە و تیپی مۆسیقای خۆی هەیە، نووسراوە: «لێرە بۆت هەیە ماوەی کاتژمێرێ لە بەهەشتا ببەیتە سەر»!

***

یەکەم جار بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتم، سەرنجم دەدا و بیرم دەکردەوە، بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی لەکاتی سەرنجداندا ڕێ لە بیرکردنەوەم بگرم و ئەوەیش کە بیرم لێدەکردەوە ئەوە نەبوو کە سەرنجم دەدایێ. هەرگیز بەڕوونیش نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە. ئێستگای پاسەکانم جێدەهێشتن، هێندەی نەدەبرد پاسێ بەلامدا ڕەت دەبوو! گوڕم دەدایەوە بەر هەنگاوەکانم تا دەگەیشتمە ئێستگای پاسێکی تر. ئاهەنگی ئەودیو پەنجەرەیەک لە ماڵێکدا و دەنگی مۆسیقایەکی بەرز، یان غەڵبەغەڵبی دوکەڵاوی بەردەم دەرگای مەیخانەیەک، دیسانەوە هاتنی پاسەکانیان لە بیر دەبردمەوە. ئیدی دەڕۆیشتم. بەقاچەکانم لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبووم و، خەیاڵەکانیش کزەی سەرمای لە تاریکییەوە ئاڵاوی شەقامیان بیر دەبردمەوە. بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن بەرەو هیچ شوێن و هەموو شوێنێ.



ئێوارانی هەینی و شەوانی شەممەی کۆپنهاگن، سەماگە و مەیخانەکان جمەیان دێ.. هەموویان نا، تەنیا ئەوانەی وادەی لە بەهەشتا مانەوەی زیاتر بەمیوانەکانیان دەدەن.. لەوە دەچوو من بەرەو بەهەشت هەنگاو بنێم!

***

هەرزەکارانی وەرزشکردوو، بەتوێی بلووسێکی نیوقۆڵەوە و کچانی پشتێن لەقەد کە مەمکەوانەکانیان بەڕووی دەرەوەی کراسەکانیاندا دووریون، هەموو ڕوو دەکەنە ئێرە بۆ ئەوەی هیوایان بێتە دی. ئەو هیوایەی چیدی لە ژیانی ڕۆژانەی شارە گەورەکاندا نایەتەدی، هیوای خۆشبەختی یاخود کاتژمێرێ لە بەهەشتا مانەوە!

لەسەر سەکۆی سەماکردن، ئەو شوێنەی کەس لەگەڵ کەسدا سەما ناکا، بەڵکو هەر یەک بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، جۆرێ لە جۆرەکانی «پێکەوەبوون» نابینیت، کەس گیرۆدەی ئەویتر نییە، دەنگی بەرزی مۆسیقای ڕۆک هەر یەکێ لە سەماکەرانی بەخودی خۆیەوە و بەجووڵەی لەشی خۆیەوە گیرۆدە و سەرقاڵکردووە. لەوێ لەش ئامرازی یان هۆیەک نییە بۆ پەیوەندیکردن بەدەوروبەرەوە، بەڵکو وەک سەربەخۆییەک وەک پانتاییەک وایە کە «خود»ی مرۆی خۆرئاوایی وەئاگایە لە ئاستیدا و بەو جۆرەی دەکاردێنێ کە خۆی چێژی لێوەردەگرێ.

خۆمان لە جیهانی پۆست مۆدێرندا دەبینینەوە، لەم جیهانەشدا لەش باشترین هۆیە بۆ تەعبیر کردن لە کەسێتی. تازە نە ئەو پێناسە ڕەوشتامێزە (اخلاقی)یەی بۆ دەگونجێ کە مەسیحییەت وەک نەریتێ سەپاندبووی، چونکە چیدی لەش هەر تەنیا گۆشت نییە و نە ئەو پێناسەیەش کە ئابووری سیاسی دەیکرد، چونکە چیدی لەش «هێزی کار» نییە.

لە جیهانی ناوبراودا، لەش نیشانەیەکە بۆ سەرمایە کەڵەکە کردن، بۆ گەیشتن بەناوبانگ، بۆ بوونە ئەستێرەی سینەمایی و، لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکە بۆ سەرسووڕماندن و سەپاندنی کەسایەتی.. جووڵەکان و خۆڕاوەشاندنەکانی ئەو لەشە، زۆربەی جار لەزرینگەی تۆنەکانی مۆسیقا

ڕادەپسکێن. مۆسیقا هەرچییەک بێ کاریگەرییەکە لە دەرەوە بۆ سەر لەش و ناتوانێ هەتا سەر جوولەکانی کۆنترۆڵ بکا، چونکە لەش ملکەچ و پاشکۆی بڕیارەکانی خودە و کاتێک خود بڕیار بدا. «سەربەخۆ» بێ و لە چوارچێوەکان دەرچێ، ئیدی لەش تەنیا جێبەجێ کردنی لەسەرە، تەنانەت ئەگەر جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە یاخیبوونیش بێ لە تۆنەکانی مۆسیقا!

گەلێ جار بزاڤەکان نەگونجاو دێنە پێش چاو: ڕوخساری ئاسایی گەنجێکی ئەورووپی بەهەوای ئامێرە ئەلەکترۆنییەکانی مۆسیقا، بەجۆرێ گرژ دەبێتەوە و دەمارەکانی بەجۆرێ هەڵدەستن کە زەحمەتە بۆ من لەو چێژە بگەم کە ئەوان لەم گرژبوون و خاوبوونەوەیە وەریدەگرن.. ئەم شێواز بەخشینە بەلەش، دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە. بەردەوام دەبێ لە دەق بەستن و لەخاوبوونەوە.. دواجار شێوەیەک یان قاڵبێکی ئەوتۆ وەردەگرێ کە بەچاومان ئاشنایە. پەسەندی دەکەین و ڕەنگە حەز بەلاساییکردنەوەشی بکەین، ئەمەش ئەو قاڵبەیە کە خودی ناوەوەی سەماکەر بڕیاری لەسەر داوە.

لەسەر سەکۆی سەماگە، هونەر ئەوە نییە تۆ وەک سەماکەرێ شتەکان و کەسەکانی دەوروبەرت ببینی، بەڵکو ئەوەیە کە خۆت «ببینرێیت» سەرنجڕاکێش بیت و دانت پیابنرێ. هونەر ئەوەیە خودی خۆت لەو پێوەندانگانە ڕزگار بکەیت، کە لەشت لە شوێنە گشتییەکاندا ملکەچیانە و دەقت پێدەبەستن! دەبێ بەگەنجی ببینرێیت و، سەرنجڕاکێش بیت تا نەفرەت لە پیریی بکەیت. ئاواتخواستنە بەو شادییەی لەساتەوەختی «بینین»دا سەرهەڵدەدا، کە شەوانی شەممە هەزاران گەنج بەرەو ئانابێڵ بەرەو بەهەشتی سەکۆی سەماخانەکان ڕاپێچدەکا.

چ تەنیاییەکی کوشندەن شارە گەورەکان؟

***

سەما و هەڵپەڕینەکانی ئێمە سەرنج ڕادەکێشن و پەیڕەوی هارمۆنییەتێکی تایبەت دەکەن، بەڵام لەش (تاکە لەش) تیایاندا ونە. سەربەخۆیی لێ زەوتکراوە، چونکە «خود» ناتوانێ لە تۆنەکانی مۆسیقا



یاخی ببێ و کەسی سەماکەر بۆی نییە لە ڕیز و دەستەی سەماکەران بچێتە دەر. سەمای چۆپی، شێخانی، سێ پێیی و هتد.. لەسەر بنەمای هەرەوەزی و پێکەوەیی سەماکەران بەندن.. لەش و بزاڤەکانی تاکە کەس، پاشکۆ و دووبارەکردنەوەی بزاڤی لەشەکانی ترن. ئەگەر جارناجارێ، «سەرچۆپی گر» جۆرێک لە یاخیبوون، جۆرێ لە ڕیزپەڕی و هەڵفکین پێشان بدا، هەرگیز نیازی بەجێهێشتن و خۆجیاکردنەوەی لە دەست نییە، دەستە پاشکۆی بڕیارەکانی سەرچۆپیگرە و، سەرچۆپیکێشیش، دەستەسڕەکەی دەستی وەک هۆکارێکی کۆنترۆڵکەر بەکار دێنێ!

لە سەمای کوردیدا، خۆشی و هونەر لەوەدا نییە سەماکەران بێن بەچەندین دەستەوە، بەڵکو لەوەدایە، بەدرێژکردنەوەی ڕیزی هەڵپەڕین ململانێ لەگەڵ ئەو سنوورەدا بکرێ کە شوێنی هەڵپەڕینەکە دەیسەپێنێ. درێژبوونەوەی ڕیزی هەڵپەڕین ڕۆڵی سەرچۆپیگر گەورە دەکا و لێرەشەوە بیرکردنەوە لەوەی «سەرچۆپیگر» دەست بەردات کەمتر و کەمتر دەبێتەوە. دەست بەردان جۆرێکە لە بەزین و دۆڕاندن.. تا سەرچۆپیگریش بەردەوام بێ. بەدەگمەن کەسانێکی دی هەوڵی ئەستاندنی شوێنی سەرچۆپیگر دەدەن: ئەمە جۆرێکە لە سنوورشکاندن، لە هەڵگەڕانەوە و یاخیگەریی!

لێرەدایە، بواری یاخیبوونی لەش لە مۆسیقا و، سەربەخۆیی سەماکەری تاک لە کۆمەڵی سەماکەران و، سەماکەران لە سەرچۆپیگر؛ مانای نامێنێ.

کاتێکیش دەچینە ئانابێڵ، دەتوانین لەسەر ئاوازی تۆنەکانی مۆسیقای ڕۆک، جاز و مۆسیقای بەرزی دیسکۆکان سەما بکەین، بەڵام کەمتر ڕێدەکەوێ لەشمان ئازاد و سەربەست بجووڵێ. کەم ڕێدەکەوێ بەپلەی ئەو لەخۆچوونە بگەین کە مرۆڤی ئەورووپی لەگەڵ گوێگرتنا پێیدەگا و چێژی لێوەردەگرێ و بەهۆی ئازادی پێدانی ڕەها بەلەشی خۆی، لە تۆنەکانی مۆسیقا یاخی دەبێ.

مخابن.. لە جیاتی ئەوە، بزاڤی لەشمان کۆنترۆڵ دەکەین، تەماشای دەوروبەرمان دەکەین.. بەلامانەوە گرنگە ئەوانی دی چۆن سەما دەکەن، لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە: دوای سەماکردن بەوردی لە یادمان چووە

لەگەڵ کێ سەمامانکردووە. کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەکاتی سەماکردندا ئاگابووین و ناوەوەمان وەک کۆنترۆڵی بەسەر لەشمانەوە کاریکردووە. ئیدی لەبری ئەوەی سەماکردن ببێتە جۆرێ لە چێژ و ئارام بوونەوەمان، دەبێتە هۆیەک بۆ ماندووبوونمان، لە بری ئەوەی ئامادەبوونمان لەسەر سەکۆی سەماگە، ئامادەبوونێکی ڕاستگۆیانە بووبێ، سەیر دەکەین لە «خۆپێشاندانێک»ی ساختە زیاتر نەبووە...

***

کاتێ «خود»ێک لەو دیو چینەکانی لەشەوە نەبێ و لەش بەرەو یاخیبوون ڕاپێچ نەکا، ئەوە لەش نابێتە بەشێک لە مێژوو، نە ڕابردووی خۆی دەناسێ نە هیچ لەسەر داهاتووی دەزانێ.. نە بەهۆی گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکانی ڕابردووی دەتوانێ شوێنی ئێستای پێناسە بکا، نە بەهۆی بازدانیش بەرەو داهاتوو توانای ئاخاوتنی هەیە لەبارەی ئێستای شوێنی خۆیەوە. ئەو لەشە خۆی ناناسێ. تەنیا خاوەنی ئەو بیرەوەریانەیە کە لەسەر توێخە دەرەکییەکانی خۆی یاداشتبوون و، ئەو بیرەوەرییانەش هەرگیز ناگەن بەئاستێکی دەربڕینی زمانی و لە شێوەی «پانتۆمیم»دا دەمێننەوە. پانتۆمیمێ کە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، نموونە:

کەسێکی ئازیزمان لێ دەمرێ، ڕۆژگارێکی زۆر پاش مردنەکەی (ڕۆژگارێ کە ئیدی ئێمە گەڕاوینەتەوە دۆخی ئاساییمان)، لەپڕ بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئێستا خەریکبووین بانگی مردووەکەمان بکەین و داوای لێبکەین نانمان لەگەڵ بخوا، دەستمان بۆ تەلەفۆن درێژ بووە، بەمەبەستی ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەین، یاخود لە بازاڕ چاومان گێڕاوە بۆ دیارییەک تا بۆی بکڕین. نا؛ ئەوانە هیچیان نا.. بەڵام ڕێدەکەوێ بەدڵنیاییەوە بەهاوڕێ و کەسێکمان بڵێین: «تۆ بۆنی فلانت لێدێ. دڵم پێت دەکرێتەوە!»

دەشێت ئەو بیرەوەرییانەی لەگەڵ مردووەکانماندا هەمانن و دەتوانین بەهۆی زمان و ئاخاوتنەوە دەریانبڕین، زوو ئارام ببنەوە، بەڵام بیرەوەرییەکانی لەش ماوەیەکی دوور و درێژ خۆیان دووبارە دەکەنەوە. وەک



ئەوەی دەیانەوێ حوکمی مەرگ پەسەند بکەن، زمان مەرگی بیرەوەرییەکان نزیک دەخاتەوە. بەڵام لەش یادیان دەکاتەوە!

***

مۆسیقا وەک بۆنی خۆش، سەرلەنوێ بانگی بیرەوەرییەکان دەکاتەوە، هەر بۆیەشە زەحمەتە بتوانین بیر لە بەرزی و نزمی تۆنە مۆسیقییەکان و جیاوازییە دەنگییەکانیان بکەینەوە، بەبێ ئەوەی خەیاڵ بەرەو هەرێمی بیرەوەری نەبردبین، بەڵام چەندە مۆسیقا لە سرووشتەوە نزیک بێ و سرووشت لە مۆسیقادا ئامادەبێ، بیرەوەرییەکانیش ئەوەندە لە پانتاییە قووڵەکانی لەشەوە سەر دەردێنن و زیندوو دەبنەوە. مۆسیقا کلیلێکە دەرگا داخراوەکانی لەشمان دەکاتەوە، مۆسیقا چەندە هاژێنەر بێت، لەشیش هێندە ئاسان خۆی بەدەستەوە دەدا. بۆ ئەوەی لەش بێتە گۆ، پێویستمان بەگوێگرتن لە مۆسیقایەک هەیە کە بتوانێ لەش بهێنێتە دواندن.

سەرگەرمی ئەنجامدانی کارێکم و لەپڕ هێزی بەرەو گوێگرتن لە گۆرانییەک ڕاپێچم دەکا. لە ناو کۆمەڵێ کاسێتی جۆراوجۆردا کە بەناوی گۆرانیبێژەکانیانا دەیانناسمەوە، دەستم دانەیەکیان هەڵدەبژێرێ، وەک ئەوەی هەمان هێز پێم بڵێ: «ئەمەیان» سەید عەلی ئەسغەر، کاوێساغا، محەمەد عارف، سێوە، مامڵێ، شارۆخی، دیلان، یاخود لەناو گۆرانیبێژە تازەکاندا گۆرانییەک بۆ نموونە گۆرانی «کوڕی ئەمشەو ناڵەی دەف و..» بەدەنگی بەهجەت یەحیا. بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا پەیوەندی دروستبکەم، پێویستیم بەوە نییە لە جەنجاڵی شارێکدا بم یان لەناو شایی و زەماوەندێکدا. چونکە ئەم بەرهەمە لە تەنیاییدا دەدوێ. بەرهەمێکە لە دووریی ڕیزەکانی هەڵپەڕکێ، لە دووریی کۆنترۆڵی سەرچۆپیگر و لە دەرەوەی هەرە جۆرە جەنجاڵییەکی کۆمەڵیدا لەدایک بووە.

بەگوێگرتنم لەم ئاوازە، یەکەم جار هەندێ کردەی بێ ئیرادە (وەک تیۆریی سایکۆلۆژیای ڕەفتار پێمان دەڵێ) سەرهەڵدەدەن: سەرم دەکەوێتە جووڵە، نێوچەوانم دێتەوە یەک و لێوەکانم دەکەونە بزووتن. ئاوازەکە

دەبێتە بەشێک لە من و، لەشی من دەبێتە پانتاییەک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تۆنەکان، وردەوردە لە چینەکانی سەرەوەی پێستەوە بەرەو قووڵاییەکانی جەستە هەستێک دامدەگرێ، لەوێدایە بیرەوەرییەکان هرووژمم بۆ دێنن، ئیدی خەو و بێداری، لە خۆچوون و ئارامبوونەوە بەسەر هەستی ئاگامدا زاڵ دەبن و پاشانیش دەحەوێمەوە، ئارام و لەسەرخۆ، بەردەوام دەبم لە ئەنجامدانی کارەکەمدا.

ئەو ڕەگەزە هونەرییەی لەم بەرهەمەدا بوارم بۆ دەڕەخسێنێ کە پەیوەندی بەلەشی خۆمەوە بکەم و سەربەخۆیی خۆم بەدەست بێنم، هەرگیز دەقی گۆرانییەکە نییە: دەق لە گۆرانیدا بەهەمان شێوە نییە کە لەسەر پارچە کاغەزێ دەبینرێ و دەخوێنرێتەوە. لە گۆرانیدا دەق ڕیزبوونی وشەکان نییە بەدوای یەکدا، بەڵکو خۆبەدەستەوەدانی وشەکانە بۆ فەرمانەکانی گەرووی هونەرمەند لە ساتەوەختی کورتبوونەوە و درێژبوونەوەیاندا. هەروەها کە دەقێ توانای هەبوو ببێ بەگۆرانی، ئیدی پەیوەندییە دیدارییەکەی خۆی بەئێمەوە لە دەست دەدا: ئەو شیعرەی دوێنێ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارێ، یاخود لە نێو دیوانی شاعیرەکەیدا دەماندی، ئەمڕۆ بەهەوادا بڵاوبۆتەوە. ئەو دەقەی لەسەر کاغەز ملکەچی خاڵبەندی و نیشانەکانی نووسینە، لە گۆرانیدا ناچارە بەپێی زرینگانەوەی تۆنەکانی مۆسیقا و سیستەمی هەناسەی هونەرمەند هەڵسوکەوت بکا. دەقێ کە تا دوێنێ بەهۆی «خوێندەواری»مانەوە پەیوەندی لەگەڵ دەبەستین، ئەمڕۆ بەتەنیا «گوێگرتنمان» بۆی، دەتوانین لەگەڵیدا بکەوینە پەیوەندییەوە. ئەو دەقەی جاران دەبوو بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەبەری بکەین و بەخوێندنەوەیەکی میکانیکییانەی لەبەردەمی مامۆستادا خۆمانی لێ ڕزگار کەین، ئەمڕۆ لەگەڵ دەنگی هونەرمەندێکدا ئاسان دێتە گوێمانەوە. لە هەمووی گرنگتر: ئەو دەقەی پێشتر بەیاریدەی نیشانەناسی بەرهەمی نووسراوەوە لێمان دەکۆڵییەوە، دەبێ ئێستا بەیاریدەی نیشانەناسی دەنگ و مۆسیقاوە لێی بکۆڵینەوە و هتد.. دەقی گۆرانییەکەی «بەهجەت» بەپلەی یەکەم دەقێکە لە کەش و هەوایەکی نۆستالۆژیدا. دەقێکە بەرەو شوێنێکم دەبا کە تەنیایی «من» تیایدا ونە و، جۆرێکە یان خۆزگەیەکە بۆ



بەستنەوەی «من» بەئەوانی ترەوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی من بۆ ئەم بەرهەمە ڕادەکێشێ دەنگە. تێکەڵبوونی دەنگی مرۆڤ لەگەڵ دەنگی مۆسیقا و ئاوازی گەروو لەگەڵ ئاوازی ئامێرە مۆسیقییەکان، ڕۆحێکی ڕێنیسانسی لەم بەرهەمەدا ئامادەیە، بەو مانایەی هونەرمەندانی مۆسیقای سەردەمی ڕێنیسانس هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو ئاوازی ئادەمی و دەنگی مۆسیقا لێک نزیک بخەنەوە و دەنگی ئامێرە مۆسیقییەکان تا سنووری بۆ لووان لە دەنگی مرۆڤەوە نزیک بێ.

لەم بەرهەمەدا، دەنگی گەرووی هونەرمەند لە هەمان شوێنەوە دێتە بەرگوێ کە دەنگی مۆسیقای لێوە ئاوا دەبێ و، ئامێرەکانی مۆسیقا لە کاتێکدا بەهانای دەنگی هونەرمەندەوە دێن کە ئیدی مەودایەک بۆ جیابوونەوە نەماوە: مەودایێ کە بتوانین لێوەی بێینە دەرێ و خۆمان لە جیهانی تۆن و وریتەی ئاوازەکان جیا بکەینەوە، هەربۆیەشە کاتێک گۆرانییەکە لە کاسێتەکەدا تەواو دەبێ، لە زەین و بیرەوەری ئێمەدا بەردەوامی وەردەگرێ و دەبێتە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لەش و دەبێتە ڕاڕەوێ بۆ لێوە ڕزگاربوونی یادەکانی ناوەوە. ژێر قووڵترین توێخی لەش! ئیدی لێرەوە بەئاوازبوونی لەش لە لایەن ئاگایی و ئاگاییمان لەلایەن نەریتەکانی کۆمەڵەوە هیچ مانایەکی نامێنێ. من لەو ساتانەدا نابینم، بەڵام دەبینرێم، لەشی من درێژکراوەی لەشەکانی تر و جووڵەی ئەوان نییە، بەڵکو پەیڕەوی ئەو فەرمانانە دەکا کە ناوەوەم لە دژی بەقاڵبوونی لەشم لەسەر ئەم کورسییەی لەسەری دانیشتووم ولە دژی ئەو شێوازەی کە شوێنە گشتییەکان. شەقامەکان و سەرکورسی کار و خوێندن بەلەشمی ڕەوا دەبینن! دەریان دەکا. ئیدی «خود» دەکەوێتە سەماکردن، لە ئاهەنگی سەربەخۆیی خۆیدا سەرچۆپی دەگرێ، لەش دەبێتە میوانی پایتەختی خۆی، خۆی دەبێتە پایتەخت.

***

لە ئانابێل و لە هەر دیسکۆ و سەماگەیەکی تردا، گەورەترین کێشەم ئەوەیە. چۆن پەیوەندی لەگەڵ لەشی خۆمدا ببەستم؟ پێم وایشە ئەمە

کێشەی هەموو لەشێکە کە درێژکراوەی لەشێکی گەورەتر، یاخود لەشەکانی تر بێ: ڕاستە من دەتوانم لە هەموو ئەم شوێنانەدا ئامادەیی دەربڕم کە پانتایی خۆپێشکەش کردن و پەیوەندی بەستنی ئەوانی ترن لەگەڵ یەکتردا و، پانتایی پەیوەندیکردنی ئەوانی ترن بەلەشی خۆیانەوە، بەڵام هەرگیز مەرج نییە ئامادەبوونی من لە هەمان پانتاییدا یەکسان بێ بەخۆپێشکەشکردن و پەیوەندی گرتنی من بەخۆم و ئەوانی ترەوە. بڕواشم وا نییە بۆ پەیوەندی بەستن دەبێ لەشەکان هەمان قەبارە و هەمان هێزیان تێدابێ، دەشێ لەشێکی بچووک لەگەڵ لەشێکی گەورەدا پەیوەندی ببەستێ و، لەشێکی بەهێز ببێتە هاودەمی لەشێکی لاواز.. بەڵام بەمەرجێ هەردوو ئەو لەشانە سەربەخۆیی خۆیان لە یەکتری و لە لەشەکانی دی وەدەستهێنا بێ و هەریەکەیان لە دوا بڕیاردا پابەند و گوێڕایەڵی ئەو «خود»ە بن کە لەو دیو هەر یەکێکیانەوە ئامادەیە.

دەکرێ لە ئاستی ئاگاییەکی دیاریکراودابم، بەڵام لەشم پاشکۆی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی و لێرەشەوە ئاگایی من بەرامبەر بەدەوروبەرم، بەرامبەر بەوەی ئازیزێکم لە دەست چووە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، لەش بیرەوەرییەکانی خۆی بەزمانی پانتۆمیم دووبارە دەکاتەوە.. ژوورێکی سەربەخۆم هەیە، بەڵام دەستەکانم بڕیار دەدەن؛ چ نیگارێ بەدیوارەکانیا هەڵواسم. دەستەکانم بڕیار دەدەن چ کاسێتێک بۆ گوێگرتن هەڵبژێرم و چۆن کەلوپەلی نێو ماڵەکەم ڕێک بخەم. زمانم بڕیار دەدا چێژی ئەو خواردنەی لە تەنیاییدا دروستم کردووە بەتەنیاییش دەیخۆم، تا چ ڕادەیەک لە چێژی ئەو خواردنانەوە نزیکە کە چێژیان وەک بیرەوەری لەسەر زمانم ئامادەن.

***

بەلای تیۆلۆگی ئەڵمانییەوە «مارتین بۆبەر» (١٨٧٨-١٩٦٥) بەرزترین پلە کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ، بریتییە لە پێکەوەبوونی ئەو مرۆڤە لەگەڵ مرۆیەکی تردا. بۆبەر جیاوازی لە نێوان دووجۆر پێکەوەبووندا دەکا: پێکەوە بوونی «من- ئەو» پێکەوەبوونی «من- تۆ» (ل: ٣٧)*



ئێمە لە بواری پێکەوەبوونی یەکەمدا واتە «من- ئەو» تەنیا پەیوەندی لەگەڵ «بەشێک» لەو مرۆڤەی دی دەبەستین و بەپێی ئەو حساباتەی لەبەرچاویان دەگرین، ئەو حوکمانەی لە پێشەوە دەیاندەین و لێکدانەوەی زۆر جار هەڵەکانمان، دێین کەسێتی ئەوی دیکە هەڵدەسەنگێنین. بۆیە تەنیا یەکێ لە ئێمە چێژ لەو یەکتر بینین و پێکەوە بوونە وەردەگرین، بەڵام لەباری پێکەوە بوونی «من- تۆ»دا، هەردوولا ئەویتر وەک ئەوە قەبووڵ دەکەن کە خۆی هەیە و ئامادەیی هەر کامێک، ئامادەبوونێکی ئینسانی ئەو کەسەیە، «من»ی هەر یەکێ لە ئێمە لەو پێکەوەبووندا ئامادەیە و ڕۆڵی خۆی دەبینێ. هیچ حوکم و دادوەرییەکی لەوەوپێش لەم پێکەوە بوونەی ئێستای من-تۆدا ڕۆڵی نامێنێ، بۆیە هەردووکمان وەک یەک چێژ لەبەری پێکەوەبوونەکەمان وەردەگرین، وەک دوو خودی سەربەخۆ.

کاتێ من لەسەر سەکۆی سەماگەیەکی شاری کۆپنهاگن، شەقامێکی پاریس یان لە قاوەخانەیەکی ئۆسلۆدا نەتوانم هەمان چێژ لە مۆسیقای ڕۆک و پۆپ و هتد.. وەربگرم و هەمان پلەی سەرسووڕمانی لە ئاستیا پێشان نەدەم کە گەنجێکی خەڵکی کۆپنهاگن، یان پاریس و ئۆسلۆ پێشانی دەدا: ئەوە بێگومان ئاستی پێکەوە بوونەکەمان لە پلەی «من - ئەو» زیاتر تێنەپەڕیوە. هەر یەکەمان لە ڕوانگەی «من»ی خۆیەوە «ئەو»ی یەکترین و لە کات و شوێنێکی تایبەتا بەبێ هیچ ئەتمۆسفێرێکی پتەو ئامادەین.

بەڵام کاتێک بەهۆی ڕێکەوتێکەوە هەمان گەنج لە ژوورەکەی مندا گوێ لە مۆسیقای من دەگرێ: بەداخەوە هەمان ئاستی پێکەوە بوون: «من- ئەو» وەک خۆی دەمێنێتەوە، چونکە ئەویش هەمان کێشەی بەدەست مۆسیقای منەوە هەیە کە من بەدەست هی ئەوەوە! دوو «ئەو» لە یەک کات و شوێندا و مەودای نێوانیشیان بەتاڵ و حەتاڵ.

لێرەوە دەشێت چوونی من بۆ سەر سەکۆی سەماگاکانی ئەو، جووڵە و خۆبادانی من لەسەر ئاوازەکانی ئەو، جووڵە و خۆبادانێکی ساختە بێ، هەر وەکو چۆن دەشێت پەرچەکردارەکانی ئەویش بۆ ئاوازەکانی من

دەستکرد بن. ئیدی ئەم بنەما ساختەیەی پێکەوە بوونە کە هەمووی چێژێ دەکوژێ و مانای هەموو پێکەوە بوونێ بەتاڵ دەکاتەوە.

بەڕاستی کچێکی دانمارکی، سوێدی، فەرەنسی یان ئەڵمانی، توانای فێربوونی هەموو یاساکانی سەمای عەرەبییان هەیە و، حاڵی حازر لەم وڵاتەدا میهرەجانی ساڵانە بۆ هەڵبژاردنی باشترین سەماکەر دەکرێ. بەڵام چی لەوەمان دڵنیا دەکاتەوە کە فێربوونی هەموو یاساکان نیشانەی فێربوونی سەمای عەرەبییە؟ یان ڕەنگە ژمارەیەکی زۆری بێگانە وەک هەر کوردێ بتوانن فێری هەڵپەڕکێکانی ئێمە بن، بەڵام چۆن لەوە دڵنیا بین ئەو بێگانەیە وەک کورد هەڵدەپەڕێ؟ بەپێچەوانەیشەوە، دەشێت ئاوازە بێگانەکان و حەزی خۆمان هانمان بدات بۆ فێربوونی دانس و جۆرەکانی سەمای خۆرئاوایی، بەڵام ئەگەر لەو سەما کردنەدا «خود» ڕۆڵی خۆی نەبینێ، ئەوە تەنیا هەنگاوێکمان بەرەو تیرۆری لەشمان هەڵێناوە و هیچی دی! کوشتنی لەش بەئاوازێکی نامۆ، وەک کوشتنی لەش وایە بەگوللەیەکی وێڵ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئازادی «خود» زەوت دەکرێ.

ئەو ئاوازە کامەیە کە دەشێت هەردوولا بخاتە سەما و هەمان چێژ بەهەردوو لا بدا، کە هەر یەک لە تەنیایی خۆیدا لە ئاوازی خۆی وەریدەگرێ؟ تەنیا ئەو ئاوازە سنوور بۆ پێکەوە بوونە ساختەکان دادەنێ و دەیانگۆڕێ بۆ پێکەوەبوونی ڕاستەقینە!

***

دەشێت ئیدی نەچم بۆ ئانابێڵ، دەستی هیچ سەرچۆپیگرێ نەگرم و لەسەر سەکۆی هیچ سەماگەیەک سەمای ساختە نەکەم. لێدەگەڕێم ئاوازێ لەم غوربەتەم بشواتەوە و، هەوڵدەدەم نەخشەی ڕازاندنەوەی ژوورەکەم بگۆڕم. دەستەکانم دەیانەوێ ئاوازێ بۆ گوێگرتن هەڵبژێرن، بیرەوەرییەکانی لەش بهێنێتە گۆ. دەشێت ئیدی نەچم بۆ ئانابێڵ. نا، بەهەشت لە ئانابێڵ نییە، بەهەشتی من.

* Flomer L: Eksistenspsykologi 1987- LM–۳۸–۳۷ لاپەڕە

بەشی دووهەم

# خوێندنەوەکان..

# هەندێ خەتی پێچاوپێچی ڕەش و سپی

**(گەشتێک بەجیهانی مانای تابلۆکانی ولیم هاینەسن)دا**

## خوێندنەوەی یەکەم

**ولیم** هاینەسن لە تۆرس هاون، پایتەختی کۆمەڵە دوورگەی «فیوئۆرا» (دوورگەی پەز) لەو شوێنەی دەریا نهێنییە ئەبەدییەکانی خۆی دەپارێزێ، لە دایکبووە. لە باوەشی تەم و تاڤگە و دەریادا گەورە بووە و گوێچکەشی بەناڵەی کەشتییە ماندووە لە دوور ڕا هاتووەکانی هەندەران، کە ماوە ماوە لە ئاسۆوە بەرەو بەندەری خانە ڕەنگینی تۆرس هاون دەهاژۆن و دەستە دەستە بێگانەی نامۆی هەمەڕەنگ و ڕەگەز دەکەنە میوانی وڵات، گۆش کراوە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەم دوورگانە بناسێ، نەخشە چاپکراوەکانی جیهان هیچ یارمەتییەکی نادەن. ئەم وڵاتە لە نەخشەدا هێندە بچووکە، هێند دوورە دەستە، کە گەڕانەوە بۆ نەخشەکان بیری سەفەرمان لەسەردا دەمرێنن.. بەڵام نابێ هەموو کاتێ بڕوا بەنەخشەکان بکرێ، نەخشەکان تەنیا کۆمەڵێ خەتی پێچاوپێچن، نە نوێنەری ناسنامەی وڵاتێک دەکەن، نە هی سروشتی مەڵبەندێ.

سەفەر خوێندنەوەی کتێبێکە تۆی خوێنەر، بەڕێبوارێک دەچی هەر جارەی تێپەڕینت بەشار و مەڵبەندێکا، شتی تازە و ڕازی نوێت بۆ ئاشکرا دەبێ، هەر گوزەرکردنێکت لە حوکمی ئامادەبوونێکی زیندووە لە ماهییەتی جوانی ئەو دیمەنانەدا کە ناشێی بەجارێک و دووجار، بەخوێندنەوەیەک و دووبارە خوێندنەوەیەکی تر دەرک بەڕازیان بکرێ.

سەفەر خوێندنەوەیەکە لە دەرەوەی جەنجاڵی، هەر وەکو چۆن خوێندنەوەش



سەفەرێکە لە تەنیاییدا، ڕۆلان بارت ئامۆژگاریمان دەکا، لە پێناوی خوێندنەوەدا پێویستە لاپەڕ و گۆشەگیر بین و مارسێل پرۆست، ئەو سوڵتانی خەیاڵە، ئەم ساتە وەختەی ناو نا خۆبەندکردنی ناو کەشتی و نووسی: «وەختێ منالّ بووم، چارەنووسی هیچ کامێ لە پێغەمبەران بەلامەوە لە چارەنووسی (نووح) دەردەدارتر نەبوو کە گەرداو ماوەی چل ڕۆژان لە کەشتیدا دەستبەسەری کرد، منیش لەوەو دوا زۆربەی کات نەخۆش و بیمار بووم و ڕۆژگارێکی زۆر لە «کەشتی»یەکەمدا مامەوە. ئەو دەمە تێگەیشتم کە نووح نەیتوانیبوو هیچ کاتێ جیهان بەو باشییە ببینێ کە لە کەشتیدا دیتبووی. هەرچەندە «کەشتییەکەی تەنگ و داخراو، زەویش تاریکە سەڵات بوو».



بارت و پرۆست، جەخت لەسەر مەسەلەیەک دەکەن: بینینی جیهان و دەوروبەر بەشێوەیەکی تر بەمەرجێ بتوانین لە «کەشتییە»کەماندا خۆمان تەنیایی چێژ وەرگرتن لە شتەکان و دیمەن و دیاردەکان بکەین. کەشتی پەنجەرەیەکی ترە بەرەو جیهانی بێبڕانەوەی هەندەران و خەیاڵ، ئەو هەندەرانەی تەنیا نەهەنگەکان بۆیان هەیە تیایدا لە خۆیان بایی بن. لە ناوەڕاستی دەریادا، مرۆڤ بوویەکی هێندە بێدەسەڵاتە لە خەیاڵکردنەوەی گەیشتن بەکەنارەکان زیاتر هیچی تری لە دەست نایەت. بەڵام ئەی خەیاڵکردنەوە بۆخۆی دروستکردنی جیهانێکی تر نییە؟ یاخود دوا دەسەڵات نییە بۆ دەست بەسەراگرتنی جیهان؟

***

لە کەشتیدام وگوێییەکانم ئاخنیون تا چیدی لە غەڵبەغەڵبی گەشتکەرە

سەرخۆشەکاندا خۆمم لێ ون نەبێ. دەمەوێ جەستەم بۆ نیگای خەنجەرینی دەوروبەر جێبهێڵم و نیگام ئاراستەی ئەو دیمانانە بکەم کە دەشێ لە چوارچێوەی نیگادا بۆ ساتەوەختێکیش بێ، سەقامیگر بکرێن: دەقی نیگا، دەمەوێ بەخەیاڵکردنەوە لەم سەفەرە کە بۆ من لە حوکمی گەڕان بەشوێن ئازیزان و نیشتمانێکدا بوو، لەزەتێک ببینمەوە تا بتوانم بەهۆیەوە لە تەماشای بێ نیشانە لە جەستە و ڕۆحم هەڵچەقیوی تۆریستەکان دابڕێم و لە خەونێکدا نغرۆ ببم، بێداربوونەوەی نەبێ، مەگەر ئەو کاتەی ناڵەی کەشتی ماندووی گەیشتوە کەنار، بێدارم کاتەوە..

***

تابلۆکانی شاعیر و هونەرمەند و ڕۆماننووس ولیم هاینەسن دێنمە پێش چاوی خۆم و بەبێ ئەوەی بیۆگرافی ساڵەکانی ژیانی ئەم میتافیزیستە بکەمە پەیژەی سەرکەوتن، نۆمایەکی گشتی و هەندێ جار گەورەکراوی ئەم تابلۆیانە یادداشت دەکەم، تا لەم ڕێگایەوە هەم توانیبێتم لە ساڵژمێری میکانییانەی ژیانی هونەرمەند ڕزگار بم و زیاتر پەل بۆ ڕۆحی هونەری بەرهەمەکان بهاوێم، هەم لە جوانترین و بەچێژترین حاڵەتیش بدوێم کە دەشێ سەفەر «نەک ڕوانینە نەخشەکانی دونیا» پێمان ببەخشێت.

لەبەرچاومدا سێ تابلۆی ڕەنگیی لە قەبارەی کارتپۆستال چاپکراودا ڕیز دەکەم کە لە یەکێ لە بنکە تۆریستییەکاندا کڕیومن. دەمەوێ لەسەر کاغەزە خەتدارەکەی بەردەستم هەندێ بیرۆکە بنووسمەوە کە هەم دەلالەتی مانای تابلۆکان بەخۆیانەوە بگرن و هەم ئەو دەلالەتەش کە ئەگەر من ئەو تابلۆیانەم کێشابان، چۆنم دەکێشان، هەوڵی ئەوەم نییە لە ڕێگەی ئەم نیگاکردن و نووسینەوە واقیعی بەرهەمەکان زیندوو بکەمەوە، چونکە ئەوە بەکارێکی بێهوودەی ڕەش و سپی دەزانم.. ڕەنگبێ زیاتر بمەوێ جیاوازی لە نێوان ئەو جۆرەی ڕوانیندا پێشان بدەم کە مرۆڤ وەک گەشتکەر (تۆریست) لە ماوەی گەشتەکەیدا دەبێتە خاوەنی و ئەو ڕوانینەش کە هەیەتی. ڕوانینی گەشتکەران هەمان ڕوانین نییە کە مرۆڤ لە واقیعدا



هەیەتی، ڕوانینی تۆریستانە ڕوانینێکی سارد و کاتییە و ناکرێ لەسەر ئەو ئاستەی ڕوانینەوە لە جیهانبینی و ڕادەی چێژوەرگرتنی ئەو مرۆڤە تێبگەین، لە کاتێکدا ڕوانینی مرۆڤ لە دەرەوەی خواستی تۆریستانە، ئاکامی شێلگیرتر لەسەر بیر و ئەندێشەی هەمان مرۆڤ دەدا بەدەستەوە، گوتوویانە: تۆریست هۆی ئاڵوودەبوونی کولتوور و شارستانییەتە. هەروەکو چۆن دوکەڵی کارگەکانیش دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگەی دەوروبەر.

ئەم نووسینە لەسەر سنووری دوو ڕوانیندا هاتۆتە بەرهەم: نە وەک تۆریستێ بەلای جیهانی ڕەنگەکانا تێپەڕ دەبێ و دەبێتە هۆی ئاڵوودەبوونی کولتوور، نە بانگەشەی خوڵقاندنی دیدگایەکی ئازادیش لەسەر واقیعییەتی بەرهەمەکانەوە دەکا. بەکورتی هەوڵدانێکە بۆ ڕوانینی سێهەم، پرسیارێکە بەرەو رووی خۆمی دەکەمەوە: ئایا من توانیم ببمە تۆریست؟ ئایا پەنابەرێکی خۆرهەڵاتی دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵوودەبوونی کولتوور و شارستانییەت؟ پێم وایە ڕاکردن لە وەڵامی ئەم پرسیارانە بوو، کە ئەم نووسینەی هێنایە بەرهەم. هەرچەند خودی نووسینەکەش هەرگیز نەبوو بەوەڵام.


## تابلۆی یەکەم

سەرەتا دەڵێم، ئەوی پێشتر بۆ ناسینی وڵاتێک ڕەتم کردەوە ڕوانینە نەخشەکان (  )، چونکە نەخشەکان «کۆمەڵێ خەتی پێچاوپێچن»، هەمان شتە کە ئەوەتا بۆ ناسینی تابلۆکان پەنای بۆ دەبەم. تابلۆکانیش وڵاتێکن ناکرێ لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەندێ یادداشتەوە پەی بەڕازی مانایان ببرێ. هەرچەندە ئەو یادداشتانە بەمەبەستی پەی بردن بەنهێنییەکی ئەو ڕازەش نووسرابن، چونکە هێشتا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ خەتە پێچاوپێچەکانی نەخشەدا نییە. بۆ بینینی نیشتمانە دوورە دەستەکان چەندەمان پێویستی بەخۆ تەنیا کردنی نێو کەشتییەکان هەیە، بۆ پەی بردن بەڕازی وڵاتی تابلۆکانیش ئەوەندە.. بەڵام ئاه.. تابلۆکان وڵاتی کەنار و

دالدەن، ئایا دەکرێ پەنایان بۆ نەبەین، ئەگەرچی تەنیا هۆکارێکی ئەو پەنابردنەش «خەتە پێچاوپێچەکانی نووسین» بێ؟

### خەتی پێچاوپێچی یەکەم:

لە ئاسۆی چیا دوورەدەستەکانەوە: خۆر ئاوا دەبێ. لەبەر دوا تیشکی خۆرا: مرۆڤ. ڕووتی ناسنامەی مرۆڤە. مرۆڤ لەم جیهانەدا نە بەهۆی جیاوازی ڕەنگی پێست و موویەوە نە بەهۆی پلەی کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناسرێتەوە. سادەیی و سەما، ڕامان و هەڵوێستەی مرۆڤی ئەم تابلۆیانە لە جەرگەی سرووشتی کراوەدا، دەمانگێڕنەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی ئینسان، تقووسی ئەو خێڵانەمان بیر دەخەنەوە کە هێشتا لە نێوان خۆیان و سرووشتدا هەستیان بەجیاوازی نەدەکرد. ئەم ئەندێشەیە لە سەرجەمی کارەکانی هاینەسن دا ئامادەیە و هەر ئەمەش وای کردووە لە نێوان ڕۆمان و تابلۆکانیدا هەست بەدابڕانێکی ئەوتۆ نەکرێ، جیاوازییەک کە دەکرێ لە



تابلۆی یەکەم



نێوان شیعر و تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەدا هێمای بۆ بکرێ، ڕەگەزی «خاک»ە و خاک لە شیعرەکانیدا ئامادەیە و هەموو جوانییەکی سرووشت دواجار جوانیی خاکە. بەڵام لە تابلۆکانیدا چارەنووسی خاک دراوەتە دەست ساتەوەختەکان، کە ئەم بێ چارەنووسییەش لە دەروونی خاک خۆیدایە، چونکە قابیلی توانەوە و کەمبوونەوەیە: توانەوەی خاک لە ئاودا.

نیشتمانی هونەرمەند لە شێوەی کۆمەڵە دوورگەیەکی بچووکی لێکدابڕاودا، هەمیشە ئەو پرسیارەی هێناوە بەمێشکیدا، ئایا چ هێزێک زامنی نغرۆ نەبوونی ئەم نیشتمانە لێک دابڕاوە دەکا؟ ئەمەش پرسیارێکی ماقووڵە و جگە لە بونیادە میتۆلۆژییەکەی بونیادێکی مێژووییشی هەیە: لە جەنگی یەکەمدا، هەر تەقینەوەیەکی تۆپەکانی ئینگلیز، هاوشان بوو بەلەناوچوونی پارچەیەک لە نیشتیمانی شاعیر.. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بورجی کۆنترۆڵی هێزی سەربازی ئەمەریکا لەسەر بەرزترین لوتکەی ئەم مەڵبەندە جەخت لەسەر زیندوێتی هەمان پرسیار دەکاتەوە. کەواتە نەبوونی دەلالەتی خاک لە ناو تابلۆکاندا بۆتە هۆی بەهێز کردنی دەلالەتی ئاو. ئاو لەم دوورگە بێ چارەنووسانەدا، دوا سەرچاوەیە، هەم ژیان دەبەخشێ و هەم ترسی مەرگ دەخاتە دڵەوە. دوالیزمی ژیان و مەرگیش بەمانای فراوانی ئەم وشانە لە جیهانبینی هونەرمەندا هەستی پێدەکرێ. «ئولە یاکوبسن» لەم بارەیەوە دەڵێ: «مەرگ ئەم هونەرمەندەی ناچار کردووە بژیی»[١]؛ ژیانیش «ئاو»ە لە هەموو حاڵەتەکانیدا؛ چ ئەو دەمەی مەند و کەنارگیرە و، چ ئەوکاتەش بەدڕندانەترین شێوە قەدی تەختەیی کەشتییەکان لە نێوەندی شەپۆلا دەهاڕێ و دەیانکاتە خۆراکی نەهەنگ و ماسییەکان!

خۆرئاوابوون، هەروەکو چۆن ئاهی حەسانەوە و تێپەڕینی ڕۆژێکی ژیان بەمرۆڤ دەبەخشێ، ئاوهایش ترسی شەوێک، یان ئەو ساتەوەختەیش دەخاتە دڵەوە کە نەناسەکان دێنە سەرپەردەی بوون و خۆیان لە ژیانی ئینسان هەڵدەقورتێنن. مرۆڤ گەر ناچاریش بێ بەژیان، هێشتا نابێ لە مەرگ بێخەم بێ، بۆیە لە نێوان ئاوابوونی زەمەنێک و ئامادەیی مرۆڤ بۆ

چوونە ناو زەمەنێکی ترەوە، مەرگ وەکو کۆمەڵێ ڕوخساری ددانگرِ بەچاوە زەقەکانی دەڕوانێ. ئەم ئامادەبییەی مەرگ لە ڕوخساری مرۆڤی نێو تابلۆکاندا دیار نییە. بەڵام ڕامانی ئەم مرۆڤە لە گەرمەی سەما و گۆڤەندی ئێوارەاندا. بەڵگەی ئاگاداربوونی ئەو مرۆڤەمان لە ئاست هەبوونی بێگانە و نەناسدا بۆ دەخاتە ڕوو.

لە گەرمەی سەمای ئێوارەاندا، یەکێک لە سەماکەران ڕوو وەردەگێڕێ و لە سەماکردن دەوەستێ، دەبێ بەدوو بەش: بەشێکیان ڕوو دەکاتە مەرگ و «بەمەش ئاگایی ئینسان لە مەرگ ئاشکرا دەکا». بەشەکەی تریش لە هەرێمی ژیاندا دەمێنێتەوە. ئەو بەشەی ڕووی لە مەرگە وەکو ڕوخسارە ددانگرِ و شاخدارەکانی مەرگ. قابیلی تەئویل نییە، بەڵام ڕزگارکردنی دەستی ڕاست و دانانی لەسەر سنگ، نیشانەی بڕوا بەخۆبوونە. دەستی چەپیش بەهێماکردنی بۆ زەمینەی تابلۆکە، (ئاو) یان بۆ قووڵاییترین شینی ئەم بڕوا بەخۆبوونە زیاتر دەچەسپێنێ: من هەم.، چونکە لە ئاوم.

ئامادە بوونی مەرگ، ئامادەبوونە لە دەرەوەی سنووری ژیان. سەرجەمی تابلۆکە پێمان دەڵێ: هەتا ژیان ئاوا بەجێدی ئامادە بێ، مەرگ لە دەرەوەیە. بەبێ ئەوەی ئەو لە دەرەوە بوونە، دەرەوەیەکی شـــوێنەیی (مەکانی) بێ، چونکە لە سەرجەمی ئەم سێ تابلۆیانەدا، بوونی مەرگ پابەندی شوێن نییە. واتە ڕەسەنایەتی شوێنیی لێ سەندراوەتەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی «تابلۆکانی هونەرمەندانی سەدەکانی ناوەندەوە، کە تیایاندا بەستەری مەرگ لە شێوەی تەختێکی خەوتندا پێشاندراوە، کە حەشاماتێکی زۆر لە دەرگا و پەنجەرەی والای ماتەمـــەراوە تێدەڕوانن.[2] هەربۆیەشە لەم بەرهەمەدا مەرگ لەو دیو سنوورەکانەوە، یان لە بۆشاییەکدا، چاوە چاوی وەدەستهێنانی دەرفەتێکە بۆ پەلاماردان.. بەڕاستی مەرگ لە دەرگا نادا، بەڵکو دەرگای هەل و دەرفەت دەکاتەوە: ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ، کە لە جیهانی ئەم تابلۆیانەدا، ئامادەیی مەرگ، یەکسانە بەغیابی ڕووناکایی، چونکە مەرگ تاریکە!

لە پشتەوەی تابلۆکە بەردەستم نووسراوە: «برینی ڕەنگەکان»، ئەمەش



ناوی کارەکە نییە، بەڵکو شێوەی کارکردنێتی لە تەکنیکی تابلۆکەدا، هونەرمەند لە ڕیزکردن و برین و هارمۆنیکردنی هەندێ ڕەنگ و شێوە و مانا پێبەخشینیاندا ئەم بەرهەمەی خوڵقاندووە، ئەو ڕەنگانەی لێرەدا بەشدارن، بریتین لە: شین و ئاستەکانی (شینی کاڵ، کاڵتر و شینی ئاسمانی)، پاشان ڕەنگی سوور (خۆرەکە)، ڕەنگی زەرد (پرچی ئافرەتە وەستاوەکە)، ڕەنگی گەنمی (سەماکەرەکان)، ڕەنگی پرتەقاڵی (پرچی ئافرەتی ناوەڕاست) و، دواجار ڕەش (پرچی کچی سێهەم) و، ڕەش و سپی کە سەرجەمی سیمای شەیتانەکانی مەرگی داپۆشیوە. ڕەنگی شین، سەرجەمی فەزای تابلۆکەی داگیرکردووە (دەریا، چیا و ئاسمان) ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی جیهانبینینی کارەکەیش هەر لە ژێر دەسەڵاتی شیندا بێ، شینیش خەونی جیهانێکی بێبڕانەوەی خەیاڵە، بۆیە ئێمە پابەند نین ئەم تابلۆیە تەنیا لە چوارچێوە قیاسییەکەیدا (١١x ١٦ سم، ئۆرگینالەکەی: ٥٠ x٩٠سم) تەماشا بکەین، بەڵکو تا چاو بڕ دەکا و تا خەیاڵ توانای هەیە بۆمان هەیە بڕوانین. تا دوورترین مەودای ئاسمان و قووڵترین مەودای دەریا. ئایا ئەمە تێکشکاندنی فەزای باوی کاری هونەری نییە کە تەنیا لە پێشاندانی ئاسمانا خۆی سەقامگیر کردووە؟

## تابلۆی دووهەم

## خەتی پێچاوپێچی دووهەم

دەریا، سەروبنی هەیە، لە سەرەوەی دەریادا پێدەچێ گەلێ نەناس شوێنی خۆیان بکەنەوە. نەناسەکان لەم تابلۆیەشدا هەمان ئەو دزێوە ددانگرِە شاخدارانەن کە ئامادەبوونی مەرگ لە جیهانی مانای کارە هونەرییەکانی هاینەسن دا بەرجەستە دەکەن، بەڵام لە ڕەنگ و بەرگ و شێوەی تر (ئەگەرچی لێرەشدا ئەو مەوجودانە بێ شوێن و ناسنامەن).

سەرەوەی دەریا، مەنزڵگەی ڕێبوارانی هەمە جۆرە: چ ئەوانەی لە قووڵاییەکانەوە بەرەو تەنکاوەکان سەرکەوتوون و، چ ئەوانەی هەر لە تەنکاودا دەژین و چ ئەوانەش کە کەس نازانێ خەڵکی کوێن؟ تۆ تا لە



تابلۆی دووەم

تەنکاو نزیکتر بیت، زیاتر دیاری و سپی دەچییەوە، کەمتر بواری خۆپاراستنت لە هێرشی پڕتاوی نەناس بۆ هەڵدەکەوێ. بەڵام تا لە نزیکیشەوە بیت زیاتر گومان و پرس و ترس لەسەر و ڕوخسارتا بەدی دەکرێت. بەتایبەتی ئەگەر نەناس سیمایەکی مەکراویشی هەبێ.

***

کاتێک لە گۆشەی سەرەوەی تابلۆکە ورد دەبمەوە، بەیارمەتی ئەو ڕووناکاییەی لەم بەشەی کارەکەدا ئامادەیە، دەتوانم گوڵ و گیا ئاوییەکان و ڕوخساری ئاسایی ماسییەکان لێک هەڵاوێرم، هەر یەکێ لە مانە بووێکی سەربەخۆیە لە باوەشی تەنکاوی ئاوا. لەم بەشەی تابلۆکەدا، شێوەی نیگاکردنی ماسییەکان لە سیمای ئەو کەسانە دەکا کە لە دوورەوە بەپیر شتێکەوە هاتوون بەبێ ئەوەی بزانن چییە! لەلای ئەم دەستەیە ئاگایی لە ئاست نەناسدا، نەبۆتە پەرچەکردارێکی گوماندارانەی قێزەوەر. بەڵام هەر کە نیگام لەسەر ئەو بەشە دەگوێزمەوە و هێواش هێواش دێمە خوارتر، ڕووناکییەکەش کز دەبێ، گوڵە دەریاییەکان لەبەرچاومدا دەبن بەپەڵەی تاریک و بۆری وەها کە ناتوانم بەشێکی ئەوتۆیان بچوێنم، ڕوخسارەکان تا دێن مۆن و تووڕە و گوماناویتر دەبن، ترس و سڵەمینەوە دەبێتە حاڵەتێکی هاوبەشی ماسییەکان.

ئەوجا لە داوێنی تابلۆکەوە دەڕوانم: زیاتر ئەم ساتەوەختەم بۆ ئاشکرا و بەرجەستە دەبێ دەبینم ڕووناکاییەکە کز نەبووە، بەڵکو تاریکی هرووژمی هێناوە. ئامادەیی هەمیشەیی مەرگە لە پەراوێزی ژیاندا، ئامادەبوونێکی حیلەگەرانەی فێڵاوی و ددانگڕ؛ دەبم بەبەشێک لە دیمەنەکە و ددانم چیڕ دەکەمەوە، قێزم لە هەموو نەناسێک دەبێتەوە، بەڵام ناتوانم دەنگی خۆم بەماسی و گیانەوەرە دەرییاییەکانی تر بگەیەنم، من لە قەڵەمڕەوی مەرگدام، نیوەم بۆتە تاریکی.

***

لەم تابلۆیەشدا ناکەسی مەرگ و هەلپەرستییەکەی ئامادەیە: لە



سەرەوەی کارەکەدا دابەشبوونی ڕەگ دابەشبوونێکی یەکسانە، ڕۆشنایی بەیەک ئاست بڵاو بۆتەوە، بەڵام لە بەشی خوارەوەدا تاریکی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە، لەلای ڕاستی داوێنەوە ئەم تاریکییە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و، لەلای چەپیشدا ئەم دەسەڵاتە ئاستێکی ڕێژەیی وەرگرتووە، لەلای ڕاستەوە تەنیا ڕەشی و سپیایی دیارە. لە کاتێکدا ڕەنگی شین لەلای چەپەوە ئامادەیە، ئامادە وەکو قووڵایی و نهێنییەکانی.. هاتنە ناوەوەی تاریکی و داگیرکردنی نیوەی ڕووبەری تابلۆکە لە گۆشەی لای ڕاستەوە (شوێنی قرژاڵەکە) یان لە درزێکی بۆشاییەوە زیاتر بەرجەستە بووە. دوژمنیش هەمیشە لە ڕێگای نەناس و درز و ڕێگەی چەپەک و تەریوەوە زەفەر دەبا. ئەم حوزوورەی تاریکی لە جیهانی ناو تابلۆکەماندا، حوزوورێکی ناشەرعییە، هەربۆیەشە گومان و تووڕەبوونی کردۆتە تایبەتمەندی ماسییەکان.

***

کەواتە مەرگ ئامادەیە و شێوەیەکی نەناسی گاڵتەجاڕانەی بەخۆ بەخشیوە، شێوەی جادووگەرێکی هونەرمەند کە دەتوانێ لە ساتەوەختی یەکەمی ئامادەبوونەکەیدا، کۆمەڵانێک لە خۆی کۆ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی ناساندبێ. قبووڵکردنی ئەم ئامادەبوونەی مەرگیش، مەرگی خەندان و گەشاوە، بۆخۆی مەترسییەکی گەورەیە. مەترسییەکی وەها پێویستە هەرچی زووتر پەیوەندی ناسنامەکەی بەبوونی ئێمەوە ئاشکرا بکرێ.

من یەکەم جار لەلایەن ڕوخساری گەشاوەی مەرگەوە سەرنجم ڕادەکێشرێ، هیچ پەرچەکردارێکی نارەزامەندانەم لا دروست نابێ، پاشان لە یەکەم پۆلی ماسییەکانی پێشەوە دەڕوانم: دەبینم ماسییەکان بەپێچەوانەی منەوە، تەماشای ڕوخساری نەناس ناکەن، بەڵکو هەموویان لە دەستەکانی ورد بوونەوە، لێم ئاشکرا دەبێ، هێشتاکو نیگای من و ماسییەکان یەک نیگا نییە، من هێشتا لە دەرەوەی تابلۆکەدام و نەبووم بەبەشێک لێی! چ سەرگەردانم؟ بەپەلە وەخۆ دەکەوم و لە تەنکاوی لای سەرەوەی تابلۆکەوە، بەناو پۆلی ماسییەکاندا دڕ بەتەنیاییم دەدەم، گوێم

لەتاکەتاکەی گیانەوەرانە، بەچرپەوە لەگەڵ یەکدی دەئاخڤن- «لە تەنکاوا دەبێ هێواش بدوێی، نەناسێک ئامادەیە» دەڕوانم لەهەر چوار لاوە ماسی و قرژاڵ و گیا ئاوییەکان و گوڵای دەریا لە تەختی شانۆ نزیک دەبنەوە، ترسی شوێنم لە دڵ دەنیشێ، گوڕێ دەدەمەوە بەرخۆم. بەشانەسوێ لە ڕیزی یەکەم نزیک دەبمەوە، بەشێکم دێتە ژێر دەسەڵاتی تاریکاییەوە و بەشەکەی دیم لە ڕووناکییدا، بەهۆی ئەم بەشەیانەوە پەیوەندی خۆم بەبوونی ناوەوەی تابلۆکە دەبەستم و منیش وەکو ماسییەکان نیگام دەبڕمە دەستەکانی مەرگ..

***

نازانم کەی دێمەوە دەر، لە پەنجەرەی کەشتییەکەوە دەڕوانمە دەریا، هەست دەکەم سەرمای خۆرئاوابوون لە قاچە سپییە تووکنەکانم ئاڵاوە.. ئاوڕ دەدەمەوە بۆ لای تۆریستەکانی هاوسەفەرم کە ئیدی زۆربەیان خەوتوون. یان لەگەڵ شەهوەتدا چوونە جێگاوە. دێمەوە سەر تابلۆکە، یان ئەو بانگم دەکاتەوە؟ ئەمجارەیان ڕەنگەکان، ماسی سپی و خۆڵەمێشی و سەوز، گیاندارانی تری جیهانی ڕەنگ سەرنجم ڕادەکێشن، ناوی هونەرمەند و مێژووی تەواوبوونی بەڕەنگی سەوز نووسراوی لای ڕاستی تابلۆکە لە خۆمم دەدزنەوە.

***

چۆن لە مەترسی و نەناس دەڕوانم؟ لەم تابلۆیەدا، ڕوانین تەنیا ڕوانینە، تەنیا واق وڕمان و تووڕەیی و تێڕامانی بێ کردەوەیە، تێڕامانی ماسییە سپییە سادەکان کە زیاتر گەلۆری و حەپەساوی پێوە دیارە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ تێڕامانی ترساوی ئەو ماسییە خۆڵەمێشییە ڕەنجدەرانە نییە کە لە ڕیزی پێشەوەی هەموو ئامادەبوونێکی دوژمنا واقیان وڕماوە و دەبنە یەکەم قوربانی.. واق وڕمانی ئەمانیش لەگەڵ هەیبەتی ماقووڵانەی ئەو نەهەنگانەدا جیاوازی نییە کە حەز دەکەن لە ڕیزی پێشەوەدا ورگی گەورەیان بنوێنن بەبێ ئەوەی لە ساتەوەختی کارەساتەکانا شتێکیان لە دەست بێ.



پاشان لە ماسییە دانا سەوزپۆشەکان دەڕوانم، ئەمان ڕازاوەترن: تێکەڵبوونێکی نەگونجاوی ڕەنگەکانن (سووری کاڵ، سەوز، خاڵی ڕەش و خەتی سپی، کە جۆرێ دیسپلین بەهەیبەتیان دەدا) پەست دەبم، لە سەوزە ڕۆشنبیرانی دەریا پەست دەبم، چونکە نەک تەنیا لە شوێنێکی میانەرەوان: نێوان پۆلی خۆڵەمێشی و نەهەنگە ماقووڵەکاندا، بەڵکو نیگاشیان، لە هەموو نیگاکانی تر گەلۆرانەتر خۆی دەنوێنێ. ئیدی ڕەشایی بەری چاوانم دەگرێ، توانای خۆ گەیاندنم بەتەنکاوەکان نییە، خەریکم لە تاریکیدا وەکو گوڵەکانی دەریا شێوەی خۆم ون دەکەم، دەبمە خاڵێکی ڕەش.

لێرەدا گیاندارە بەرژەوەندیخوازەکان دەبینم، چنگەکانیان قژ کردوون و ڕۆژگار لەگەڵ کێ بێ ئەمانیش لە دوایەوەن.. زیاتر پەست دەبم، نامەوێ خۆم بدەم بەدەست مەرگەوە، ڕێگام لێ ون دەبێ، بینایییم تاریک دادێت.. هاوار دەکەم.. هاوار.

دەستێک، ئاە! ویژدانێکی سەوزی موتڵەق (ولیەم هاینەسن W.H 76) لە گۆشەی ڕاستی تابلۆکەوە دەستی دەداتە دەستم. ڕزگارم دەکا.

جارێکی تر دەبینم، لە ڕەهایی تاریکی لە فرسەتگەراوی مەرگدا، هۆشیارییەک بوونی هەیە، مەرگ هێشتا لە دەرەوەیە، چونکە هونەرمەند لێرەیە. دەبینم هێشتا سەوزی موتڵەق: «خودی ئاگای هونەرمەند دوا سەرچاوەی دەسەڵاتە. کەشتییەکە دەڕوا و بەحر بەربڵاو..

## تابلۆی سێهەم

### خەتی پێچاوپێچی سێهەم:

لە ناخی دەریادا هەموو بووێک جەوهەرە، چونکە دوا قووڵایی لە بنەمادا جەوهەری هەموو شتێکە.. بەپێچەوانەی ئەو وێنانەی هەر ڕۆژ لە کاناڵەکانی تەلەفزیۆندا دەیانبینین، قووڵایی دەریا بەبینینی چاوی هونەرمەند، تاریک نییە، ڕۆشنە. لە قووڵیی دەریادا ڕەنگەکان بەشێوەیەکی جەوهەری ئامادەن: ڕەگی گیایەکانی دەریا لە ئەبەدییەتی



تابلۆی سێیەم

خۆیاندا نغرۆ بوون، هەموو شتێک جەوهەری خۆیەتی، چونکە لەقووڵایی و ناخدا شوێنی نهێنی نابیتەوە. لە قووڵاییدا خودا و درەختی مەعریفەت ئامادەن و، هەموو ئامادەبوونێکیش خۆی لە خۆیدا ئامادەییە لە قەڵەمڕەوی مەعریفەت و پیرۆزی ناخدا.

هونەرمەند لەم تابلۆیەدا، دەمانباتە ناخ و قووڵایی دەریاوە تا لەوێ ئامادەبوونی ڕەهای هەموو هێزەکان ببینین، لێرەوە ئیدی بەئاسانی لە جیهانی مانای ئەم تابلۆیە ڕزگارمان نابێ.. چونکە ئامادەبوونمان، ئامادەبوونێکی سادەی گەشتکەرانەی بەردەمی تابلۆیەک نییە. ئامادەبوونێکی جەوهەرییە لە ناخی دژەکاندا. کۆششی هونەرمەند سەرنجڕاکێشانی ئێمەیە؛ بۆ ئەوەی لە چارەنووسی دیاردەکاندا بڕیار بدەین و ملکەچی ژێر دەسەڵاتی گفتوگۆیان بکەین، ڕاشکاوتر بڵێم: هونەرمەند دیالۆگێکمان لەگەڵدا دروست دەکا بۆ ئەوەی دواجار ئێمەش بڕیارێکی تراژیدیانە بدەین.

***

لە چوونە ناوەوەی تابلۆکە ناترسم، بەدوای دەرگایەکی کراوە، گۆشەیەکی بەتاڵ و فەزایەکی تەنکی ڕووندا، وێڵ نیم، دەبینم لە هەر چوار لاوە ڕەنگەکان و گیانداران لە شێوەی بازنەیەکدا بەرەو چەقی تابلۆکە خۆیان تاو دەدەن. ئەم بزووتنەوەیەش بەرەو چەق، ماندالا (بازنەی کەماڵ)م بیر دەهێننەوە. یان ڕووبەری هورقلیایی ڕەنگ بەتێگەیشتنە سوهرەوەردییەکەی.

لە ناوەڕاستی ئەم بازنەیەدا، خواوەندی ڕۆشنایی کەوتۆتە بەر هێرشی دڕندانەی تاریکی، توخمی نەناس کە مایەی مەرگی پێیە توانیویەتی زەفەر بەعەرشی ڕۆشنایی بەرێ، ئەو ڕۆشناییەی چاوی کامێراکانی تەلەفزیۆن نایبینن. لێرەدا هەموو بووێ لە مەترسیدایە: قورسایی ئەم ساتەوەختە تراژیدییە لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی ئاوا دەنگی داوەتەوە. دەبینم لە هەر لاوە، گیاندار و بوونەوەرەکان خۆیان بەرەو ناوەند تاو



دەدەن. بەرەو ئەو شوێنەی خواوەندی ڕووناکی لە باوەشی دڕندانەی نەناسێکدا، بێدەسەڵات و چارە تێمان دەڕوانێ.

***

لە بنەوەی تابلۆکە (لە قووڵاییەوە) دەڕوانم: گیا ئەبەدییەکانی دەریا پەشۆکاون. لەلای چەپەوە نەناسێکی شەیتان سیما، دەیەوێ هرووژمی نەهەنگەکان لە دژی خۆی ئارام کاتەوە. تەمەننا و پاڕانەوە لە ڕوخساریدا دەبینرێ، بەدرێژکردنی دەستە چنگاڵییەکانی و لەش و لاری نیوەچەماوەی هێندەی نەماوە بڕوای پاکێتی خۆیم لا دروست بکا! هێندەی نەماوە منیش بۆی بپاڕێمەوە.. بەڵام خێرا چاوم لەسەر ئەم دیمەنە بەزەیی ئامێزە هەڵدەگرم، بەدەستەکانم لاسک و گەڵای چڕی گیا ئەبەدییەکان لادەدەم و دەلاقەیەک دەکەمەوە تا لێوەی بڕوانمە هرووژمی ڕقاوی پۆلە نەهەنگەکان. جارێکی دی بۆم دەردەکەوێ، من بەهەڵەدا چووم، هێندەی نەمابوو بچمەوە ژێر کاریگەری جادووگەرانەی مەرگ دەبوو بۆ تێگەیشتن لەم جەنگە ڕقی ماسی و نەهەنگە یاخییەکان بخوێنمەوە، دەبوو نیگای پڕ نەفرەتی پەرییانی ئاوی بمخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە کە لە شێوەی بازنەیەکدا شوورایەکی ماندالاییان بەدەوری خواوەندی ڕۆشناییدا دروستکردووە و مەترسییەکی مەزن لە نیگا و پرچی درێژی پەشۆکاوییاندا دەبینرێ..

***

دێمەوە دەر. شەرمەزار دێمەوەدەر. لە پەنجەرەی کەشتییەکەوە دەڕوانم. نیگام بڕی ئەودیوی شووشەی پەنجەرەکانی ناکا.. چ نابینم، کارتپۆستاڵەکە بەپەنچەرەکەوە دەنووسێنم تا دوا ڕۆشنایی لە پەنجەرەوە میوانی نێو ئێوارەی کەشتییەکەم نەفەسبڕ کەم. تا چیدی ڕووناکی درۆزنەی دەرەوە نەبێتە ڕێگری گەیشتنم بەبڵێسەی ناخ... جەستەم دەسپێرمەوە بەنیگای توریستە لاڵ و پاڵکەوتووەکان، دەچمەوە ناو جیهانی ڕەنگ.

لە چوونەوە ناوەوەی ناو تابلۆکە باکم نییە، ڕۆشناییش نەبێ، ڕێگای

جیهانێکی تر دەبینم، چونکە هونەرمەند هەموو ڕێگاکانی بەکراوەیی بۆ جێهێشتووین: سەرەتایەکی بۆ لێوەهاتنە ناوەوەی تابلۆکەی دەستنیشان نەکردووە. بینەر دەتوانێ هەروەکو ماسی و پەرییەکان، کە لە هەر چوارلاوە دێنە ناوەوە، بێتە ناوەوە. ناو دەریا، لەو شوێنەی نومایشی دزرانی خواوەندی ڕووناکایی تێدا پێشان دەدرێ. ئەم بێ سنوورییە، ئەم ئازادی بەخشینە بەکاری هونەری و ڕووبەری ڕەنگەکان، بینەر ناچار دەکا لە تەماشاکردنی تابلۆکەدا هیچ سنوورێک بۆ خۆی دانەنێ، لە خەیاڵکردنەوەدا ئازاد بێ..

***

ئەی بوودای مەزن، ئامۆژگاریمان بکە، لە گەیشتنە کەنارا؛ کەشتییەکانمان تەنیا تووڕدەین، یاخود چرایەکیان تیا داگیرسێنین و بەرەو دەریا و وێڵی چارەنووسی خۆیانیان بکەین؟

***

لەگەڵ ئەوەدا ژیانی خوای ڕۆشنایی لەمەترسیدایە و قیژەی نەهەنگەکان و خووڕە و ڕاچڵەکانی ئاوی دوای خۆتاودانی گیانەوەران بەئاشکرا دەبیسرێ. کەچی دەبینم خوای جوانی و تەبایی لەشێوەی پەرییەکی پرچ خاودا. بوودا ئاسا وەک جڵەو لە دەستی هەموو بووێک، ئارام و لەسەرخۆ دەڕوانێتە ناوەڕاستی بازنەی کەماڵ. ئەو بازنەیەی لە ترس و خۆشەویستی و مەرگ خاڵی نییە و باشترین ڕێگاش بۆ تێگەیشتن لەم هاوسەنگییە، ڕێگای ئارامی و تەباییە. ڕۆحی دابەشبووی ئەم چاودێریکەرە ئارامگرتووە بەسەرجەمی تابلۆکەدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام شێوەی دانیشتنەکە، هەمان دانیشتنی پارسەنگ گرتووی بوودابییە. بوودایەک کە لە پاڵ درەختی ئارامی و مەعریفەتەوە دەڕوانێ.

پرسیار لە خۆم دەکەم: ئایا پەیوەندی هونەرمەند بەم پلەی مانایەوە چییە کە بەئاشکرا لە کارە هونەرییەکەیدا دیارە؟ ئایا ڕۆحی سەرگەشتە وێڵی هونەرمەند دوا سەرچاوەی ئەم بەرهەمە نییە؟



هاینەسن تەنیای نێو کەشتی ڕەنگ، دەسەڵاتێکی سەراپاگیری وامان پێشان دەدا کە دەلالەت لە بینینێک بکا لە ناخەوە بۆ تەنکایی و لەهەر چوار لاوە بۆ مەرکەز، بۆ ئەوەی ڕۆحی چاودێریکەرانەمان بەهۆی ڕەمزی ڕەنگەکانەوە پێبناسێنێ و لەم ڕێگەیەشەوە ئارامی و تەبایی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی پەشێومان. هونەرمەند نایەوێ داگیرمان بکا. بەڵکو ناچار بەبیرکردنەوەمان دەکا. نایەوێ خۆیمان لێ بشارێتەوە، بەڵکو هەمیشە وەک خودێکی ئاگا ئامادەیە و لە دوای هەموو تەئویلێکی کارەکانیەوە وێستاوە، ئەگەرچی ئەم ئامادەبوونەش تەنیا بەهۆی نووسینی هەردوو پیتی سەرەتای ناوی خۆیەوە بێ کە لەلای ڕاستەوە، لە نێوان درەختی مەعریفەت و هەیبەتی بوودایا لە شێوەی «W.H» سەوز دەچێتەوە.

**ئەم هەیەجانە ڕۆحییە چۆن لێکبدەینەوە؟**

هونەرمەندەکەمان پەروەردەبووی پاشکۆی فەلسەفی کیاکەگوردی (کێیرککگارد) و سەرجەمی نەریتی فەلسەفەی خۆرئاوای لەپشتە. بێگومان ئەمە دەکرێ سەرەتایەک بێ بۆ هەڵێنجانی جینیالۆجیای بیری فەلسەفییانەی ئەم خاوەنبیرە مەزنەی باکوور، بەتایبەتیش کاتێ دەبینین دیارترین خەسڵەتی کێشە سوونەتییەکانی بیری فەلسەفی خۆرئاوا واتە: دوالیزمی؛ فەلسەفی سەر بەئایینی مەسیحی لە جیهانی مانای هونەرمەندا بەئاشکرا دیارە. سەرەتایەکی تر بۆ تێگەیشتن لەم جیهانە بەرفراوانە، پێدەچێ گەڕانەوە بێ بۆ توخمەکانی ڕۆحی نەتەوەیی فیوئورایی، کە ساڵەهای ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا: ڤیکینگەکان، پاشانیش دەسەڵاتی سیاسی- ئایینی لەلایەن دانمارکی و نەرویجی و فینلەندییەکانەوە بەبێ ناسنامە مایەوە. ئەم دەسەڵاتە داگیرکارانەیە لەم سەدەیەشدا درێژەی پێدراو دوای ئەوەی لە جەنگی یەکەمدا ئینگلیز کەوتە داگیرکردنی، ئەوە بوو تا ساڵی ١٩٤٨ هەر سەر بەدەوڵەتی دانمارک حسێبی بۆ دەکرا. بەڵام لەم ساڵەدا بەپێی هەڵبژاردنێکی گشتی توانرا نیمچە سەربەخۆییەکی ئیداری بەدەست بهێنرێ، ئەگەرچی ئەم نیمچە

سەربەخۆییە لەناوەڕۆکدا پلانێک بوو ئەم دوورگانەی لە ڕێگەی دەوڵەتی دانمارکەوە بەبازاڕی ئەوروپی و ناتۆوە گرێدەدا. لە سالانی حەفتاش بەدواوە دوورگەکانی فیوئورا بازاڕێکی تازە دۆزراوە بوو بۆ کارگە گەورەکانی ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرانسا و دانمارک. لێرەوەیە کە نامۆبوونی ئینسانی فیوئوری ڕەهەندێکی تراژیدیانەی هاوچەرخ بەخۆیەوە دەگرێ: قەرزی بەسەرا کەڵەکەبووی زۆر و یاسای لە دەرەوە ڕاهاتووی کەشتیەوانی، ماڵداری و کشتوکاڵ، کە هەموویان لە پایتەختەکانی ئەوروپادا دارێژراون، ڕۆژ بەڕۆژ مرۆڤی ئەم مەڵبەندەیان لە ونبوون و نغرۆبوونێکی لەسەرخۆی هەمیشەیی نزیک خستۆتەوە.

ڕۆحی هونەرمەند لە سەراپای ئەم گۆڕانکارییە سەپاوانە هاتۆتە دەنگ، بەهۆی ڕۆمان و شیعر و تابلۆکانییەوە گوزارش لە قووڵاییەکانی ئەم غوربەت و نا ئارامییە دەدا. لێرە بەدواوە بەکورتی چاوێک بەگرنگترین کارە ئەدەبییەکانی نووسەردا دەگێڕین، تا لەم ڕێگەیەوە گۆشەیەکی تری جیهانبینی ولیم هاینەسنمان بۆ دەرکەوێ.

لەنێوان جیهانی مانای کارە ئەدەبییەکانی هاینەسن و کارە هونەرییەکانیدا، چاکترە بەشوێن جیاوازییەکاندا بگەڕێین نەک لێکچوونەکان، چونکە ئەم مرۆڤە داهێنەرە بەدرێژی ژیانی فیکری لەسەر یەک بیروڕا مایەوە و گەشەی پێدا. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەگەر کارە هونەرییەکانی: «جیهانی ڕەنگ» هەردەم لە قەڵەمڕەوی هەستی و میتافیزیقای ئایینی مەسیحیدا (کاتۆلیکی) ڕەگیان داکوتاوە، کە لێرەدا مەودای ئەندێشەی هونەرمەند بریتییە لە «هەموو جیهان+ فیوئورای نیشتمانی» ئەوا مەودای کارە ئەدەبییەکانی «جیهانی نووسین» بەتایبەتیش ڕۆمانەکانی – زیاتر زەوی نشینتر و بابەتیترن. واتە: ئەو مەودایەی پێشتر هەڵدەگرێتەوە و جیهانبینی هونەرمەند دەگۆڕێ بۆ «فیوئورای نیشتمان+ هەموو جیهان».

ئەگەر بمەوێ ئەو نومایەی سەرەوە زیاتر لە ڕۆشنبیریی کوردی سەردەمی



«نالی» و «مەحوی» نزیک بخەمەوە، دەبێ بڵێم: ئەگەر لە جیهانبینی مەحویدا هەموو ئەندێشەیەک بریتییە لە جیهانی تەسەووف بەکۆی ژیانی کوردەواری (لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە)، ئەوا جیهانبینی نالی بریتییە لە بەکوردی بینینی جیهانی تەسەووف. واتە هەموو بینینێکی دونیا لەلای مەحوی (کوردانەترین قەسیدەیشی)، یەکەم جار بینینی دونیایە بەزەینی سۆفییانە و لە بۆتەی تەسەووفدا، پاشان تەعبیر کردنی لەو جیهانە بەهۆی زمانی کوردییەوە. بەڵام لەلای نالی هەموو بینینێک (تەنانەت ئایینیترین قەسیدەیشی) دواجار دێتەوە باوەشی ڕووحییەتێکی خۆماڵییەوە کە لەلایەن ئایینی ئیسلامەوە سەرکوتکراوە.

بۆ تێگەیشتن لە «جیهانی ڕەنگ»ی ولیم هاینەسن، پێویستمان هەیە بەتێگەیشتن لە هەموو جیهان وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، لە جیهانێک کە ڕۆحی مرۆڤ تیایدا مەرکەزیەتێکی هەیە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە کارە ئەدەبییەکانی پێویستمان بەوەیە لە سرووشتی ژیانی وڵاتەکەی و، بەتایبەتیش «تۆرس هاون»ی پایتەخت تێبگەین، ئەمە سەرەتایەکی چڕ بوو بۆ بەکورتی چاوپێداگێڕانێکی ڕۆمانە هەرە دیارەکانی هونەرمەند.

بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی هاینەسن تەرخانکراون لەیەک پنتەوە دەست پێدەکەن. ئەویش بەدانماركی نووسینی نووسەرە، ئەمەش هیچ نهێنییەکی ئەوتۆی تێدا نییە. چونکە ئەو لێکۆڵەرەوانە بۆ خۆیان دانمارکین(۳)، بەڵام بەبڕوای ئێمە ئەم سەرەتایە دەبێ ڕەت بکرێتەوە: هاینەسن، زمانی زگماکی خۆی هەیە، بەڵام ئەو زمانە بەدرێژایی سەدەکان لە ژێر دەسەڵاتی زمانانی تردا (نەرویجی دانمارکی و فنلەندی) سەرکوتکراوە. سەرەتای ئەم سەدەیەش بۆ فیۆراییەکان، سەرەتای زنجیرە بەربەرەکانیکردنی ئۆرگانی کراوە کە ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگی تیا دەگێڕن و کۆپنهاگنی سالانی بیست سەبارەت بەڕۆشنبیریی فیوئۆرییەوە، لە ئەستەمبوولی سەدەی نۆزدەیەم دەکات بەنیسبەت ڕۆشنبیرانی کوردەوە. ئامادەیی ڕۆشنبیرانی فیوئۆری لە

دوای جەنگی یەکەم، لە پایتەختی دانمارکدا، ئەم ڕۆشنبیرانەی بەرەو خەباتێکی گشتی هاندا. بەلای هاینەسنەوە نووسین، بەدانمارکی هەم سەرەتا بوو بۆ چوونە سەفەری عیشقێکی دووردرێژ: (نووسین)، هەم لە حوکمی وەڵامێکی ناڕاستەوخۆیشدا بوو بۆ دەسەڵاتداران. کە مرۆڤی دوورگە دوورەدەستەکان پاشکۆیەتی ڕەتدەکاتەوە و گەرەکیەتی لە خۆی و نیشتمان و ئازارەکانی بدوێ. بەڵام بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە دەبوو نزیکترین ڕێگا هەڵبژێردرێ، واتە زمانی دانمارکی.

بێگومان ئەو دەمەی هاینەسن دەستی بەنووسینی یەکەم ڕۆمانی خۆی کرد، شاعیرێکی ناسراو و خاوەنی چوار کۆمەڵە شیعری چاپکراو بوو. بابەتی سەرەکی ئەم کۆمەڵە شیعرانە، کێشەکانی تاکەکەس و خەون و ئاواتەکانی مرۆڤ، سرووشت، گوزەریساڵ و ڕۆژان، چاوەڕوانی خۆری هاوین و لەم بابەتانە بوون.. هاینەسن، بەپێچەوانەی گەلێ شاعیرانی ترەوە کە لە پاشاندا یەکەم کۆمەڵە شیعریان لە مەملەکەتی ئەزموونی خۆیان دەکەنە دەرێ. هەنگاوی یەکەمی شیعری خۆی وەک ئەزموونێکی بونیادی حسێب دەکا، ئەگەرچی ئەم ئەزموونە لە تەمەنێکی گەنجێتیشدا لە دایک بوو (یەکەم کۆمەڵە شیعری لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بڵاوکردەوە).

ساڵی ١٩٣٤ یەکەم ڕۆمانی نووسەر لە ژێر ناوی «سپێدەی بەباوبۆران» بەشێوەیەکی ئەستوور چاپکرا و لە ساڵی ١٩٦١ دا جارێکی تر دەستکاری کرد و بەشێوەیەکی کورتکراوە لە چاپی دایەوە. لە هەردوو چاپەکەدا سەرەتاکانی ژیانی فیۆئۆری یان سپێدەکانی نیشتمانی شاعیر ڕەنگیان داوەتەوە. مەبەست لەم سپێدانە، ئەو سەردەمەیە کە وازهێنرا لە شێوەی کۆنی ڕاوەماسی و کەشتییەکان ماتۆڕیزە کراون. پرۆسەی ماتۆڕیزە کردن، سپێدەیەک بوو مرۆڤی فیوئۆرایی ڕووبەڕووی باو بۆرانێکی نوێ کردەوە کە قوربانی خۆی دەویست. ڕۆمانی دووهەمی هاینەسن بەنێوی «ناوتۆن: ١٩٣٨» بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆمانە بەزمانێکی تۆکمە و لە چنینێکی سفت و پتەودا خۆی دەنوێنێ. باسی هاوکاری کۆمەڵە خێزانێکی



هەژار دەکا کە دەیانەوێ لە ڕێگەیەکی ڕاستەوە بژیوی خۆیان دابین بکەن. بۆ ئەوەی ناوەرۆکی کارەکە و ئەنجامەکانی لە چوارچێوەیەکی ڕیالیستیانەدا بمێنێتەوە، هاینەسن سوودێکی زۆری لەو زانیاریانە وەرگرت کە نووسەر و پسپۆری کشتوکاڵ «هایزن بریو» هاوڕێی پێیبەخشی. ئەمەش ئەرکی قۆناغی ڕیالیزم بوو لە ئەدەبی فیوئۆریدا. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەو کۆمەڵە خێزانە بڕیار دەدەن دەست بەدروستکردنی بورجێکی چاودێری کردن بکەن بۆ ئەو کەشتییە نەشارەزایانەی نەبا بەهۆی تەم و مژەوە لە لوتکە چیا هەڵتەقیوەکانی ناوەڕاستی دەریا نزیک ببنەوە و تووشی کارەسات ببن.

ئەم ئەنجامە، ئەنجامێکی شەڕافەتمەندانەی ئینسانی فیوئۆرای ساڵانی سی بوو، ئەو ساڵانەی پارە پەرستی و چەوساندنەوە شوێنیان بەمیهری ئینسانیانە و ڕۆحی یارمەتیدان لێژ کردبوو.

لە سەردەمی جەنگی دووهەمدا، فیوئۆرا مەیدانی بگرەو بەردەی نامرۆڤانە بوو. خاوەن کەشتی و پشتیوانە سەرمایەدارەکانیان، بەزۆری لەسەر ڕەنجی شانی خەڵکە ڕەشۆکەکە دەژیان و بەو جۆرەش بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ماسی لە نێوان ئیسلەندە و سکوتلەندەدا گوڕەی دەهات. ئەم دیمەنە بووە بابەتی ڕۆمانێکی تەکاندەری وەک: «قابلەمە ڕەش، ١٩٤٤» کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە هێندە لە کەسایەتییە واقعییەکانی ئەو دەمەی فیوئۆراوە نزیک بوون، هەرکەسێکی لەخۆی بەشک دەخست، بۆیە لەکاتی بڵاوبوونەوەدا نووسەر بەزمانی فیوئۆری ڕوونی کردەوە کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەی نۆمای ڕاستەوخۆی هیچ خاوەن کەشتی و کەسێکی تری مەڵبەند نییە. ڕووداوەکانی ئەم کارە ئەدەبییە سێ واقیعی تراژیدیانە بەرجەستە دەکەن: **دەریا** کە دەبوو پاوەنی هەمووان بێ، لەلایەن **پارەدارانەوە** بەش بەش کراوە و هەر بەشەی بۆتە قەیەغەی کەسێ، **مرۆڤی بڕوا بەخۆبووی فیوئۆریش**، ئەگەر بیەوێ بژی دەبێ خۆی بداتە دەست هەموو مەترسییەکانی دەریا و بەو جۆرەی ڕازی بێ بەو مووچەیەی

کەشتیدارانی لە ماڵی خزاو بۆی دەبڕنەوە، ئەو کەشتیدارانەی هاینەسن ناویان دەنێ: «کڕیاری مەرگ».

هەر وەکو لە کارە هونەرییەکانیشدا بینیمان، نووسەر هەمیشە لە ڕێگەی هێنانەکایەی دوالیزمەوە گەرەکیەتی ساتەوەختە تراژیدییەکان زەق کاتەوە. ئەمەش بابەتی ڕۆمانی «مۆسیقارە دۆڕاوەکان ١٩٥٠» بوو. نووسەر لەم کارەیدا دەیەوێ سەردەمی پێش جەنگی یەکەم بهێنێتەوە یاد کە تۆرس هاون شارێک بوو پڕ لە ئارامی و ڕۆحی دڵپاک، مۆسیقارەکان (مورتیز، خرە کونیلیوز) و هاودەمە هەژارەکانیان دەیانەوێ بەهۆی پێشاندانی ژیانێکی سادە و پڕ خۆشەویستییەوە شێوازێکی تری ژیان بۆ کەسانی چرووک و پارەپەرست پێشنیار بکەن. خیتابی ئەم ڕۆمانە زیاتر بەگژ خاوەن بانک و مەسیحییە «شەراب نەخۆرەکان»دا دەچێ، بەڵام چونکە ئەم دەستەیە ئامادەییان تێدا نییە هیچ گۆڕانێک بەسەر ژیان و بیریاندا بێ، ئەوا دەسەڵاتی ئەم شێوازەی ژیان، بەسەر شێوازەکانی تری ژیاندا زاڵ دەبێ و بەو جۆرەش مۆسیقارەکان دەبنە قوربانی جیهانێکی پەست و پۆخڵ.

هەر چوار نۆڤیلی «رووناکی سحراوی ١٩٥٧» «داگیرکاری گامیالیل ١٩٦٠» «لە دژی ڕۆحە شەڕانییەکان ١٩٦٧» و «دۆنژوانی ماڵی پێوین ١٩٧٠» بریتین لە بابەتی هەمەڕەنگی جیاواز و سەرچاوەیان بریتییە لە سەردەمی منداڵی و ئەو حیکایەت و ئەفسانانەی لە (تۆرس هاون)ی کۆندا باو بوون. نووسەر توانیویەتی بابەتی گرنگ لەم کەرەستانە هەڵهێنجێ و لە ژیانی هاوچەرخدا شوێنیان بۆ بدۆزێتەوە.

گرنگی ئەزموونکردنی سەردەمی هاوچەرخ و تێگەیشتن و چێژ لێبینینی، یەکێکە لەو لایەنانەی ڕۆمانووسی هاینەسن، کە دەکرێ دوو ئەنجامیان لێوە دەربهێنین، یەکەمیان بریتییە لە ڕەخنەگرتن لەو باڵەی مەسیحییەت کە هەموو هێزێکی خۆی بۆ ترساندنی مرۆڤ تەرخان دەکا و بەوادەی خۆشی و لەزەتی ئەو دنیایە، جیهانی واقیعی لێڵ دەکا. هاینەسن لێرەدا نیشانەیەکی پرسیار لە ئاست ئەم باڵەی مەسیحییەت دادەنێ و خۆی لە



جیهانبینی کیاکە گوردی (کییێر کگارد)یە جوێ دەکاتەوە کە ئینسان تیایدا کائینێکی گوناهبارە. دەتوانم بڵێم، ئەگەر ستراتیژی کیاکە گورد وەکو نووسەرێکی سەخت ئایینی[٤]، وەک دەڵێ: «تاریککردن و سەختکردنی ڕێگەی ژیان» بێ، ئەوا هاینەسن سەرسەختانە دەکۆشی گرێ کوێرەکانی ژیان بکاتەوە و دژەکان لە ئاستی سروشتی خۆیاندا ڕاگرێ. یان ئەگەر لۆژێکی ئاخاوتنی کیاکە گۆرد، بەتێگەیشتنە باختینییەکە، لۆژێکی ئاخاوتنی فەلسەفییانەی تاک بێ لەگەڵ خۆیدا بۆ گەیشتن بەهەڵبژاردنێکی ڕاست، ئەوا لەلای هاینەسن ئەم لۆژیکە بوارێکی چەند مەودایی وەردەگرێ و دواجار دیالۆگ دەبێتە شێوازی ئاخاوتنی گشتی.

ئەنجامی دووهەم: بەلای هاینەسنەوە. ساتەوەختی ئێستا، پێویستە لە ئێستادا ئەزموون بکرێ، لە ئێستادا چێژی لێ ببینرێ، نەک لە کاتی تردا. ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە لە مێژووی ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتدا تازە نییە. عومەر خەییامی نیشابووری لە مێژە هەستی بەوە کردووە کە گرنگی ژیان لەوەدایە مرۆڤ دەمی ئێستا لە یاد نەکا و بەهۆی خەون و خۆشی ئاسمانییەوە دەستبەرداری ساتەوەختە کەم خاینەکانی ئەم دنیایە نەبێ، ڕێی تێدەچێ هاینەسن کاریگەری ڕاستەوخۆی خەییامی بەسەرەوە نەبێ، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە لە مێژە چوارینەکانی نێوبراو بۆ زمانانی ئەورووپا وەرگێڕدراون. دوولەتکردنی باوەڕی مەسیحی، لە هزری ئەم ڕۆماننووسەدا شتێکی ئاساییە، مەسیحییەت وەک ئایینێک، گۆڕەپانی زۆر لێوردبوونەوەیە. ئەو مەسیحییەتەی بەرەو موتڵەقیەتی ئاسمانیمان دەبا، مەسیحییەتێکە لە جیهانی ئەمڕۆدا لەکار کەوتووە. جیهانی ئەمڕۆ ڕەتی ئەو عیسایە دەکاتەوە کوڕی خودایە و پێویستی بەمەسیحێکە لەسەر زەوی و لە ناو خەڵکی سەرزەویدا بێ. ئەمەیە ئەو بیرەی بۆتە بابەتی ڕۆمانی خۆزگە باشەکانی ١٩٦٠. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە قەشەیەکی هەژارە کە لە دژی کردەی نامرۆڤانە و مافی ئینسانەکاندا بەگژ قوماندانی وڵاتا دەچێتەوە. ئەلبەتە ئەم کارە ئەدەبییە لەسەر بنەمای نامەیەکی

دوورودرێژەوە نووسراوە کە قەشەیەکی دانمارکی لە ساڵی **١٦٦٩-١٦٧٠**دا بۆ بەرگریکردنی لە مافی فیوئۆراییەکان بۆ پاشای دانمارکی نووسیوە و دواتر بۆتە هۆی چەند ڕیفۆرمێکی ئیداری لە فیوئۆرا، با ئەوەش بڵێم کە هاینەسن لێرەدا زۆر گرنگی بەهیومانیزم دەدا و گەرەکیەتی ڕوخسارێکی فیوئۆرایی پێبدا. کە پێشتر ئەمەمان لە ڕۆمانی «ناوتۆن **١٩٣٨**» بینی.

لەگەڵ بەساڵاچووندا، بیرکردنەوەی نووسەر لە مرۆڤ و خودا و جوانی، زیاتر دەچەسپێ و، وردبوونەوە لە قووڵاییبیە دوورەکان زیاتر لە جیهانبینی هونەرمەندا شوێنی خۆی قایم دەکا. هاینەسن لە تەمەنی «٧٦» ساڵیدا ڕۆمانی «قەڵای لێواری کلکەی جیهان»ی بڵاوکردەوە. بەر لەوەی بێمە سەر ناواخنی ئەم کارە با ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە. کە مەبەست لەم ناونیشانە چییە؟ تۆ بڵێی مەبەستی لەوە بێ، مرۆڤ لە پیریدا خۆی لە کلکەی کۆتایی جیهاندا دەبینێتەوە و «قەڵای ئەزموون» لە هێرشی یەکجارە کەوتنە خوارەوەی بەدیوی مەرگدا ڕزگاری دەکا؟ ناونیشانەکە تا بڵێی شاعیرانەیە و دەکرێ بەزۆر باردا تەئویل بکرێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دوالیزمی بیری هاینەسن ئامادەیە، ئەگەر جیهان لە کلکەدا بێ، مەودای ئینسان بەپێویست لە مەرگەوە نزیک دەبێتەوە. بەڵام هەر لەو کلکەیەدا هاینەسن قەڵایەک بینا دەکا بۆ پارێزگاریکردن لە توخمی ژیان و ڕووناکی، ئەم بەرهەمە بەرۆمانێکی «کەرنەڤاڵیانەی موزاییکی» ناودەبرێ و لەبارەی سەردەمی هەرە گەنجێتییەوەیە، هەروەکو چۆن تابلۆی یەکەم ژیانی سەرەتایی مرۆڤی بیر دەهێنناینەوە.

ساڵانی حەفتای تەمەنی مرۆڤ، کاتی چاو پێداگەڕانەوەیەکی وردە بەڕابردوودا. کە ئەو ڕابردووەش سەردەمی گەنجێتییەکەیە، ژیانی گەنجێتی هەر ساتەی کەرنەڤاڵێکە لە شایی لۆغانی مەزنی ژینا. ڕۆمانەکە بەشێوەی پارچە پارچە نووسراوە و زمانێکی شاعیرانەی تیا بەکار هێنراوە، ئەمەش هەمان شێوازە کە ڕۆلان بارت لە کۆتایی ژیانیدا هەندێ بەرهەمی خۆی پێ نووسی. هاینەسن بەڕیز کردن و هارمۆنیکردنی ئەو پارچە «مۆزاییکانە»



لەگەڵ یەکتردا، کە هەر یەکەیان نەقشی ساتێکی سەرجەمی کەرنەڤاڵی ژینی لەسەر کێشراوە. بەهەمان پرۆسەدا تێپەڕ دەبێ کە «پرۆست» لە ڕۆمانی «گەڕان بەدوای زەمانی لە دەست دەرچوودا» پێیدا تێپەڕیوە. ڕۆمانەکەی هاینەسن، باسی گەنجێتی ئافرەتێکمان بۆ دەکا کە ئەم گەنجێتییە خۆی لە خۆیدا دەلالەتمەندی گەنجێتی کەون و گەردوونی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. بەم پێیە دایک لێرەدا پلەی دایکی گەردوونی و پیرۆزیی ئەزەلی پێدراوە و، ئەمەش لە تابلۆکانی هاینەسندا بەڕوونی دیارە: زاڵبوونی دەلالەتی ئاو لە شێوەی دەریا و ڕەنگی شین دا بەڵگەی ئەم بۆچوونەن.

لە ڕۆمانی «مۆسیقارە دۆڕاوەکان»یشدا کە پێشتر لەبارەیەوە دواین، ئەم بەئافرەت پێشاندانی سەنتەری گەردوونە دووبارە بۆتەوە. هاوسەری «مۆرتیز» کە ناوی «ئیلینیا»یە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی خاوەنی مانایەکە بۆ ژیان و بوون. هەروەها لە نۆڤێلی «حەوتەوانەی دایک **١٩٥٢**» دا، «ئەنتۆنیا»، بریتییە لە دایکی هەموو گەردوون و ڕووناکی بەو ڕۆحانە دەبەخشێ کە هێشتا نەهاتوونەتە جیهانەوە. ڕاستە ئەم «دایکە» لە شێوەی ئەستێرەی حەوتەوانەدا ئاوا دەبێ، بەڵام بەهۆی لەدایکبوونی «یاقووبی کوڕی سرووشتەوە» بۆمان دەردەکەوێ کە تیشکی حەوتەوانە و ڕۆحی یاقووب لە هەمان سەرچاوەی پیرۆزی گەردوونییەوە وزە وەردەگرن.

بۆ تێگەیشتن لە هێما زۆر وردەکانی هاینەسن هێشتا ڕێگایەکی گەلێ دوورودرێژ لەبەردەمدایە، بەڵام لەهەر شوێنێکەوە دەست پێبکرێ هەواری دوالیستانەی هونەرمەند لەبەردەمدایە و هاوسەنگی دژەکان ئارام دەکاتەوە.

*فیۆرا- کۆپنهاگن* **١٩٩٢/٦/٢٩**

## خوێندنەوەی دووهەم

# «تۆ تەنیا نیت!»

## (چیرۆکی نیلس سکۆ ١٩٧٨)

سپێدەیەکیان کابرایەک بەهەورەبانی شارەوانیدا هەڵگەڕا سەرێ، تا لەو بەرزییەوە خۆی هەڵداتە خوارێ. بەرلەوەی فریای خۆ فڕێدانە خوارەوە بکەوێ، لە داوێنەوە بینرا و خەڵکی بێچرپە لە گۆڕەپانیدا خڕبوونەوە و بەپەنجە هێمایان بۆ هەورەبانەکە دەکرد. تا دەهات حەشامات زیاتر کۆ دەبوونەوە و ئیدی سەکۆیان پڕکردبوو بەجۆرێ کە کابرا بواری نەبوو باز هەڵداتە خوارێ و بەکەسدا نەدرێ.

پۆلیسێک بەدیوارەکەیدا هەڵگەڕا تا کابرای بهێنێتە خوارێ. کابرا گوتی: ئەگەر ئەو پۆلیسە زیاتر سەرکەوێ یەکسەر ئەم خۆی هەڵدەداتە خوارێ.

ئێستا گۆڕەپانی شارەوانی پڕ ببوو لە ئەهلی شار و هەموویان لە بەرزایی هەورەبانەکەیان دەڕوانی. هاتوچۆی ترۆمبێلان وێستا بوو، بەڵام دەنگە دەنگی خەڵکەکە وەک گیزەی پوورە هەنگێ دەهاتە گوێ. ئەوەی هەمووان دەیانگوت و دەیانگوتەوە پرسیارێ بوو: ئەو پیاوە کێیە؟ بۆچی دەیەوێ خۆی هەڵداتە خوارێ؟

وێنەگری ڕۆژنامەکان هاتن و ڕەسمی کابرایان گرت. ڕۆژنامەکان دووبارە چاپکرانەوە و لە ڕووپەڕی یەکەمیاندا بەگەورەیی نووسرابوو، ئەم پیاوە کێیە؟ تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ ئەم ڕووداوەی دەگواستەوە و بەو جۆرەش سەرتاپای خەڵکی وڵات دەگەڵ بەسەرهاتی سەر هەورەبانەکە دەڕۆیشتن. کەس ئەوەی پێوە دیار نەبووکە پیاوەی دەناسێ، بۆیە توێژینەوەیەک خرایە کار و پۆلیس وەخۆ کەوت. ساڵانێکی زۆر بوو خەڵکیی بەرقەوە تەماشای پۆلیسانیان دەکرد، وەلێ ئێستاکێ بوونەوە خۆشەویستی میللەت، چونکە هەرچۆنێک بێ، توانیان ئاشکرای بکەن ئەو کابرایە کێیە.



پێیان دەگوت «ڤیلی ئەندەرسن» تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵ و کۆنە ئەفەندی دایەرەی بوو، ژن و منداڵ، خێزان و هاوەڵ و ناسیاری چ نەبوون. لەو دەساڵەی دواییدا سەراپا بێکار بووە و بۆ خۆی دەنێو مەیدانی خۆڵە عەمەلەی شاردا، لە تەنەکە شکاوەکان قونجڕێکی پێکەوە نابوو، بەخواردنی پشیلان دەژیا. چوار دەورەی ئەو قونجڕەی پڕ بوون لەو قوتووە شکاوانەی پێشتر خواردنی پشیلانی تێدابوو.

ڕێگەی هاموشۆ لە زۆربەی ناوچەکانی شاردا بەسترابوو. خەڵکی ناوچەکەش بەدیار تەلەفزیۆنەکانیانەوە دانیشتبوون. بەڵام دە گۆڕەپانی شارەوانیدا ئەو هەموو حەشاماتە لەسەر نووکی پێیان وێستابوون و هۆسە و پاڵ بەیەکترەوە نان و پێ بەیەکدادانێک بوو هەر مەپرسە. وەلێ هەرگیز قسە و گلەیی ناحەزیان لە ئاست یەکدا لە دەم نەدەهاتە دەرێ. خەڵکانێکی زۆر هەبوون قەتیان لەوەپێش یەکتر نەدیبوو. کەچی ئێستا دەگەڵ یەک کەوتبوونە ئاخاوتن و لە مەڕ کابرای سەر هەورەبانێوە دەدوان.

پەیژەیەکیان بەدیواریدا هەڵنا. دەروونناسێک بەپەیژەکەدا چووە سەرێ و لە پشت بڵندگۆێڕا ڕووبەڕووی هەورەبانەکە گوتی: «ڤیلی وەرە خوارێ» وەک دەروونناسەکە دەیگوت، کێشەی ڤیلی تەنیایی بوو. بەڵام خۆ ئەگەر ئەو بهاتبا خوارێ، ئەوا ئەم کێشەیە لە ژێر چاودێری دەروونناسێکدا کۆتایی پێدەهات و چارەسەر دەکرا.

سەردەمانێکی زوو بوو دەروونناسەکان لەلایەن خەڵکەوە تۆزقاڵێکیش نرخیان بۆ دانەدەنرا، کەچی ئەوە بوو ئەلحان پلە و مەقامی خۆشەویستییان هەڵدەچووە سەرێ، ئەوانیش دە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژناماندا دەئاخاوتن و جەختیان لەسەر ئەوەی دەکردەوە کە «تەنیایی کێشەیەکی گەورەیە».

بەڵام ڤیلی لە هەورەبانێ نەهاتە خوارێ.

ژنێک بەڕێبواری بەمەیدانی بەردەم شارەوانیدا ڕابرد. لە جانتا دەستییەکەیدا دەمانچەیەکی شاردبۆوەوە و بەڕێوە بوو تا بچێ دەنکی مێردەکەی پێ بکوژێ، لە بەردەمی شارەوانی وێستا و

دەگەڵ ژنێک لەقسانەوە گلا. ڕۆژگارێکی زۆر بوو دەگەڵ هیچ کەسێ نەئاخافتبوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا لەبارەی ڤیلی ئەندەرسن و تەنیاییییەوە دەدوا، ژنە برێ بەلادا چەمییەوە و دەمانچەی بەرداوە خوارێ تا لە ئاوەڕۆی شەقامەکەوە بەربێتەوە نێو ئاوی زێرابەکانەوە.

کارگەیەکی بەرگدروون لە ماوەی سەعاتێکدا جۆرێ جلوبەرگی تازە بابەتی حەواڵەی بازاڕێ کرد. کە لەسەر سنگی جلەکان نووسرابوو: «ڤیلی تۆ تەنیا نیت». ڕۆژێک لەوە پێشتر بڕیار درابوو دەرگای ئەو کارگەیە داخرێت و چەند سەد کرێکار ڕەوانەی مەیدانی بێکاران کرابوون. بەڵام ئەو جلوبەرگە هەر زوو فرۆشران و پارە هەڵڕژا. بەو جۆرە کارگەکە ڕزگاری بوو.

قەشەیەک بەپەیژەیڕا چووە سەر سەکۆی ئاخافتن و لە بڵندگۆیڕا دەستی بەقسان کرد: خودا ڤیلی خۆشدەوێ و دینی عیسا باشترین هۆیە لە دژی تەنیایی، گەر کابرا هاتبا خوار و ئیرادەی خۆی بدایە دەستی خودێ، ئیدی هەرگیز تەنیا نەدەبوو.

ساڵ و عەییامێکی زۆر بوو خەڵکی موبالاتیان بەدینی عیسا نەدەکرد. بەڵام لە ماوەی ئەو سەعاتەیدا چەندین هەزار کەس خۆیان لە کەنیسەیدا ناونووسکردەوە.

کەچی ڤیلی ئەندەرسن لە هەورەبانێ، نەهاتە خوار.

ژن و مێردێ بەڕێوەبوون بچنە لای قازی تا ژنە تەڵاقان وەرگرێ، بەڵام کابرا تەنیاکە هەست و هۆشی لەبەر برین و سەرنجی ئەوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، پاش چەندین ساڵان، بۆ یەکەمین جار دەگەڵ یەکدی کەوتنە قسەکردن بێ ئەوەی بیکەنە شەڕ و ئاژاوە، پاش ئەوەی کاتژمێرێ لە گۆڕەپانێدا وێستان، بڕیاریاندا شانسێکی دی بدەنە ژن و مێردایەتییەکەیان و جارێ لێک دانەبڕێن.

کارگەیەکی قەوانساز بەخێراییییەکی بێ ئەندازە هەموو ڕیکۆردێکی شکاند. ماڵتانێ، لە ماوەی تاقە پاش نیوەڕۆیەکیدا قەوانێکیان تۆمار کرد کە گۆرانیبێژی بەنێوبانگی میللی «ئوتۆ گۆستاوسن» گۆرانی بەکابرا تەنیایەکەی سەر هەورەبانێ



هەڵدەگوت، بەندێکی گۆرانییەکە ئاوا بوو: «وەرە خوارێ، تۆ تەنیا نیت» خەڵکان لە ڕێزیدا وەستابوون تا قەوانەکەی بکڕن. تەنانەت پێش دوکان و بازاڕ داخستن ئەو قەوانە لە هەموو قەوانی ئەو ساڵە زێتری لێفرۆشران.

وەزیری دەوڵەت چووە سەر سەکۆیێ و دەستی بەقسان کرد و گوتی: «ئێستا وەختی ئەوەی هاتووە کە هەموو ئەندامانی دەوڵەت مەجلیسێ بگرن تا کارێک بۆ خەڵکانێکی وەک ڤیلی ئەندەرسن بکرێ «لە کاتێکیشدا دەیڕوانییە بەرزایی هەورەبانەکە، گوتی: «ئێمە بیرمان لای تۆیە ڤیلی، تۆ تەنیا نیت».

زۆر لەمێژ بوو دەوڵەت چ پشتیوانییەکی ئەوتۆی دەنێو میللەتدا نەمابوو، وەلێ وا ئێستا خەریکبوو ئەو کەلێنە پڕ دەبۆوە.

ڤیلی ئەندەرسن نەهاتە خوار.

ئەمجا ئەو کارگەیەی خواردنی پشیلانی دروست دەکرد و ساڵانێکی زۆریش کابرای تەنیا بەو خواردنەی ژیا بوو، بەهەر چوار کەناری شاردا کەوتە هەڵواسینی لافیتان: «ڤیلی شێتی خۆراکی کسنمنیە! تۆ تەنیا نیت ڤیلی..» ئیدی خۆراکی پشیلان ڕۆژی هاتێ و لە ڕادەبەدەر هاتەوە فرۆش.

ئێوارە داهات. هێشتا گۆڕەپانی بەردەمی شارەوانی لە خەڵک جمەی دەهات، گیرفانبڕێک بەوێدا هات و بێ ئەوەی هیچ کەسێ بەخۆی بزانێ پارەوپووڵی خەڵکەکەی ماشییەوە، وەلێ کاتێ بەسەرهاتی کابرا تەنیاکەی سەر هەورەبانێی بیست، هێدی گەڕاوە دواوە و بێ ئەوەی کەس چاوی لێکا، دراوی مەردمی لەگیرفانەکانیان هاوێشتەوە.

ئێوارێ درەنگانێ ماڵەپاشای تێگرامێکیان نارد کە گورج لە بڵندگۆیڕا خوێندرایەوە: «جەنابی کا ئاندەرسن، ئێمە هەموومان دە فیکری بەڕێزتاندایین».

لەمێژ بوو دەوڵەت پلانی ئەوەی دانابوو ماڵەپاشای لە دەسەڵات وەرگێڕێ، وەلێ ئیدی زوو وازی لەو پلانەی هێنرا و خرایە لاوە.

شەو داهات، مەردم لە سەراپای وڵاتدا تەلەفزیۆنەکانیان

کوژاندەوە و چوونە جێگاوە. گۆڕەپانی شارەوانی تا دەهات ساردتر دەبوو.

ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری تەلەفزیۆنەکان چوونەوە ماڵەخۆیان تا وەحەسێن. بەهەمان شێوە وەزیری دەوڵەت و دەروونناس و کابرای قەشە و پۆلیس و سەرجەمی ئەوانی دیکە گۆڕەپانەکەیان چۆڵکرد.

شەوێ درەنگانێ باران دایکرد و ئیدی تاق و تەرای ئەوانەی تا ئەودەمەی لەوێ مابوون، ڕۆیشتنەوە ماڵێ. لە کاتژمێری پێنجی سەرلەبەیانی، گۆڕەپانی بەردەم شارەوانی چۆڵ و هۆڵ بوو، کەسیش ئەو تارماییە ڕەشەی نەدی کە لە عاسمانێڕا بەربۆوە خوارێ و، ڕمب کەوتە سەر زەوی.

**چیرۆکەکەی** «نیلس سکۆ» تۆ تەنیا نیت - ١٩٧٨: بەسەرهاتێکە بەهەوێنێکی گاڵتەجاڕانە خۆشکراوە، باسی خۆکوشتنی «ڤیلی ئەندەرسن»ی پەنجاو حەوتساڵەمان بۆ دەکا. بەخوێندنەوەیەکی وردی دەقەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر جگە لەوەی هیچ لە خوێنەر ناشارێتەوە، بەڵکو چەندەیش بەسەرهاتی ڤیلی ئەندەرسەن ی بەلاوە گرنگە، هێندەش دنەمان دەدا بۆ چاودێکردنی پەرچەکردار (عکس العمل)ی کۆمەلانی خەڵک! ڕەنگە بیەوێ لەوەمان ئاگادار کاتەوە، کە لەو دیو تەماشاکردنی هەوڵدانی خۆکوشتنی «ڤیلی»یەوە بەوردیش بڕوانینە ڕەفتار و ئاکاری خەڵکەکە، تا دوا جار شتێکمان لەسەر «ئەم شارە» و لەبارەی دونیای مۆدێرنەوە لێ حاڵی ببێ، من ئەم قسەیەم وەک سەرەتایەک بەکار دێنم تا لێوەی بچمە ناو جیهانی دەقەکەی «نیلس سکۆ»وە.

***

چیرۆکەکە لە سەرەتادا نموونەی دەستەوێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگامان پێ



ئاشنا دەکا، یاخود چاکترە بگوترێ، کەسانێکی جۆربەجۆرمان پێدەناسێنێ کە نموونە و نوێنەری گرووپەکانی کۆمەڵگان: سەرەتا عامەی خەڵک، خەڵکی سادە و پۆلیسەکان و دواتریش ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و پیاوانی دەزگای تەلەفزیۆن، ئەوسا دەروونناس و سیاسی و هونەرمەند و قەشە و..

هەموو شار لەبەردەمی شارەوانیدا کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی بزانن «ئەو کابرایە کێیە؟»، «بۆچی دەیەوێ خۆی فڕێداتە خوارەوە؟»، ئیتر بەو جۆرەی دەستە دەستەی خەڵکەکە و نوێنەری گرووپەکانی کۆمەڵگا، هەموویان بەخۆیان و پێشنیارەکانیانەوە «ئامادەیی ڕەسمی» خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی «ڤیلی» بهێننە خوارەوە، لێرەیشەوە، وەک «هابرماس» دەڵێ: بەردەمی شارەوانی دەبێتە باشترین مەیدانی ئامادەبوونی ڕەسمی، بەبێ ئەوەی ڤیلی ئەندەرسن بەگوێی کەس بکا و ڕەسمییەت بەو ئامادەبوونەی خەڵک بدا!

لە شوێنە گشتییەکان و گۆڕەپانەکاندا، خەڵک پێویستییەکی زۆریان بە«سەرگەرمبوون» و سەرقاڵی هەیە. بەسەرهاتی ڤیلی ئەندەرسنیش هەر زوو تایبەتمەندی ڕووداوێک و بەسەرهاتێکی سەرقاڵکەر بەخۆیەوە دەگرێ. دیاردەی سەرگەرمیکردن لە کۆمەڵی مۆدێرندا بەرفراوانترین دیاردەیە، ئەمەش نەک بەو مانایەی ئەم دیاردەیە هەر تەنیا لەلایەن قۆشمەجار و کۆمیکارەکانەوە بەڕێوەدەچێ، بەڵکو سیاسەتمەدارانیش بەشێکی زۆری دەنگە تایبەتییەکانیان بەهۆی توانای بەپێکەنین خستنی خەڵکەوە دێننە دەست. کەواتە شتێکی ئاساییە، گەر لە هەموو چرکە ساتێکدا ڤیلی ئەندەرسنێک یان ڕووداوێکی هاوشێوەی تر ڕووبدا، تاکو ئامادەبوونە ڕەسمییەکەی خەڵک لە گرژییەکی مەترسیدارەوە بگۆڕێ بۆ ئامادەبوونێکی خاوی سەرگەرمکەر.

سەرگەرمیکردن دەبێتە ئەو بوارەی کە هەلومەرج دەداتە بوارەکانی ڕاگەیاندن، سیاسەتمەداران، پیاوە ئایینییەکان و دەروونناسەکان و ئەوانی تر، تا لە کارەکانیاندا بەردەوامبن و هەر کامەیان پارووی خۆی بپچڕێ... ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئەوان چارەیەکی ئابستراکتیان هەیە بۆ تەنیاییە

کوشندەکەی ڤیلی، بێکارییەکەی و...، بەڵکو بۆ ئەوەی «کەلوپەلەکانی» زانین ساخ بکەنەوە. هەروەکو چۆن کارگەی قەوانساز و بەرگدروویش بارودۆخی ڤیلی بەهەل دەزانن تا بەرهەمەکانیانی تیا بفرۆشن!

***

سەرهەڵدانی کەسێتی ڤیلی، ساتەوەختی سەرهەڵدانی هەموو پەرچەکردارەکانە، لە ڕاستیدا ڤیلی ڕەسمییەت بەکردەوەیەکی «سەرکوتکراو» یان پەستێوراو دەدا. خۆکوشتنی ئەو بەڕەسمیکردن و پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر هەموو ئەو وزە هاندەرانەی، کە لە دەروون و گیانی خەڵکدا بەرەو خۆکوشتن دەیانڕەتێنن و کەچی ئەوان دەیانپەستێون.. کەواتە دەتوانین بڵێین، ڤیلی خۆی دەکاتە سیمبولێک بۆ خۆکوشتنێکی بەکۆمەڵی، ئەگەرچی بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی تر ناوێرێ پێی هەستێ.. ئەم کێشە نانەوەیە بواری ئەوە دەخاتە بەردەمی هەموو دامودەزگا و لایەنە «رەسمی»یەکان، تا بێن و لە پشت بڵندگۆی ئاخاوتنەوە، توخمی باوەڕ لە دەروونی خەڵکدا بچێننەوە، بۆ ئەوەی ئەو هێزەی کەوا خەریکە بەهۆی «سەرچڵی» ڤیلی ئەندەرسنەوە دەبێتە هۆی هێزێکی ناڕەزایی دەربڕ، یاخود چاوەڕێی لێدەکرێ ببێتە وزەیەکی گرژ، خاو بکەنەوە.

«سالانێکی زۆر بوو خەڵکیی بەڕقەوە تەماشای پۆلیسانیان دەکرد، وەلێ ئێستاکێ ببوونەوە خۆشەویستی میللەت»، «ساڵ و عەییامێکی زۆر بوو خەڵکی موبالاتیان بەدینی عیسای نەدەکرد، بەڵام لەماوەی ئەو سەعاتەیدا چەندین هەزار کەس خۆیان لە کەنیسەیدا ناونووسکردەوە..»

ئیدی بەو جۆرە هەر دەزگایەک دێت و کۆمەڵێ خەڵک دەکاتە پابەندی خۆی و بەم جۆرەش لەو وزە بەکۆمەڵییە کەم دەکاتەوە، کە دەشبێت دواجار ببێتە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی دەربڕ..

چیرۆکەکە پرسیارە لە ئاستی هەموو ئەو پێشنیار و شێوازە جۆربەجۆرانەی کە کولتووری «مۆدێرن» بۆ لەناوبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان دەیخاتە بەردەستمان. بەڵام هێشتا دوا پرسیار بێ وەڵام



دەمێنێتەوە: تا چ کاتێ ئەو پێشنیارانە دەبنە هۆی سەرگەرمبوونمان؟!

ئێمە دەزانین کە هەموو لایەک دەبنە پشتیوان و لایەنگری ڤیلی ئەندەرسن، بەڵام ئەم لایەنگیرییە تەنێ لە ئاستی هەست و سۆزدا سەقامگیر دەبێ: «ڤیلی، تەنیا نیت»، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵی خەسێنراودا کەس ناتوانێ چارەسەریی بەکردەوە (عملی) یاخود چارەساز پێشنیار بکا. یاخود دەکرێ بڵێین: هەموو پشتگیریکردنە سۆزگەرایییەکانی خەڵکی، توانای بەرهەمهێنانی چارەیەکی بەئاوەز (عقلی)یان نییە. لە هەمان کاتیشدا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ژیرانە لە ئارادا نییە، کە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە: بۆچی دەتانەوێ ڤیلی ئەندەرسن خۆی نەکوژێ و لەسەر هەورەبانەکە بێتە خوارەوە؟ ئایا مەیدان و شەقامەکانی وڵات ئاسایشێکی زێتریان بۆ ژیانی وی تێدایە؟

لە گەلێک ڕووەوە پێشنیارەکانی بەردەم شارەوانی لەو پێشنیار و ڕێگا چارانە دەچن، کە ڕێکخراوە جیهانییەکان لەبەردەم خەڵکانی جیهانی سێهەمدا (بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک سۆمال، کوردستان یاخود هەرجێیەکی تر) ڕیزیان دەکەن! لە ڕاستیدا ئامادەبوونی ئەو ڕێکخراوانە لەو وڵاتانەدا، هەمان ئامادەبوونی لایەنە ڕەسمییەکانە لەبەردەم شارەوانیدا و پێشنیارە سۆزگەراکانیشیان هەمان دووبارەکردنەوەی ڕستەی «ڤیلی، تۆ تەنیا نیت!»ە. ئەو ئامادەبوونە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەرکێک «وەزیفەیەک» لە دەرەوەی شوێنی کاری ڕەسمی. هەر وەک چۆن لەبەردەم شارەوانیدا بازاڕی ساخکردنەوەی بیروڕا و کەل و پەلەکان دەخرێتە گەڕ: ئاواش لەو وڵاتانەدا بازاڕی فرۆشتنی «سیاسەت و پلانەکان» دروست دەکرێ. لەلایەکی ترەوە، کێشەی ڤیلی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خەڵکەکە بەپاکبوونەوەیەکی ڕۆحی و دەروونیدا تێپەڕ ببن، هەر وەک چۆن شەڕە نێوخۆییەکانی لای ئێمە و کارەساتە مەرگهێنەرەکان بواری ئەوە بۆ مرۆڤی ئەم دەڤەرە دەڕەخسێنن، کە لە ڕێگەی کۆمەکە مرۆڤدۆستییەکانەوە خۆیان پاک بکەنەوە. پاککردنەوە و پالاوتن بەهەمان تێگەیشتنە «ئەرستۆ»ییەکە.

تاریکی پەردەیەکی سروشتییە بەسەرماندا دەکشێ: هەر ئێوارە دادێ، شوێنە گشتییەکانیش بەهای خۆیان لە دەست دەدەن و خەڵکی بەرەو ماڵەکانیان دەڕۆنەوە، لەم کەین و بەینەدا ڤیلی جارێکی تر بەتەنێ دەمێنێتەوە، یاخود ڕاستترە بگوترێ درێژە بەتەنیایی خۆی دەدا! ئیتر لێرەوە کایەی سەرگەرمبوونەکەش نرخی خۆی لە تاریکیدا ون دەکا. سیاسی و پیاوی خودێ و پیاوانی بازاڕ و، هەموو ئەوانی تر چییان پێبکرێ دەیلێن و خیتابەی دەکەن، بۆ ئەوەی بڕوای خەڵک لە حاندی خۆیاندا پتەوتر بکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ڤیلی بهێننە خوار!

ئەو شتەی کە ڤیلی لەلای خەڵک دەبێتە هۆی ترووکاندنی بریتییە لە هەستکردن بەبەتاڵی و پووچگەرایی ژیانی ڕۆژانەیان، دووبارە بوونەوە و بێزاریی بەردەوام، بێ بڕوایی و بێ ئومێدی.. لێرەدا بیر لەو ژن و مێردە دەکەمەوە، کە بەڕێوە بوون بچن لە یەکتری جیا بنەوە و «شانسێکی تر بەژن و مێردایەتییەکەیان» بدەن. یاخود ئەو ئافرەتەی بەڕێوە بوو بۆ کوشتنی دۆستی مێردەکەی، کەچی لەپاش ڕۆژگارێ، لە قسانەوە گلا و ژێوان بۆوە.. کەواتە لە دیو ناتەباییەکانی ژینی خێزانی و لەو دیو بێ بڕوایی و لەو دیو هەموو جۆرە پەستییەکەوە، پووچگەرایی و پەستییەکی تر خۆی شاردۆتەوە. لەو نێوان پەرچەکرداری گشت خەڵکەکە و تەنیایی و پووچگەراییەکەی ڤیلی دا خاڵێکی هاوبەش هەیە، کە ڕەنگە تیری ڕەخنەی نووسەریش ئا لێرەوە ئاراستەی کۆمەڵی هاوچەرخ کرابێ: خەڵک بۆ خۆیان دەزانن کوێیان دێشێ، بەڵام کەس ڕێگەی بەخۆی نادا، یاخود توانای نییە لەبارەی ئازارەکانییەوە بدوێ، بۆچی؟ چونکە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ئاشکرا کردن و گفتوگۆ کردن لەمەڕ دەرد و ئازار و کێشە تایبەتییەکانی مرۆڤ ڕێگەی پێنەدراوە. لەبەر ئەوەی ئەمە «لاوازی» مرۆڤ پێشان دەدا! مرۆڤ دەبێ هەمیشە لوتبەرزتر و پتەوتر بێ لەوەی کە دەرد و ئازارەکانی ڕێگەی دەدەنێ. بەڵام هەرکات ڤیلی ئەندەرسنێک پەیدا دەبێ و بەڕاشکاوی بڕیاری خۆی دەدا، ئیتر هەموو ئەوانیتر وەک پێغەمبەر



تەماشای دەکەن و دەبنە پەیڕەوکار: «تۆ تەنیا نیت!» ئا لێرەوە، ئیتر ڤیلی هەر تەنیا سەرکەشێکی گەوجی سەر هەورەبانەکە نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکە بۆ پێشاندانەوەی هەموو گەوجی و توانایەکی چەپاو.

***

لەلایەکی ترەوە، بەسەرهاتی ڤیلی نەک هەر بۆ ئەو خەڵکانە مادەیەکی باشە کە لەبەردەم شارەوانیدا کۆبوونەوە، بەڵکو بۆ ئەوانەیش کە لە ماڵی خۆیاندا بەدیار تەلەفزیۆنەکانیانەوە دانیشتوون.

ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و وێنەگرەکان ئەوەیە کە چۆن لە واقیعی کێشەی ڤیلی، واقیعێکی نەمایشی دروست بکەن و ڕووداوەکە بکەنە بەڵگەنامە و دۆکیومەنت، هەروەک چۆن کابرای گۆرانیبێژ قەوانێکی دەرکرد و ماڵی پاشا مێژوویان نووسییەوە! هەورەبانەکە هێواش هێواش لەبیر دەکرێ، ئەوەی لە بیر و خەیاڵی بینەراندا دەمێنێ ئەو ڤیلییەیە کە تەلەفزیۆن پێشانی دەدا و ئەوەی کە ڕۆڵی قارەمانی فیلمێکی سینەمایی دەگێڕێ و فیلمی کارتۆنی لێدروست دەکرێ!

لە جیهانی مۆدێرن دا، لۆژیکی بازاڕ و خواستەکانی کڕیار کاکڵە و بەهای ڕووداوەکان دەستنیشان دەکا. لەم جیهانەدا هەموو شتێ بۆی هەیە بکرێتە کەلوپەل، لەراستیدا واقیع خۆی وەک ئەوەی کە هەیە چ خۆشییەکی تێدا نییە و سەرنجڕاکێش نییە Not Attractive، بۆیە دەبێ ڕووداوی سەر هەورەبانەکەش مانا واقیعییەکەی لە دەست بدا بۆ ئەوەی بەواقیعێکی سەرنجڕاکێش زاخاو بدرێتەوە. لێرەدا کەمێ لە باسەکە دوور دەکەومەوە تا بەنموونەیەکی تر لە ژیانی خۆمانەوە نزیکتر ئەم دیاردەیە ڕوون بکەمەوە:

کەسی پەنابەر لەباسکردنی کێشە گەورەکانیدا بۆ ئەوروپییەک کە سەرچاوەی زانیارییەکانی، سەرچاوەیەکی «دیداری»یە و لە ڕێی کاناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە پێیدەگا: هەردەم تووشی نامۆبوونێک دەبێ، پەنابەر نازانێ بۆچی ئەو کێشە و قەیرانەی بەلای خۆیەوە گەورە و بەنرخە،

لەلای «ئەویتر» هەمان نرخی نییە و بەهەمان شێوە شوێن سەرنج نییە، ئیتر لێرەوە بێزارییەکی هاوکات بەنامۆبوون سەرهەڵدەدا، ئێمە نازانین کە جەنگی سەرەکی لەم بوارەدا بریتییە لە جەنگی نێوان قسەکردن و تەماشا کردن لە نێوان وشە و دیمەنەکاندا. لە نێوان ڕووداوە واقیعییەکانی ژیانی خۆمان و ئەو فیلم و ڕاپۆرتانەی لەسەر ئەو ڕووداوانە بەئەویتر گەیشتوون! ئێمە وا دەزانین توانا و هێزی وشەکان لە توانا و هێزی دیمەنە زنجیرەییەکان پتەوترن و نازانین وشەکان بەدەگمەن دەتوانن ئەو چێژە بدەنە گوێگرەکانمان کە نەمایشەکان دەیدەنە بینەرەکانیان.

***

ڤیلی دێتە خوار. بەڵام نەک لە شێوەی مرۆیەکدا، ئەو دەبێتە تارمایی و ڕمب، دەکەوێتە سەر زەوی، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ دەشێ بۆ سبەی تۆمەتی ئەوەی بچێتە پاڵ کە بەردەمی شارەوانی پیسکردووە و لەوانەیە کرێی پاککردنەوە و گواستنەوەی لاشەکەی لەو میراتە جوێ بکەنەوە، کە دەشێت لە قونجڕە تەنەکەییەکەیدا بەجێی هێشتبێ!

ڕاستە بەسەرهاتی ڤیلی و چارەنووسەکەی ڕووداوێکی تراژیدیە، بەڵام هەرگیز لایەنە تراژیدییەکەی ئەم بەسەرهاتە نییە کە لە بیر دەمێنێ..

***

ئەم دەقە هێندە دەقێکی ئاسانە کە خوێنەر لە خۆی، واتە لە ئاسانییەکەی خۆی بەگومان دەکا، بەڵام ئاسانی بەمانا سادەیی نییە و هەر ئەمەشە وا دەکا بڵێین، لە ئاسانی ئەم دەقەدا نهێنییەک خۆی شاردۆتەوە، نهێنی گەورەش لێرەدا بریتییە لە هەبوونی ناوکداری و مانای ژێرەوەی دێڕەکان. هەبوونی ئەو وزە و چێژەیە کە لەژێر تۆنی ژێرەوەی مانای سادەی دێڕەکاندا چاوەڕێمان دەکا.

کەواتە دەشێت ئەم دەقە بەچەند باردا ماناکەی لێک بدەینەوە و سەلیقەی خۆمان لە شیکردنەوەیدا بخەینە کار، بەبێ ئەوەی بتوانین، یان



مەبەستمان بووبێت بەمانای ڕەها و مانای تاقانەی دەقەکە بگەین.

لە دەقی سادەدا مانای تاقانە نییە، چونکە نهێنییەکان لە ئارادان و لەو شوێنەش نهێنی ئامادە بێ، بیرو لێکدانەوەی هەمە جۆر دێتە بەرهەم. بیهێنە پێش چاوی خۆت، کاتێ لە شەوەزەنگدا گوێمان لە خشپەیەک دەبێ، ئێمە لە شوێنی خۆمانەوە ئەو خشپەیە بەچەند مانا تەفسیر دەکەینەوە؟ یەکمان دەڵێ مار بوو، ئەوی ترمان دەڵێ مرۆڤ، سێهەم دەڵێ، دوژمن و چوارەم دەبێژێ دڵدار.. کەواتە سادەیی نهێنییەک لەدەقی ئەدەبیدا بەمانای ڕوونی و دیاری ئەو نهێنییە نییە، هەروەکو چۆن ئەو دەنگەی لە شەوەزەنگدا دێتە بەرگوێمان، لە ڕۆژی ڕووناکدا مانای خۆی دەدۆڕێنێ. بەکورتییەکەی، نهێنییەکان کوڕی تاریکین، نەک تەمومژ.. تاریکی بەرەو لێکدانەوەمان دەبا، بەڵام تەمومژ سەرمان لێدەشێوێنێ.

جگە لە کەشی گشتیی چیرۆکەکە، لە گەلێک شوێنیشدا تام و چێژێکی چیرۆکی بەر ئاگردان لە ئارادایە. چونکە بونیادی بەرهەمەکە خزمایەتییەکی لەگەڵ بونیادی ئەو چیرۆکە خۆماڵیانە هەیە، کە زەینی ئێمەیان زاخاو داوە:

«سپێدەیەکیان کابرایەک..» «ساڵ و عەییامێکی زۆر بوو..» «سەردەمانێکی زۆر بوو..» هەر دەڵێی چیرۆکبێژ دەسەروکاری گێڕانەوەی داستانێکی خۆماڵیدایە.. دیارە ئەگەر بمەوێ هاوشێوەی ئەم ئاوو هەوایە خۆماڵییە لە ئەدەبی دانمارک خۆیدا دەستنیشان بکەم، ئەوە هەر زوو نێوی «هانس کریستیان ئەندەرسن، ١٨٠٥-١٨٧٥» دێنم کە دەرگای زۆربەی چیرۆکەکانی بەکلیلی دەستەواژەی لەم بابەتە دەکاتەوە.

بەڵام بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە چ سوودێکی هەیە؟

یەکەم، حەوسەڵەی چێژوەرگرتن و جوانناسیمان دەبزوێنێ. دووهەم، بوارمان دەدا، بەزوویی خۆمان لە کەشی چیرۆکەکەدا بدۆزینەوە. سێهەم، لە چاوەڕوانییەکدا ڕاماندەگرێ کە تەنیا بەخوێندنەوەی سەرجەمی دەقەکە

تێنوێتی ئەو چاوەڕوانییەمان دەشکێ، لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی نووسەر بۆ خۆی زۆر شت لەبارەی قارەمانیەکانەوە دەزانێ، بەڵام ئەوە بۆ خۆی نییە کە هانمان دەدا، یاخود پاڵمان پێوەدەنێ خەیاڵی خوێندنەوەمان بەرِارِەوێکی تایبەتیدا ببەین بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامەمان دەستکەوێ، کە لە کۆتاییەکەیدا چاوەڕێمان دەکا. نەخێر. بەڵکو ئەوە بزاڤی ئەدەبی دەقەکەیە، خەیاڵ و بیرکردنەوەمان دەخاتە گەڕ و بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە. بەکورتییەکەی ئەمە دەقێکە ئایدۆلۆژی تێدا نییە.. خاڵییە لە درۆ و دەلەسەی «قارەمانسازیی هەمەکارە» و «پاڵەوانی هەمیشە براوە» یاخود هومێدەوارییەکی ساختە.. ئەمەش نرخاندنێکی گەورەیە کە نووسەرێ بەخوێنەرەکانی خۆی ڕەوا دەبینێ.

# وەرزی گەڕانەوە

## (چەند پەرەگرافێکی پەرتەوازە)

هەمیشە وەرزێک لە وەرزەکانی تاراوگە لە نیشتیماندا خۆی دەسەپێنێت، کە بێگومان وەرزێکە لە بەهار و هاوین و لە پاییز و زستان، وەرزێکە لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە و هەندێجاریش لە هاتنە دی خەونەکان، وەرزێکە بۆ سەفەر و لەهەمان کاتیشدا وەرزی گەڕانەوەیە.

مرۆڤی تاراوگەکراو کاتێک دەگەڕێتەوە نیشتیمانی خۆی، زیاد لە نیشتیمانێکی هەیە و لێرەشەوە زیاد لە وەرزێک و زیاد لە عەشق و یادوەرییەک. تازە چیدی «نیشتیمان» بەمانا کۆنکرێتی و مێژووییەکەی مانای نیە و سنورەکانی جوگرافیا دەستنیشانی ئەو نیشتیمانە ناکات. تاراوگەکراو، لە جوگرافیایەکەوە دەپەڕێتەوە بۆ جوگرافیایەکی تر، بەڵام هەمیشە نیشتیمانی تایبەت بە خۆی لەگەڵدایە، نیشتیمانێکی فرەڕەنگ و فرەسیما، نیشتیمانێکی کۆلاژکراو لە کۆمەڵێ وڵات و شار و مرۆڤی جیاواز.. بۆی هەیە تاراوگەکراو لە شوێنێک لە شوێنەکانی نیشتیمانی دایکدا ڕاوەستێت و پڕ بە سییەکانی هەوایەک هەڵمژێ، وەلێ ئەگەر ئەو هەوایەی هەڵیدەمژێ بۆنی تێکڕای ئەو وڵاتانەی لێنەیەت کە پێیاندا تێپەڕیوە، ئەوە هەست بە ئارامبوونەوە ناکات.

لێرەوە، ئەگەر بەرزترین ستایشکردنی تاراوگەکراو بۆ نیشتیمانی دایک، بۆ نیشتیمانێک کە زمانی زگماک و خەونی گەورەبوون و یەکەمین عەشقی پێبەخشیوە، لە «گەڕانەوە»دا بەرجەستە ببێت، ئەوە هیچ گەڕانەوەیەکی تاراوگەکراو بەبێ ستایشکردنی نیشتیمانی دووەم، ئەو نیشتیمانەی زمانێکی دیکە و یادوەری و عەشقەکانی تری پێبەخشیوە، مانای نابێت. ئەخلاقی تاراوگەکراو لەوەدایە کاتێ دەگەڕێتەوە نیشتیمانی یەکەم و (بەوجۆرەش دەریدەخات ئەو ڕۆڵەیەکی بەوەفایە) لەبیری نەچێت کە پێش گەڕانەوە لە ئامێزی نیشتیمانێکی تردا بووە. نیشتیمانێک ئەوی



لەهەموو ئەو مەترسیانە پاراست کە بوونە هۆی لەدەستدانی هاوڕێ و کەس وکار و خۆشەویستەکانی. نیشتیمانی دالّدە و نیشتیمانی بەردەوامی و مانەوە..

بەم شێوەیەش، هەروەک چۆن تاراوگەبوون بریتییە لە بردنی «ئێرە» بۆ «ئەوێ»، بەهەمان شێوە گەڕانەوەش بریتییە لە هێنانەوەی «ئەوێ» بۆ «ئێرە». جوانیی تاراوگەکراو و پرۆژە شۆڕشگێڕانەکەی لەوەدایە کە لە گەڕانەوەیدا پانتایی نیشتیمانی یەکەم بە هێنانەوەی نیشتیمانی دووەم بەرفراوان و دەوڵەمەند بکا. چونکە بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ لە ماوەی تاراوگەبوونەکەیدا نیشتیمانی خۆی بزر نەکردبێ، ئەوە توانیویەتی نیشتیمانێک بدۆزێتەوە، نیشتیمانێک کە دواجار لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە. من پێموایە ئەوەی وادەکا تاراوگەکراو بەرگەی ئەو هەموو کۆژان و نۆستالیژیا و تراژیدیایانەی هەندەران بگرێت، ئەوەی لە پشت هەدادان و بەرگەگرتنیەوەیەتی، ئەو خەونەیە کە فێری دەکا لە میانەی گەڕانەوەیدا، کە نازانێت کەی و چۆن دەبێت؛ نیشتیمانێ لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە. بێگومان لێرەدا مەرج نیە مەبەستمان لە نیشتیمان مانا واقیعیەکەی بێت، بەڵکو مەبەستم لە مەجازیەتی نیشتیمانە، کە بۆی هەیە ئەو نیشتیمانە دەربڕی گەورەیی ئەو ئەزموونانە بێ کە تاراوگەکراو کۆیکردوونەتەوە.

***

هەروەک چۆن تاراوگە بەمانایەکی فراوان سەرزەمینی ئازادی و بەرەڵلاکردنی خەونەکانی نەستە، ئاواش سەرزەمینی کەڵەکەکردنی ئەزموونەکانە. ئەوەندەی مرۆڤی تاراوگەکراو لە ئەزموونەکانی ژیانییەوە فێر دەبێت و لە ڕێگەیانەوە خۆی دروستدەکا و دروست دەبێ، هیچ سیستەمێکی فێرکاری و یارمەتیدانی تاراوگەکراوەکانی هەندەران دروستیناکەن و فێریشی ناکەن. ئەزموون گەورەترین قوتابخانەیە کە تاراوگەکراو بەرزترین بەڵگەنامەی لێوە بەدەست دەهێنێ. پرچی سپی و سیمای چرچ و لۆچبوو و حوزنی دەنگی تاراوگەکراو، ئەوەندەی دەلالەت لە

زۆری و چڕیی ئەزموونەکانی دەکا، ئەوەندە بەڵگەی هەڵچوونی تەمەن و تێپەڕینی ساڵەکان نیە. تاراوگە بانگهێشتنێکی مرۆڤە بۆ ژیانێکی پڕاوپڕ و لێوانلێو لە ئەزموونی دانسقە، بۆیە ئەوەی ئەو ژیانە دەژی، لەسەر حسابی جەستە، ڕۆحی خۆی دەکڕێتەوە. بێگومان مەرج نیە تۆ لە وڵاتی یەکەمەوە بچیتە وڵاتی دووەم و ببیتە تاراوگەکراو، وەلێ تەنیا ئەو کاتەی دەبیتە تاراوگەکراو دەتوانیت ژیان بەوجۆرە بژی کە ببێتە قوتابخانەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەزموون. بەمانای ئەوەی ببێتە زەمینەیەک بۆ دروستکردنی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە تۆی تاکە مرۆڤ دەبەستێت بە مرۆڤەکانی دیکەوە و ژیان لە عوزلەتێکی دووبارە بووەوە دەکاتە بەخشندەییەکی بەردەوام. ڕەنگە تاراوگە هەموو شتێک لە مرۆڤ بستێنێتەوە و لە هەموو ئەو شتانە دابماڵێ کە ناسنامەی خۆی لەسەریانەوە دروستکردووە، وەلێ دواجار تاراوگە بەخشندەییت پێدەبەخشێت. بەخشندەیی وەک کلیلێک بۆ کردنەوەی جیهانی مرۆڤەکانی تر و لەوێشەوە بۆ چوونە ناو ژیانێکی بەرفراوانەوە. بۆی هەیە تاراوگە زمانی زگماک، ڕەگەز، ئایین و مێژووی شەخسیی خۆتت لێبستێنێت و زمانێکی دیکە و ئاین ومێژوویەکی دیکەت بەسەردا بسەپێنێت، وەلێ دواجار شتێکت پێدەبەخشێت لەهەموو ئەوانە گرنگترە کە ئەویش بەخشندەییە.

مرۆی بەخشندە، مرۆیەکە پێویستی بە زمانێکی تایبەت نیە تا لە ڕێگەیەوە بەخشندەیی خۆی بەرجەستە بکات، چونکە بۆی هەیە بەبێ بەکارهێنانی زمانیش، بەبێ بەکاربردنی وشە و دەنگیش دەربڕی ناخی پڕ بەخشندەیی خۆی بێ. بەخشندەیی دەتوانێ لە نیگا و هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانی لەشدا خۆی بەیان بکا. هەروەها مرۆی بەخشندە پێویستی بەوە نیە ئەندامی تیرەیەک، نەتەوەیەک یاخود ڕەگەزێکی تایبەت بێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەخشندەیی خۆی ئاشکرا بکا.

بەخشین هەروەک چۆن پابەندی زمانێکی تایبەت نیە، ئاواش خۆی نابەستێ بە پەیوەندی و ئینتیمایەکی تایبەتەوە.. ئەگەر یەکێک لە پاداشتەکانی بەخشین گۆڕینەوەی ئەزموونەکان بێت، ئەوە ئەزموون تەنیا لە نێوان مرۆڤەکاندا ئاوڵوگۆڕ دەکرێ، بۆیە ئینتیماکردن بە مرۆڤەوە یەکەمین



مەرجە بۆ بەخشندەیی بەبێ دەستەودامانبوون و هانا بردن بۆ هیچ هێزێکی غەیرە مرۆیی و بانمرۆیی و فریشتەیی یاخود ئەهریمەنی.. لێرەشەوە بۆی هەیە لە تاراوگە ئایینی خۆت بگۆڕیت، یان بەهێزی بکەیت یاخود وەک بەشێک لە کولتوور پەیوەندی لەگەڵدا بپارێزی، وەلێ ئایین نابێتە مەرج و هاندەر بۆ بەخشندەبوونت. چونکە ئەوەی دەستنیشانی بەخشندەیی دەکا، ترس و دەروەستی نیە لە ئاست جێبەجێکردنی کۆمەڵێ بنەما و یاسادا، بەڵکو خۆکردنەوەیەکی ڕەها و تێکەڵبوونێکی بێمەرجە بە مرۆڤەکانی تر و گۆڕینەوەی ئەزموونە لەگەڵیاندا. ئەمەش بەمانای ئەوە نیە تۆ ئیمانی خۆت لەدەست دەدەیت، بەڵکو بەو مانایەی چیدی «ئیمان» کورتنابێتەوە لە دەروەستیی مرۆڤ لە بەرامبەر کۆمەڵێ یاسادا، کە ئایینێکی تایبەتیان لێپێکهاتووە و ئەم ئایینەش سێتێک ڕەفتاری داناوە، کە دەبێت جێبەجێ بکرێن. ئەگەر یەکێک لە مژدەکانی ئیمان ڕزگاربوون بێ، ئەوە ئیمان لە تاراوگە چیدی جێبەجێکردنی کۆمەڵێ سلووک نیە کە بەلای ئایینێکی تایبەتەوە جێی پەسندن، بەڵکو هەڵبژاردنی جوانترین و واڵاترینی ئەو شێوازی ژیانەیە کە تیایدا مرۆڤ بەکەمترین ئاستی چەوساندنەوە ڕزگاری دەبێت. لە تاراوگە بۆت نیە ئیدیعایەی بڕوابوون بە ئایینێک بکەیت و لە ژیانی پراکتیکیدا پەیڕەوی لێنەکەیت، بۆت نیە لەسەر حسابی ئەو ئەرکە ئایینیانەی جێبەجێتکردوون لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کەمتەرخەم بیت و ڕەنگدانەوەیان نەبێت. بەم مانایەش ئیمان ڕەهەندێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێت و پێویستە لە ژیانی پراکتیکیانەی ڕۆژانەدا ڕەنگبداتەوە. لێرەوە فڕێنەدانی قنچکە جگەرەیەک و دەستەسڕێکی کاغەزی لەسەر جادە، بۆی هەیە هاندەرێکی ئایینی لە پشت بێت، وەلێ ئایینێک لە خزمەتی پانتایی کۆمەڵایەتی ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکاندا، نەک بۆ بەیانکردنی حەقیقەتێکی بانمرۆیی و ڕەها. تۆ دەتوانیت بە ئیمانێکی پتەو و ڕستێ ئەرکەوە کە لە ئاست ئایینێکی تایبەتدا جێبەجێتکردوون، شت فڕێدەیتە سەر شەقامەکان بەبێ ئەوەی بەر نەفرەتی یەزدان بکەویت، وەلێ مەرج نیە بەمکارەت ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنی. ئەوەی لە تاراوگە وەک دەستکەوتی مسوڵمانێک لەقەڵەم

دەدرێ، بریتی نیە لە کردنەوەی مزگەوت و حوجرە و خۆگۆشەگیرکردن تیایاندا، بەڵکو ئامادەیی چالاکانەی ئەوە لە مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانەکاندا وەک مرۆیەکی بەخشندە.

***

ئایا فێربوونی هەر زمانێک دەرگای جیهانێکی تازەمان بەسەردا دەکاتەوە؟ ئایا ئێمە لە میانەی ژیانی خۆماندا لەبەردەم جیهانگەلێکی فرەداین کە دەبێت بۆ هەریەکەیان زمانێکی تایبەت بزانین تا ڕێی ئەو جیهانەمان لەبەردەمدا بکرێتەوە؟

من لەو بڕوایەدام جیهان یەک جیهانە وەلێ دەرگاکان فرەن، بۆیە بە فێربوونی زمانێکی نوێ دەرگای جیهانێکی نوێ ناکرێتەوە، بەڵکو دەرگای چوونەژوورەوەیەکی تر بۆ جیهان دەکرێتەوە. ئەوەی دەیزانین و زۆر جار بڕوا ناکەین ئەوەیە کە جیهان گەورە و بەرفراوانە، بەڵام زەحمەتە بیناسین و پەیوەندی لەگەڵدا ببەستین. بۆیە مرۆڤ هەندێ دزە ڕێگای هەیە کە تاقییاندەکاتەوە بۆ چوونە ناو جیهانەوە و لە ڕاستیشدا بەهۆیانەوە کەمێک دەشچێتە پێش.. وەلێ کاتێ لەیەکێکیاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و نائومێد دەبێت هیچ چارەیەکی دیکەی نیە لەوە زیاتر کە یەکێکی دیکەیان تاقیکاتەوە. لەدەرگایەکی دیکەوە هەوڵی چوونە ژوورەوە بدات. هەندێجار پێویستە شاعیرانە بژین و هەندێجاری تریش مۆسیقا تێکەڵ بە جیهانمان دەکات و جارەهای جاریش تێڕامان و بێدەنگی و زۆرجاریش گریان. تاراوگەکراو ئەو مرۆڤەیە زیاد لە جارێک لەدەرگاکانی ژیان دەدات و لە دوای هەموو نائومێدییەکیش دێتەوە باوەشی شیعر و بێدەنگی گریان.

جیهان یەک جیهانە و مرۆڤ یەک جیهانی هەیە و لەناو ئەو جیهانەدا دەژی، وەلێ بۆی هەیە مرۆڤێک بەهۆی ئەو زمانانەی دەیانزانێت چەندین سیما بە جیهانەکەی ببەخشێت. لێرەدا هەندێک لە نووسەران و تاراوگەکراوەکان خاڵی هاوبەشیان لە نێواندایە: ڕەنگە نووسەرێک تەنیا یەک زمان بزانێت، وەلێ لە چەندین ژانردا تەعبیر لە جیهانی خۆی دەکات



و بەوجۆرەش بەردەوام دەبێت لە سازدانەوەی جیهانە تایبەتیەکەی خۆی بەڵام لەناو فرەیی ژانرەکان و مەوداکانی نووسیندا. سەفەری ئەو، سەفەری هەمان گەڕیدەیە کە هەرجارەی بەرگێک دەپۆشێت وەلێ ڕێگاکەی هەمان ڕێگایە. تاراوگە بەرلەوەی سەفەر بێت لەناو پانتایی شوێندا، سەفەرە لە پانتایی زماندا. هەر تاراوگەکراوێک کە زمانێکی نوێ فێر دەبێت دەرگای جیهانێکی نوێی بەڕوودا ئاوەڵا نابێ، بەڵکو لە ڕێگەی ترەوە پەی بە جیهانەکەی خۆی دەباتەوە و سەرلەنوێ کەشفی دەکاتەوە. ڕەنگە فێربوونی زمانێکی نوێ لە تاراوگە گەورەترین دەستکەوتی هەر مرۆڤێک بێت کە خۆی بە خاوەنی جیهانێکی تایبەت دەزانێت، بۆیە ئەگەر لە تاراوگەدا ڕەهەندێکی «سەرگەردانی» چاوەڕوانی مرۆڤ بکات، ئەوە تەنیا ئەو مرۆڤانە سەرگەردان دەبن کە جیهانی تایبەت بەخۆیانیان نیە.

***

ئەگەر تاراوگە ئەو شوێنە بێت کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی حەشار بدات چونکە جیاوازە، ئەوە نیشتیمان ئەو شوێنەیە کە ئێمە تێکەڵ بە پانتاییەکی بەرفراوانی لێکچوون دەبینەوە. لەتاراوگەدا هەمیشە ترسێک هەیە لە دیاربوون و ئاشکرایی، ترس لەوەی کە حەشامات ناهێڵێ تێکەڵی ببم و لەو تێکەڵبوون و هاوشێوەییەدا جۆرێ لە دڵنیایی هەستپێبکەم. مرۆڤ بە سرووشتی خۆی لە تەنیایی دەترسێ و لە تێکەڵبووندا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکا. ئەم حەقیقەتە لەلایەکەوە خەسڵەتێکی عەشق و لەلایەکەی دیکەوە خەسڵەتی تاراوگەکراوە لە گەڕانەوەیدا. عەشق ترسە لە تەنیایی و لەوەی کەس نەبێت لە گەڵیدا تێکەڵ ببین، بۆیە دڵەڕاوکێ و ترس و پەراوێزنشینی قەدەری هەموو عاشقەکانە. عاشق بەزۆر مانا مرۆڤێکە لە دانسقەیی و تەنیایی خۆی دەترسێ و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە تاکی خۆی بدۆزێتەوە و کاتێکیش دۆزییەوە هەموو شتێ بکات بۆ ئەوەی تێکەڵی ببێت و ئیتر خۆی لەو تەنیاییە ڕزگار بکات، کە ئەوی خستۆتە دەرەوەی ئەوانیترەوە و زۆرجاریش خستویێتیە بەردەم هەڕەشەی ئەوانیتر. عاشق لە سایەی عەشقەکەیدا خۆی بە تاشەبەردێکی سەنگین

دەچوێنێ کە هیچ تۆفانێک نایجوولێنێ، وەلێ لەهەمان کاتدا دەیەوێ بیێتەوە دەنکێ لم و لەناو لەپی دەستی یاردا بای هەناسیەک بیبات.

تاراوگەکراویش عاشقێکە لەبەرگەگرتن و هەدادانیا لەبەرامبەر کۆژان و چاوەڕوانی و تەنیاییەکانی تاراوگە، بەو تاشە بەردە دەچێت، کە ساڵەکانی دووری و غوربەت ڕایناماڵن، بەڵام ئەو ساڵانە هێندەی ناسک و شەففاف دەکەن و ڕۆحی دەکەنە شووشە، بەتەنیا هەڵکردنی بایەک بەسە بۆ ئەوەی تەسلیم بە فڕینێک بێ، کە «گەڕانەوە» بۆ نیشتیمان کۆتاییەکەیەتی. لێرەوە من لەو تاراوگەکراوە تێدەگەم کاتێ دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، خەم لەهەموو شتێ دەخوات و بەلایەوە بەرگریکردن لە ئاژەڵەکانی باخچەی ئاژەڵان هەمان ڕەوایەتی هەیە کە لایەنگیری بۆ کێشەیەکی نەتەوەیی و ئەتنیکی. تاراوگەکراو دەیەوێت لە گەڕانەوەیدا ببێتەوە یەکێک لەوانیتر، دەیەوێت ترسەکانی بڕەوێنەوە و لەکەنار ئەوانیتردا ببێتەوە خۆی و دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی بکات.

***

هەروەک دە ساڵ پێش ئێستا لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نوسیومە؛ ئەم بەرهەمە پتر ئەزموونی تایبەتی منە و بەهیچ شێوەیەک نایەوێت ببێتە قسەکەری ڕەسمیی گشت پەنابەر و تاراوگەکراوەکان. چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ئەم کتێبە، بەرلەوەی تیۆریزەکردنی ژیانی تاراوگە بن، گێڕانەوەی ئەو ژیانەن و لێرەشەوە بەرهەمەکە بەرلەوەی ئیدیعایەی خستنەڕووی حەقیقەتێکی بابەتیانە بکا، حەقیقەتێکی ئێستاتیکی تایبەت دەخاتە پێشچاو، ئەویش لەچوارچێوەی ئەو مەودایەدا کە «نووسین» ڕێگە دەدات حەقیقەتە ئێستاتیکیەکان بەیان بکرێن و ئەزموونەکان ببن بە دەق..

لەسەر بەرگی ئەم کتێبە نیگارێکی هونەرمەند (یوهانس هۆلبێک)م هەڵبژاردووە بەناوی «بە بەردبوون» کە ساڵی ١٨٩٤ کێشاویەتی. لەناوەڕاستی دەریایەکی ئارامدا پلەشاخێک هەیە، کە لەپەیکەری داتاشراوی پاشایەکی پیر و ماندوو دەچێت لەکاتی خەولێکەوتندا. لە



گۆشەی پێشەوەی ئەو پلەشاخە، شاژنێکی تاج لەسەری ڕەشپۆش کە دەڕوانێتە ئاسۆ دوورەکان، ڕۆنیشتووە و تەنیایی سێبەری بەسەر دیمەنەکەدا کردووە. بەمجۆرەش دەریا ئارام، پاشای بەبەردبوو ماندوو، شاژنیش خەمبار، وەلێ لە شێوەی دانیشتنی خانمی تاج لەسەر و لە تەماشاکردنەکەیدا، نائارامی و چاوەڕوانییەکی ئەبەدیی دەبینرێ.. نائارامییەک، کە ناچارمان دەکا بپرسین: ئەم شاژنە لەکوێوە گەیشتۆتە ئەم شوێنە و چاوەڕوانی چییە و بۆچی خەمبارە؟

چیرۆکی هەموو پەنابەر و تاراوگەکراوێک خاڵی نییە لەم دیمەنە و لەو پرسیارانە: ئەوان لە شوێنێک چاو دەکەنەوە کە نازانن چۆن بۆی هاتوون، دنیایەکی ئارام و هێمن دالدەیان دەدات کە ئۆقرەی تێدا ناگرن، لە زەمەنێکیشدا دەژین کە پڕە لە چاوەڕوانی و تەنیایی و ختوورەکانی دڵ. گرنگترین شت ئەوەیە تاجەکەی سەر سەریان نەدۆڕێنن و هەمیشە بەرەو دوور، بەرەو ئاسۆ دوورەدەستەکان بڕوانن. بۆیە ئەگەر لە تاراوگە و هەندەراندا جوانییەک هەبێت، ئەوە جوانیی ڕوانین و چاوەڕوانیی بەکاوەخۆی تاراوگەکراوەکانە کە هەمیشە پێماندەڵێت: شتێک وا بەڕێوەیە، ئەوە دەهێنێ چاوەڕوانیی بکەین! زۆرجار ئەو چاوەڕوانییە لە چاوەڕوانیی تاکەکەسێک دەردەچێت و دەبێتە چاوەڕوانیی سەراپای میللەتێک، میللەتێک کە نیشتیمانی خۆی لێکراوەتە تاراوگە، بەڵام جوانییەکەی لەوەدایە بە تاجەکەی سەریەوە دەڕوانێتە داهاتوو..

هەولێر: ٢٠٠٢/٧/٧

# یاداشت و سەرچاوەکان

## یاداشتی پێشەکی

١- بوارەکانی سیمۆلۆژی هاوچەرخ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە سرووشتی و ئەزموونگەرەکانی گرتۆتەوە. سیمۆلۆژی پردێکە لە ڕێگەی پرنسیپەکانی خۆیەوە توانای کارکردنی لەناو هەموو زانستەکاندا هەیە. تەنانەت «ئەمبێرتۆ ئیکۆ» نیشانەناسی گشتی (Almen Semiotik) بە«گرنگترین لقی فەلسەفە» دادەنێ. بڕوانە «گۆڤاری یەکگرتن ژمارە ١٦/١٩٩٣ ل:١٤٨» ، ئەمە جگە لە کارکردی گرنگیی سیمیۆلۆژیا لە بوارەکانی فیزیا و ماتماتیک و «تیۆری کارەسات»دا.

٢- سەبارەت بەڕۆشنبیری کورد پێشتر وتارێکم بلاوکردۆتەوە. بڕوانە خەرمانە. ژ (٣) ل:١٤-١٨ لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژیشم ئامادە کردووە لەسەر هەمان بابەت کە چاوەڕێی بلاوبوونەوەیە: تەقلیدییەتی تێکستی کوردی، ئایدۆلۆژیای تەقلید»

## یاداشتی بەشی یەکەم

١- وەلامی ئەم پرسیارانە لەو ڕاپۆرتەدا یاداشت دەکرێن کە یەکێ لە بنکەکانی پۆلیس بۆ فەرمانگەی سیاسی وەزارەتی نێوخۆیان ڕەوانە دەکا. پرسیارەکان هەموویان پرسیاری ستاندار و نەگۆڕن. پەنابەر هەرگیز بۆی نییە چاوی بەو وەلامانە بکەوێتەوە. مەگەر تەنیا لە حالەتێکدا کە هەمان فەرمانگەی نێوبراو بڕیار بدا.

٢- بڕوانە: ت. تۆدۆروف: «یا قصەای بگو، یا بمیر» ادینە مرداد ماە ,١٣٦٨ ص ,٤١

## یاداشتی بەشی دووهەم

١- دایدلۆسی هونەرمەند هەستا بەدروستکردنی باڵ بۆ خۆی و کوڕەکەی تا لە دەست «مینۆس»ی کریت ڕزگاریان ببێ. بەلام «ئیکارۆس» هێندە لە خۆرەوە نزیک کەوتەوە تا باڵەکانی هەلپڕووزان و کەوتە خوارەوە. گوایە «عباس ابن فرناس» هەوڵێکی لەم بابەتەی هەبووە!

٢- بڕوانە Ehvervskatoteket. (Politi) 1993.



## یاداشتی بەشی چوارەم

1- Lovis Hjelmslev: Omkring Sprogteorins Grondloggelse, 1934: p 21 “vosentlig set en sevstiondig enged bestaende af indre affingigfed-er, kort sagt en sruktur”

– ئەم دەستنیشان کردنە لەمنەوەیە

2- Roland Bartfes:
som man spiser
HUG! nr 48 p. 36- 28

## یاداشتی بەشی پێنجەم

Suzanne Brogger. (nej) 1975

سەرەتای بزووتنەوەی ئافرەتان لە دانمارک دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٧١، لە ساڵی ١٨٨٣ کە «یەکێتی سەندیکای ژنانی دانمارک» دامەزرا، لە ١٩١٥ دا ژنان مافی دەنگدانیان وەرگرت و لە حەفتاکاندا ئەم بزووتنەوەیە گەیشتە تەقینەوە:

Rebwar S: ny tid for kvinder, monds nye tid. 1994 (Raport om kvin-debevogdse).

2- Francesco Alberoni: Forelskelse og kerlighed; kobenhavn 1981. in-formation forlag

## یاداشتی بەشی شەشەم

Flomer L: Eksistenpsykolgi 1978. LMF. p. 37- 38

## یاداشتی خوێندنەوەکان

لەبارەی (هاینەسن)ەوە:

پەراوێزەکان:

Faerone: Udgivet Af Dansk- Faerorsk samfund 2( ) 1958- (109)

و. بنیامن: نشانەای بەرهایی ت. بابک احمدی. ج اول ١٣٦٦ تهران ص ,٢١٣ هەروەها

Harry Anarsen. tre Afnandinger om W. Heinesen 1983: s. 7

## سەرچاوەکان

W. glyn Jones: Faero og kosmos. gyldendal: 1974 (99. 4)
W Heinesen: Fra Bilecemagemes Vaerksted 1980 (72)
- Sven Havsteen Mikkelsen: Det Muntre Nord w Heinesens liv og Digtning, Centrumm: 1987 (99.4)

# فەرهەنگۆکی زاراوە بەکارهێنراوەکان

*بۆ ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکە دوو خاڵم ڕەچاو کردووە:*

*یەکەم: مانای زاراوەکانم بەو جۆرە لێکداونەتەوە کە لەم بەرهەمەدا مەبەستم بوون و کارم پێکردوون. ئەمەش مانای ئەوەیە کە، مەرج نییە خوێنەر بەگەڕانەوەی بۆ «فەرهەنگی زمان» هەمان مانای بێتەدەست؛ کە لێرەدا بۆ هەندێ لە زاراوە لە پێش چاو گیراوە.*

*دووهەم: لە ڕیزکردنی زاراوەکاندا شێوەی «ئەلف و بێ»م ڕەچاو نەکردووە. بەڵکو لاپەڕە بەلاپەڕە گەڕاوم و هەر وشەیەکم بەرچاوکەوتبێ کە لێکدانەوەی پێویست بووبێ، لێرەدا لێکم داوەتەوە.*

**دیاردە:** ئەوەی ئاشکرا دەردەکەوێ. بزووتنەوەیەک، یان هەر جموجۆڵێک لە کۆمەڵگا و سروشتدا بێتە دەرکەوتن و خودئاراییی، دیاردەکان بۆیان هەیە تەمەنێکی درێژ یان کورتیان هەبێ و شوێنی خۆیان بۆ دیاردەی نوێ چۆل بکەن.

**دیاردەگەرا:** ئەو کەسەی لەژێر فەرمانی دیاردەکان و یاساکانیدا بێ، کەسێ بەمیکانیزمی دیاردەکان موبتەلا بێ و لەگەڵ هەڵبەز و دابەزیاندا خۆی بگونجێنێ.

**دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژی):** ئەو ڕەوتە فەلسەفییەی لەبارەی دیاردەکانەوە دەدوێ و جیهان وەک گشتێکی یەکگرتوو لێکدەداتەوە. «هوسرل» لە ساڵی ١٩٠٧ دا یەکەم دەستپێشخەری بۆ وەدیهێنانی ئەو فەلسەفەیە کرد و پاشانیش هەر یەک لە هیدگر، مۆرلۆپۆنتی و سارتەر تێیدا بەشدار بوون.

**سیستەم:** ئەو «کۆمەڵە»یەی یاخود ئەو سەرجەمەی لە ئەنجامی پەیوەندی بابەتە پێکڤەییەکان دێتەدی، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و هاوکارییەی لە نێوان چەند بوار و بابەتێکدا هەیە و شێوازی کارکردنیان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵەیەک یان سیستەمێک، سیستەم زادەی تەبایی نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانێتی. «ژیانی من هیچ سیستەمێکی تیا نییە» ، خەڵکی



سوێد ژیانێکی لەبار دەژین، چونکە سیستەمێکی سیاسی چالاک ئیدارەی وڵاتەکە دەکا.

**سۆبژەکتیڤ:** خودی و تایبەت: ئەم هەڵسەنگاندنەت زۆر تایبەتییە، واتە بیروبۆچوون و ئەزموونەکانی خۆت ڕۆڵی سەرەکییان لە بڕیارەکەتدا هەیە. قسەکردن و هەڵسەنگاندنی بابەتێک بۆ پشتیوانی ڕای شەخسی.

**نیشانە:** شتێ لە بری شتێکی تر، ئەو ئەنجامەی لە هەموو «دەربڕین» و «ناواخن»ێک دێتە دەستمان، گریانی منداڵێک لە هەمان کاتدا شێوازێکی دەربڕینە کە نیشانەی «برسێتی» یاخود ئازارێکە، لەلای «بارت» ، نیشانە ئەو مانایەیە کە لە ئەنجامی هاوکاری نێوان دەربڕین و ناواخن یاخود «ناوەڕۆک» دروست دەبێ. «شوێن پێی سەر ئەم بەفرە، نیشانەی ئەوەیە کەسێ بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتووە» .

«ئەو دوکەڵە نیشانەی ئاگر کەوتنەوەیەکە» .. هتد.

**نیشانەناسی:** تیۆرییەکی زانستی و میتۆدێکی فەلسەفی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی «ژیانی نیشانەکانەوە لەناو کۆمەڵدا» مرۆڤ شتەکانی دەوروبەری خۆیی و ڕووداوەکان، وەک گوزارشگەر و نوێنەری شتی تر و ڕووداوی تر دەبینێ و لێیان تێدەگا. ئەو شتەی ئەرکی گوزارش کردن و نوێنەریکردنی شتێکی تری لەسەرە، لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا، لەلایەن بیرەوەریی مانەوە جڵەودەکرێ. بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم کە دوکەڵ نیشانەی ئاگر کەوتنەوەیە مەرج نییە پڕیشک و گڕی ئاگرەکە «ببینم» ، چونکە دوکەڵەکە لە «یاد»ی مندا بەرەو بیرکردنەوە لە ئاگرم دەبا: شەکەت و ماندوو بووم و نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم، لەپڕێکا دووراودوور ڕووناکاییییەکم بەدی کرد، تێگەیشتم لە ئاوەدانییەکەوە نزیکم، لەم نموونەیەدا ڕووناکی نیشانەیەکە ڕاستەوخۆ هێما بۆ ئاوەدانی دەکا. بەکورتییەکەی نیشانەناسی بە هەردوو مۆدێلەکەیەوە: مۆدێلی زانستی زمان لەلای سۆسێر (١٨٥٧-١٩١٣) و مۆدێلی فەلسەفی پێرس: (١٨٣٩-١٩١٤) هەوڵ دەدا لە پەیوەندی نێوان «دیار» و «نادیار» ، «ئامادە» و «ون» بکۆڵینەوە و گرنگی هەبوونی نادیار لە دیار و ئامادە لە ونبوودا سەبارەت بەژیانی مرۆڤەکان بەرجەستە بکا.

**ئەفسانە:** ئەم زاراوەیە لەلای بارت و لە کۆتایی کتێبی «میتۆلۆژییەکانی ئەمڕۆدا» (١٩٥٧) بەوردی لێی کۆڵراوەتەوە، ئەو مەبەستەی کە من لەلای بارت وەریدەگرم و لەم کتێبەدا کاری پێدەکەم دەشێت بەم جۆرە پێناسە بکرێ: «میتۆلۆژی یاخود ئەفسانەناسی ئەو گوتارەیە کە مەبەستێکی ئایدۆلۆژی لە پشتەوەیە و بەهۆی باوکردن و بەسروشتیکردنی «حەقیقەتی» خۆیەوە، کە خزمەتی ئایدۆلۆژییەکەی دەکا، گەرەکیە ڕاستییەکی گەورەترمان لێ بشێوێنێ. بەم پێیەش بەکارهێنانی زاراوەکە لەم کتێبەدا سرووشتێکی نەگەتیڤانەی پێدراوە و تەواو لەو پێناسەیە جیاوازە کە لە بەشی یەکەمی «جیهانبینی شیعری نالی»دا خراوەتە ڕوو. لەوێ ڕەهەندی مێژوویی– ئایینی زاراوەکە مەبەستی منە و لێرەش مەبەستە ئایدۆلۆژییەکەی.

**پەیام:** بڕوانە (سیستەمی ئاڵوگۆڕ)

**خۆکردنە «بابەت» ێک بۆ لێکۆڵینەوە:** من وەک «سۆبژە»یەک لەبارەی «دیاردە»یەکەوە دەنووسم کە تاراوگەیە، بەڵام من بۆ خۆشم لەناو ئەو دیاردەیە دام و لێی جیا نابمەوە. وەلێ بەو هۆیەوە کە هۆشیاری من لە ڕێگای «لێکۆڵینەوە»و ئاراستە دەبێ و ئەو لێکۆڵینەوەش بەپلەی یەکەم لێکۆڵینەوەیە لە شوێنگەی خۆم وەک پەنابەرێ، ئەوە توانیومە خۆم بکەم بەبابەتێ بۆ لێکۆڵینەوە. بەدەربڕینێکی تر دەتوانم بڵێم: سۆبژەی ئاگای من دەبێتە لێکۆڵەرەوەیەک بەسەر خۆیەوە و بەو جۆرەیش خۆی دەکاتە ئۆبژە (بابەت).

**میتۆد:** ئەو پلانەی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتێک و بەرەو پێشچوونی لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا بەکار دێنرێ.

**دیسپلینی نیشانەناسانە:** ئەو مەرج و هەنگاوانەی کە دەبێ لە کاتی کارکردن بەمیتۆدی نیشانەناسی و زاراوەکانی لەبەرچاو بگیرێن، یەکێک لە دیسپلینەکانی نیشانەناسی ئەوەیە کە سوود لە بوارە زانستییەکانی ترەوە وەردەگرێ و لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکانیدا هیچ دوگمێک ڕەچاو ناکا.

**پۆست– ڕوشدی:** زاراوەیەکی کەم بەکارهاتوو و مەبەست لە بەکارهێنانی بریتییە لە قسەکردن لەمەڕ پەنابەران و تاراوگەوە نەک هەر لە سەر ئەو ئاستەی کە



پەنابەران لە دەرەوەی کولتووری داڵدەدەرەوە هاتوون، بەڵکو لەسەر ئەو ئاستەش کە هەر لە دەرەوەش دەمێننەوە. پاشبەندی «پۆست» لەوەدا یارمەتیمان دەدا کە بڵێین ئەگەرچی نەوەی دووهەم و سێهەمی پەنابەران لەناو خودی وڵاتانی داڵدەدەریشدا لە دایک بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەکێکی نا ئەوروپییان هەیە، ئەوە دەکەونە بەر هەمان ئەو تێڕوانینەی لەسەر پەنابەران کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئارادایە.

**توندوتیژی سیمبولی:** ئەو توندوتیژی و زەبرەی نەک لە ڕێگەی لێدانی ڕاستەوخۆی جەستە و لاشەوە، بەڵکو لە ڕێگەی دەروونی و ناڕاستەوخۆوە کار دەکا، سەبارەت بەو گەنجە پاکستانییەی لە دانمارک لە دایکبووە و هەرگیز پاکستانی نەدیوە، دەشێت ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئەم کۆمەڵگایەوە لەبەر ڕەنگی مووی یاخود بنەچە پاکستانییەکەیەوە بەهەمان شێوە زەبروزەنگاوی بێ کە لە پاکستان خرابێتە بەندیخانەوە لەبەر ئەوەی ناتوانێ وەک پاکستانییەک وا بێت.

**ئەنترۆپۆلۆژی کلاسیک:** زاراوەی ئەنترۆپۆلۆژی کلاسیک ئەمڕۆ بۆ ئەو قۆناغەی تەمەنی کۆمەڵناسی بەکار دەبرێ، کە کۆمەڵناسان تیایدا دادوەرێ بوون بەسەر کولتووره جۆربەجۆرەکانەوە. گۆشەی دید و مەعریفەی خۆیان دەکردە شایەت و تەرازوو بۆ بڕیاردان لەسەر «باشە» و «خراپە»ی کولتوورەکانی تر.

**وێنا:** ئەو لێکدانەوە زەینییەی لە کاتی دیتنی شتێکدا یاخود ناوهێنانی بابەتێکدا چالاک دەبێ، یان بەجۆرێ دێ: ئەو «یاد»ەی بەهۆی ناوهێنانی بابەتێکەوە یاخود هەر شتێکی ترەوە لە زەیندا ئاکتیڤ دەبێ. چالاکییەکی زەیینی بۆ وەپێشچاوهێنانی شتێک یان ڕووداوێک و دروستکردنی وێنەیەکی زەینی لەسەری.

**میکانیزم:** یەکەیەکی سیستەمی خۆکار، ئەو بزاڤە خۆکارانەی بەشەکانی هەر دەزگایەک پێی هەڵدەستن، (بڕوانە سیستەم).

**ئاڵوگۆڕ:** سادەترین پێناسەی ئاڵوگۆڕ ئەوەیە بگوترێ ئاڵوگۆڕ سیستەمێکە، بەڵام بۆ ئەوەی هەر سیستەمێکی ئاڵوگۆڕ کردن کار بکا، پێویستیمان بەنێرەرێک هەیە کە پەیامێک لە ڕێگەی «کۆد»ێکی تایبەتەوە بۆ وەرگرەکانی دەنێرێ

بەمەرجێ وەرگر بتوانێ کۆدەکان بخوێنێتەوە.

نێرەر ← پەیام ← وەرگر

کۆد

**کۆد:** ئەو یەکەیەی مانایەکی تایبەت دەداتە دەربڕینێکی تایبەت. من ئەم دێڕانەم بەکوردی دەنووسم، هەر وشەیەک کە بەکاریدێنم دەربڕینێکە و بۆ کەسێکی شارەزا بەزمانی کوردی مانایەکی تایبەتییان هەیە. ئەو کەسە دەتوانێ «کۆد»ی نووسینەکەم بکاتەوە و پەیامەکەم وەرگرێ چونکە، دەربڕینەکانم بەزمانێکی هاوبەشی کولتوورییە.

**کولتوور:** ئەو زانیاری و یاسا و نرخە هاوبەشانەی کۆمەڵە خەڵکێک پێیان قایلن و دەبنە دەربڕی شێوازی ژیان و ئاکاریان، زمان و کۆدە هاوبەشەکان لە گرنگترینی ئەو پێکهاتە کولتوورییانەن، بەلای «ئۆمبێرتۆ ئیکۆ»وە نیشانەناسی بریتییە لە توێژینەوە لە کولتوور وەک مەودایەکی ئاڵوگۆڕکردن. کولتوور کۆی هەموو ئەو بەهایانەیە کە میللەتێک خاوەنیانە.

**ئەویتر:** تەنیا بەمەبەستی ئەویتری کولتوور بەکارمهێناوە، واتە ئەویترێ کە دەکەوێتە خانەی کولتوورێکی جودا لەوەی «من – ئێمە» خاوەنین و، لێرەیشەوە «کۆد»ی پەیامەکانی جیاوازن لە هینەکانی ئێمە.

**شیکاری:** سەرجەمی ئەو مەرجانەی دەبێ بۆ خوێندنەوەی بابەتێک لەبەرچاو بگیرێن و لە ڕێگەیانەوە کاری تێگەیشتن لەو بابەتە یاخود دیاردەیە ئاسان بکرێ، کە دەگوترێ ئەم قسەیە بنەمایەکی شیکاری هەیە، مەبەست ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بەو «ئەنجام»ەی لە قسەکە دایە، ڕەچاوی هەلومەرجە شیکارییەکان کراوە و قسەی گیرفان نییە.

**میتۆلۆژیست:** ئەو کەسەی لە ژێر دەسەڵاتی میتۆلۆلییەکاندایە و بڕوای پێیانە. پەیڕەوکاری ئەو حەقیقەتە دەستکردەی کە ئەفسانەکان بەرهەمی دێنن. (بڕوانە: ئەفسانە)

**فەندەمەنتالیست:** زاراوەی فەندەمەنتالیست زاراوەیەکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە و زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکار دەبرێ کە سەختگیر و دۆگمایی بیر دەکەنەوە.



لە خۆرئاوا ئەم زاراوەیە نەفرەتکارانە بۆ باسی ئەو بزووتنەوەیە بەکار دەبرێ کە لای خۆمان پێی دەگوترێ «ئسوولیەتی ئیسلامی».

**بەگشتیکردن:** لێرەدا بەو مانایە بەکارهاتووە، هەرکات بەشێکمان کردە پارسەنگ بۆ سەرجەمێک و دانەیەکمان کردە نوێنەری کۆمەڵێک، ئەوە پەیڕەویمان لە بەگشتیکردن کردووە. بەگشتیکردن ئەنجامی هەڵەی زۆر دەدا بەدەستەوە و بەزۆری لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکار دێنرێ، کە ناتوانن بەڵگە و سەنەدی گونجاو بۆ بۆچوونەکانیان بخەنە ڕوو.

**نەریتخواز:** کەسێ پەیڕەوکاری نەریت و دەستووره دێرینەکان بێ، ئەو کەسە ناتوانێ بەعەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای جیهان و دەوروبەری خۆی بکا و هەر لەبەر ئەوەش بەتوندی خۆی لەناو بۆچوونە کۆنەکاندا دەشارێتەوە. جۆرێک لە فەندەمەنتالیزم لە بواری ژیانی ڕۆژانەدا.

**ڕەوشتامێز:** ڕەوشتئامێز= اخلاقی.

**سۆسیۆلۆژی:** زانین لەمەڕ کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. (زانستی کۆمەڵایەتی).

**نەریتپەرست (ترادشیۆنالیست):** نەریتپەرستی جۆرێکە لە «داوای لێبوردن» بۆ ئەوەی مرۆڤ تا ئەبەد بتوانێ گەمژەییەکانی خۆی دووبارەکاتەوە. نەریتپەرست ئەو کەسەیە تا ئەبەد شانازی بەگەمژەییەکانییەوە دەکا.

**فیمینیزم:** بزووتنەوەی ئافرەتان بۆ وەدەستهێنانی مافی یەکسان لە بەرامبەر پیاودا «خوێندنەوەی ئافرەتانەی دنیا».

**ئیسولەیشن:** گۆشەگیری و خۆ دوورخستنەوە لە دەوروبەر، کەسێ نەتوانێ بەشداری لە سیستەمێکی ئاڵوگۆڕدا بکا. (بڕوانە سیستەمی ئاڵو گۆڕ).

**ئەوتۆرێتە:** زەبرکار و زەبر دۆست، ڕەفتاری دیکتاتۆرانە و تاکڕەوانە. پەیڕەوکردن لە بیروڕای تاکەکەسی و سەپاندنیان بەسەر دەوروبەردا بەزۆری دەسەڵات.

**سایکۆلۆژیای ڕەفتار (بیهاڤۆریزم):** ئەو ڕەوتە سایکۆلۆژییەی گەرەکییە لە ڕێی وردبوونەوە لە ڕەفتاری مرۆڤ، پەی بەدەروونی ببات. ڕەوتێکی ئەمەریکی سایکۆلۆژییە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەلایەوە بەپلەی یەکەم دێت، بۆ تێگەیشتن لە ناوەوەی خودی ئەو مرۆڤە.

**ڕێنیسانس:** ئەو تەوژمە کولتوورییەی لە ١٤٠٠وە بەرەو ساڵانی ١٥٠٠ بەناوی «دووبارە لە دایکبوونەوەی ئەنتیک» درێژ بووە و سەری هەڵدا. تەوژمێ کە هەموو بوارە کولتوورییە شارستانییەتی گرتەوە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

**لە بواری ڕەخنە و هزردا:**

- **نووسین و بەرپرسیاری** ١٩٩٧، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری بینین، ئەمەریکا.
- **سۆفیستەکان** ١٩٩٨، چ١ ستۆکهۆڵم، چ٢ سلێمانی دەزگای سەردەم ٢٠٠٠
- **دنیای شتە بچووکەکان** ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- **کتێبی نالی** ٢٠٠١، دەزگای موکریانی، هەولێر.

**بەرهەمی ئەدەبی:**

- **گۆرانییەک بۆ گوندە سووتاوەکان** (شیعر)١٩٨٩ کۆپنهاگن.
- **کۆپنهاگن!** (شیعر) ١٩٩٤ کانون فرهنگ ایران، کۆپنهاگن.
- **من و مارەکان** (کۆمەڵە چیرۆک) ١٩٩٩ سلێمانی، مەڵبەندی لاوانی میدیا.
- **زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال** (شیعرە کوردی و فارسییەکان) ٢٠٠٠، سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.

**وەرگێڕان:**

- **ئەفسانەی خۆشەویستی** (سەمەد بهرەنگی) ئەفسانە چیرۆک، سلێمانی(١٩٨٣)، چاپخانەی سەرکەوتن.
- **پایسکل دز** (ڤیتۆریۆدیسیکا) ١٩٨٤، هێشتا چاپ نەکراوە.
- **گۆرانییەکانی خەییام** (سادق هیدایەت) ١٩٨٧ هێشتا دەستنووسە.
- **دەنگی پێی ئاو** (سهراب سپهری) چ١، ١٩٨٩، چ٢، ١٩٩٠ کۆپنهاگن.



- **در آمدی بر شعر معاصر کردی** (وەرگێڕانی بەرهەمی ١٧ شاعیری کورد بۆ زمانی فارسی) ١٩٩٠، کۆپنهاگن.
- **پیدرۆپارامۆ** (ڕۆمان) خوان ڕۆڵفۆ. (بەهاوکاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، ١٩٩٩،سلێمانی .
- **دایکم هەرگیز جوان نەبوو!** (شیعری ڕەزا فەرمەند) لە فارسییەوە بەهاوکاری ڕەزا فەرمەند، دەستنووسە ٢٠٠٠، کۆپنهاگن.
- **دەروازەکانی کۆمەڵناسی** (د. مەنوچهر موحسینی) لە فارسییەوە بەهاوکاری کۆمەڵێک وەرگێڕ، ٢٠٠٢ هەولێر، دەزگای موکریانی.
- **ئەلبوومی کیژی جنۆکان** (چیرۆکی منداڵان لە دانمارکییەوە) ٢٠٠٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی.